# جولانەوەی خەلیل خۆشەوی

## لە ئەرشیفەکانی بەریتانی و تورکی و عێراقدا

د. بژار عوسمان ئەحمەد & ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل

بەرهەمی هاوبەشی

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆی سۆران

٢٠٢٢

- **ناوی کتێب:** جووڵانەوەی خەنیل خۆشەوی لە ئەرشیفەکانی بەریتانی و تورکی و عێراقیدا
- **نووسینی:** د. بژار عوسمان ئەحمەد & ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل
- **هەڵەچنی:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک.)
- **دیزاینی ناوەڕۆک و بەرگ:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک.)
- **شوێن و ساڵی چاپ:** هەولێر ٢٠٢٢
- **چاپخانە:**
- **تیراژ:** ٢٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (....) ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە.**

**سوپاس بۆ:**

خودای گەورە، کە توانا و تەندروستییەکی باشی پێبەخشین، تا ئەم کتێبە بنووسین.

**پێشکەشە بە:**

- دایک و باوکی خۆشەویستمان
- خوشك و براكانمان

# پێرست


- پێشەکی: ٣
- بنەماڵەی خەلیل خۆشەوی و پەیوەندییان لەگەڵ شێخانی بارزان: ٩
- ڕۆڵی خەلیل خۆشەوی لە جوڵانەوەی شێخ ئەحمەدی بارزانیدا: ١٥
- سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەی خەلیل خۆشەوی: ٢٥
- کاری هەواڵگری حکومەت بەسەر چالاکییەکانی خەلیل خۆشەوی، لەکاتێکدا بارزانییەکان لەتورکیا بوون: ٢٩
- هەڵوێستی حکومەتی عێراقی بەرامبەر خانەوادەی شێخانی بارزان لە ڕۆژگاری بزووتنەوەی خەلیل خۆشەوی دا: ٣٣
- پێکدادانی نێوان هێزەکانی پۆلیس و لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی: ٣٩
- دامەزراندنی پۆلیسی ئانیزامی و پێشنیازی چەکدارکردنی محەمەد ئاغای مێرگەسۆر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جوڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی: ٤٩
- هەماهەنگی نێوان حکومەتی تورکیا و عێراق لەدژی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرانی: ٥٥
- ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی: ٦٥
- پەنابردبردنی خەلیل خۆشەوی بۆ خاکی ئێران: ٧٣
- مەرجەکانی موتەسەریفی موسڵ و قایمقامی زێبار بۆ بارزانییەکان: ٧٧
- دانوستانی خۆبەدەستەوەدان لەنێوان خەلیل خۆشەوی و حکومەتی عێراقیدا: ٨١
- چوونی خەلیل خۆشەوی بۆ ناوچەی هۆزی ڕێکانییەکان و کوژرانی: ٨٣
- چارەنووسی لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی و سەرکردە (عەبدوڵلا کرکەمۆیی) لەدوای نەمانی خەلیل خۆشەوی: ٨٩
- ئەنجام: ٩٣

- لستی سەرچاوەکان: ٩٥
- پاشکۆیەکان: ١٠٣
- دەربارەی نووسەران: ------------------------------ ٢٩٥

## پێشەكی

هەمیشە گوتومانە مرۆڤ بەر لەوەی كارێك بكات، پێویستە بیر لە ئامانجی كارەكە و ئەنجامەكانی بكاتەوە، ئەگەر هاتوو ئامادەی قبوولكردنی ئەنجامەكان و ئەو پێشهاتانە بوو كە بەهۆی كارەكەیەوە تووشی دەبێت، با ناوی خودای لێ بهێنێت و دەست بە ئەنجامدانی بكات، چونكە زۆر باوەڕمان بەو گوتەیەی زانای گەورەی كورد: مامۆستا سەعیدی كوردی نورسی (بدیع الزمان) هەیە كە دەڵێت: «بسم الله سەرەتای هەموو كارێكی خێرە». بێگومان هەر كارێكیش بە ڕەزامەندی خودای گەورە بێت و بە بسم الله دەست پێ بكرێت، خودای گەورەش بەرەكەت دەخاتە ناو ئەم كارە و پلە و پایەكەی بەرز دەكاتەوە. ئێمەش لە سەرجەم كارەكانی ڕۆژانەماندا، پشتمان بە خودای گەورە بەستووە و هەموو هەوڵە زانستی و لایەنە كانی تری ژیانیشمان بۆ ڕەزامەندی خودای گەورە ئەنجام دەدەین.

لەبارەی ئەم كارەی ئێمەوە كە بە دۆكیۆمێنت و بەڵگەنامە و ڕۆژنامە فەرمییەكانی وڵاتانی عێراق و توركیا و بەریتانیا پشت بەستووە، وایكردووە ئەم كتێبەی خەلیل خۆشەوی لە بواری توێژینەوەی زانستی مێژوویی‌دا، سەنگ و بایەخی زیاتری هەبێت. هەرچەندە هەندێك كەس پێیان وایە كەوا ئەرشیف و بەڵگەنامەكانی وڵاتان هیچ كاریگەرییان لەسەر دەربڕینی ڕاستی مێژووی گەلان بە گشتی و مێژووی كورد بەتایبەتی نییە، بۆ وەڵامی ئەم قسەیە پێمان وایە: ئەم جۆرە بیركردنەوە لە نەزانی و نەشارەزایی لەبارەی نووسینەوەی مێژوو و بەڵگەنامەوە سەرچاوەی دەگرێت، چونكە ئەمە شتێكی ڕوون و ئاشكرایە، هەموو نووسراوێكی نێودەوڵەتی و فەرمانێكی شاهانەیی ئەم یان ئەو وڵاتانە، لەبارەی كوردانەوە نووسراوە، جا هەر لە كۆشكی پاشایەتی و كونسلخانەكان و باڵیۆزخانەكان و باڵیۆز و كونسوڵ و سیخوڕ و دیپلۆماتكارەكانەوە بێت، جێگای گفتوگۆیە، بەڵام دەبێت ڕاست بێ و نابێت هیچ هەڵەیەكی تێدا بێت، چونكە ئەگەر سەیر بكەین زۆربەی ئەو فەرمانبەرانەی لەم شوێنانەدا كاریان كردووە، یاخود كار دەكەن، دەبێت كەسانی باوەڕپێكراو و قبوولكراو بووبن، لەلایەن دەوڵەت و یەكەی هەواڵگری وڵاتەكەوە، دەوڵەتەكان لەسەر بنەمای ئەو ڕاپۆرت و نووسینانەوە، سەبارەت بە كوردستان و هەر شوێنێكی تر سیاسەتی خۆیان دادەڕشت، هەر بۆیە ئەگەر ڕاپۆرت و نووسینەكانیان لەدژی وڵاتەكەی خۆشیان بووایە، دەبوو بەوپەڕی ڕاستییەوە بینووسن و ئاماژەی پێ بكەن، تاكوو دیپلۆماتكار و ڕاوێژكارە گەورەكانی وڵاتەكەی سیاسەتێكی زیرانە دابڕێژن لە ناوچەكە و ئامادەكاری بۆ هەموو پێشهاتێك بكەن و هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دا بن، هەموو باروودۆخێك بخەنە خزمەتی

بەرژەوەنـدی وڵاتەکەی خۆیـان، هەر بـۆیە هەر دیپلۆماتکارێـک یـاخود سـیخوڕێک یـاخود فەرمانبەرێک کە لەم شوێنانە کاری کردبێت، دەبێت بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کـاری کردبێـت و ڕاسـتییەکان بگەیەنێـتە سـەرووی خـۆی، ئەگەر یـش بچـووکترین کەموکـوڕی و شـێواندن لە بەیانکردنی ڕاستییەکاندا هەبـوو بێـت، ئەوا بە خیـانەتی گەورە هەژمـار کـراوە، چـونکە ئەم شـێواندنە دەبێـتە هـۆی بەهەڵەدا بردنـی وڵاتەکەی، سـەرەنجام وا دەکـات سیاسـەتێکی نـا لۆژیکی و هەڵە دابڕێژن.

هۆکاری نووسینی ئەم کتێبە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تـاکوو ئێسـتا کتێبێکـی بەڵگەنـامەیی لەبـارەی خەلیـل خۆشـەوی نەبیـنراوە، لە کاتێکـدا لەنێـو ئەرشـیفەکانی وڵاتانـدا زۆرتـرین دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامە لەبارەی خەلیـل خۆشـەوییەوە هەیە، بەڵام ئەوەی بـۆ ئـێمە گـرنگە بتوانین ڕاستی پێگە و کەسایەتی خەلیل خۆشـەوی و چالاکییەکـانی بـۆ خـوێنەرانی بەڕێـز و ئەوەی دوای خۆمـان بەیـان بکەیـن، چـونکە هەر میللەتێـک مێـژووی خـۆی و خـاکەکەی و مێژووی سەرکردە و قارەمانەکانی نەزانێت، ئەوا لەدەستدانی جوگرافیاکەشی دەبێتە کـارێکی ئاسایی.

**کێشەی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەگەرچـی لێـرە و لەوێ، چەنـد لێکـۆڵینەوەیەک لە نـاو بابەتەکانیانـدا باسـی خەلیـل خۆشــەوییان کــردووە، بەڵام تــاکوو ئێســتا لێکــۆڵینەوەیەکی بەڵگەنــامەیی تــایبەت بەم ســەرکردەیە ئەنجــام نەدراوە، هەنــدێکیش لە لێکۆڵینەوەکــان لەوانەیە بە ئاراســتەیەکی زانستیانە و بێ لایەنانە نەنووسرابن، ئەمەش وایکردووە هەندێک تێڕوانین و بڕیـاری دوور لە ڕاستی ڕووداوەکان لەبارەی خەلیـل خۆشـەوییەوە بـدرێت. بێگومـان کەسـایەتییەکی گرنگـی وەکوو خەلیل خۆشەوی شایەنی لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەیی گرنگە، چونکە هەرکەسێکیش مێژووی خۆی و میللەتەکەی بە باشی نەزانێت، لە بڕیاریدان دا تووشی هەڵە دەبێت.

**پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

لە چوارچێـوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەمانـدا، هەوڵ دەدەیـن، وەڵامـی ئەم چەنـد پرسـیارەی خوارەوە بدەین:

یەکەم// ئایـا جـووڵانەوەکەی خەلیـل خۆشـەوی بزووتنەوەیەکـی سـەربەخۆ بـوو؟ یـاخود درێژکەرەوەی شۆڕشی یەکەمی بارزان بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەدی بارزان بوو؟

دووەم// پـێگە و مێـژووی خەلیـل خۆشـەوی چییـە، لەنێـو لایەڕەکـانی ئەرشـیفی تورکیـا و

بەریتانیا و عێراق؟

سێیەم// ئایا جوولانەوەی خەلیل خۆشەوی تەنیا کاریگەری لەسەر حکومەتی عێراقی هەبوو؟ یاخود لەسەر وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتیش؟

**ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە چەند ئامانجێک ئەنجامدراوە، لە گرنگترینیان:

یەکەم// دەرخستنی جوولانەوەکەی خەلیل خۆشەوی کە درێژەپێدەری شۆڕشی یەکەمی بارزان بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەدی بارزان بوو.

دووەم// پیشاندانی پێگە و مێژووی خەلیل خۆشەوی، لەنێو لاپەڕەکانی ئەرشیفی تورکیا و بەریتانیا و عێراقدا.

سێیەم// ئاماژەکردن بە کاریگەری جوولانەوەی خەلیل خۆشەوی لەسەر حکومەتی عێراقی و وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم کتێبە لە چەند ڕێکەوە گرنگە، کە بریتین لە:

یەکەم// یەکەم کتێبی بەڵگەنامەییە تایبەت بە بزووتنەوە و چالاکییەکانی خەلیل خۆشەوی یە، کە هەوڵمان داوە بەوپەڕی زانستی و بێ لایەنانە کاری لەسەر بکەین.

دووەم// ئەم کتێبە بە شێوازێکی زانستی و ئەکادیمییانە و دوور لە هەستی دەمارگیری نەتەوەیی و هۆزایەتی، کەسایەتی خەلیل خۆشەوی پیشان دەدات، ئەویش بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتە عوسمانییەکان.

**بەربەستەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە:**

هەموو کارێکی زانستی، هەندێک بەربەست و سەختی بۆ دروست دەبێت، ئێمەش لە کاتی نووسینی ئەم پەرتووکەدا، کۆمەڵێک بەربەستمان هاتە پێش، بەتایبەتی نەبوونی سەرچاوەی پێویست لەبارەی خەلیل خۆشەوییەوە، هەروەها زۆربەی ئەرشیفەکان لە بەغدا و ئەنقەرە و لەندەن هەبوون کە بە ئاسانی دەستمان بەو شوێنانە نەدەگەیشت، لەگەڵ کارکردن و خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان و جیاکردنەوەیان لەیەکتری بۆ دۆزینەوەی ئەو بەڵگەنامانەی کە ئارگومێنتەکەی ئێمە دەسەلمێنن، کارێکی قورس بوو، دۆزینەوەی کتێب. سوپاس بۆ خودا لە کۆتایی دا توانیمان سەرکەوتوو ببین بەسەر ئەم چالێنجەدا.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

سەبارەت بە میتۆدی زانستی ئەم کتێبە، پشتمان بە چەند میتۆدێکی زانستی بەستووە، لەپێش هەموویان میتۆدی مێژوویی و خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەقی بەڵگەنامەکانی بەریتانی و تورکی و عێراقی، وەکوو سەرچاوەی یەکەم لەبارەی خەلیل خۆشەوی، هەروەها پشتمان بە بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکانی تری وەکوو لێکۆڵینەوە زانستییەکان و تێزە ئەکادیمییەکان و کتێبەکان بەستووە کە لێرە و لەوێ باس لە خەلیل خۆشەوی دەکەن، هەروەها پشتمان بە مێتۆدی مێژووی زارەکی، چاوپێکەوتنی کەسانی نزیک لە ڕووداوەکان و شایەتحاڵی بابەتەکان بەستووە.

**لە گرنگترین ئەو سەرچاوە سەرەکییانەی لەم بارەوە بە کار هێنراون:**

مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١ ١٩٥٨، و: سەعید ناکام، دهۆک، ١٩٩٨، هەروەها کتێبی: هاشم شێروانی، دەڤەرا بارزان (جوگرافیا، دیرۆک، کەلتور)، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٢٦٧ ٢٦٨. کە نموونەی گرنگی ئەم توێژینەوەیەن، هاوکات چەندین سەرچاوەی تریش کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ڕیزبەند کراون، لە گرنگترینیان: (أيوب بارزاني، المقاومة الكردية لاحتلال ١٩١٤ ١٩٥٨، دار النشر حقائق المشرف، جنيف، ٢٠٠٢؛ حسن مصطفى، البارزانيون والحركات بارزان (١٩٣٢ ١٩٤٧)، بغداد؛ بەدر ئیسماعیل شیرۆکی، بارزان مایکرۆمۆدیلی کیانێکی سەربەخۆ) کە بەگشتی ئەمانە زانیاری بەسوودیان لەبارەی خەلیل خۆشەوی و بارودۆخی دەڤەری بارزان لەو سەردەمیدا خستووەتە بەردەستی ئێمە.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین، ئەم کتێبە هەوڵێکی زانستیانە و ئەکادیمییانەیە بۆ هەڵدانەوەی هەندێک لاپەڕەی نەبینراو و نەخوێنراوی تایبەت بە خەلیل خۆشەوی و جووڵانەوەکەی، تاکوو لەڕێگەی ئەم دەستنووس و بەڵگەنامانەوە، بتوانین بەشێکی مێژووی بارزان و ناوچەکە لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٢ ١٩٣٦ بۆ خوێنەرانی بەڕێز بەیان بکەین، هەروەها ئەم کتێبە بکەین بە سەرەتایەک بۆ گەڕان و دۆزینەوەی زیاتر لەبارەی خەلیل خۆشەوییەوە، تاکو زۆربەی ئەو بەڵگەنامە نەزانراوانەی لەبارەی ناوبراوەوە هەن، بکەین بە وانەیەک بۆ نەوەکانی ڕابردوو.

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە نووسینی ئەم کتێبەماندا پێی گەیشتووین، بریتین لەوەی کە خەلیل خۆشەوی و بنەماڵەکەی پەیوەندییەکی بەهێزییان لەگەڵ شێخەکانی بارزان هەبووە. بەتایبەتی خودی خەلیل خۆشەوی یەکێک بووە لە کەسە هەرە نزیک و متمانە

پێکراوەکانی شێخ ئەحمەدی بارزان. هەروەها خیانەتی (کەلحێ ئاغا) لە خەلیل خۆشەوی بووە هۆی کوژرانی، کە ناوبراو سێ جار خیانەتی لە خەلیل خۆشەوی کردووە، یەکەم: بەڵێنی پێ داوە کچەکەی بداتێ، بەڵام نەیداوە. دووەم: بە هاوکاری حکومەت هێرشی کردووەتە سەر گوندەکانی ژێردەستی خەلیل خۆشەوی لە دەڤەری مزووری باڵا. سێیەم: ئاشکراکردنی شوێنی خۆ حەشاردانی خەلیل خۆشەوی بۆ حکومەتی عێراقی لە پێناو پێدانی بڕێک پارە. هەروەها ئەنجامێکی تری ئەم توێژینەوەیەمان بریتییە لەوەی کە حکومەتی بەریتانی هێندەی گرنگی بە خەلیل داوە بەهۆی کوژرانی پۆلیسێکی ئاشووری، هێندە لەبەر سەرکوتکردنی جووڵانەوەیەکی کوردی لەناو خاکی عێراقی نەبووە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە پێمان دەڵێت، جووڵانەوەی خەلیل خۆشەوی درێژەپێدەری شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزانە و بەڵگەنامەکان پیشانی دەدەن کە هەمیشە بە ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی شێخ ئەحمەد جووڵانەوەکانی لە کوردستانی دیوی تورکیا و عێراق ئەنجام داوە.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین کە ئەم کارەی تیمەش وەکوو هەر کارێکی تری زانستیانە بەدەر نابێت لە هەڵە و کەموکوڕی، بەڵام هیوادارین توانیبێتمان خزمەتێکی بچووکی مێژووی درەوشاوەی ئەم سەرکردە خەباتگێڕەی کورد بکەین و ڕاستییەکان و کار و چالاکییەکانی بە پشت بەستن بە بەڵگەنامەکان بۆ هەموو کەسێک بەیان بکەین.

**د. بژار عوسمان ئەحمەد & ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل**

**٢٠٢٢-٥-٧**

## بنەماڵەی خەلیل خۆشەوی و پەیوەندییان لەگەڵ شێخانی بارزان:

سەبارەت بە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی ناوبراو، خەلیل کوڕی خوشەوی ئاڤدیش عومەر عیسا یە، لە ساڵی ١٩٠٦ لە گوندی (سێلکێ) لە ناوچەی (مزووری باڵا[1] بارزان) لەدایکبووە، ناوبراو جێگای متمانەی هۆزی مزووری باڵا بووە، کەسێکی عەرە نزیکی شێخ ئەحمەد بارزانی بووە، یەکێك بووە لەو کەسانەی کە شێخ پشتی پێ بەستووە.[2] کەسێکی لێهاتوو و چاونەترس بووە لە شەڕکردندا.[3] لە ساڵی (١٩٣٦) لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە لەگەڵ (سەلیم) ی برای دەکوژرێن و سەری خەلیل خۆشەوی لە لاشەی جیا دەکرێتەوە.[4]

ئەگەر ئاوڕێک لە خەباتی بنەماڵەی خەلیل خۆشەوی بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت ئەم بنەماڵەیە لە سەردەمی (ئاڤدیش عودیش) ی باپیری (خەلیل خۆشەوی)یەوە، چوونە پاڵ بنەماڵەی شێخانی بارزان لە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا، باپیری خەلیل (ئاڤدیش) موریدی شێخ محەممەدی باوکی شێخ ئەحمەدی بارزان بووە، سەردانی بارزانی

---

[1] مزووری: عەشیرەتێکی گەورەی کوردین، هەر لە کۆنەوە ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە ناوچەکانی میرنشینی بادینان، تەنانەت ئەولیا چەلەبی لە کتێبەکەیدا (سیاحەتنامە) لە باسی ئاکرێ دا، باسی مزورییەکان دەکات و بە سەنجاقێکی سەر بە میرنشینی بادینان ناوی دەبات. مزوورییەکان بریتین لە دوو بەش، مزووری باڵا و مزووری ژێری، ئەرگۆشییەکانیش سەر بە مزووری باڵان. تەنانەت مەزاری شێخ عدی کوڕی مسافر و شێخ نورالدین بریفکانی لە ناوچەی مزورییەکاندایە، هەندێک سەرچاوە پێیان وایە مزوورییەکان عەشیرەتێکی ئاشوورین بەناوی (میسوری). صدیق الدملوجي، الیزیدیة، (طبع الثاني، ٢٠١٠)، ٥٦٢؛ Evliya Çeleb, Evliya Çeleb, Seyahatnamesi, Topkapı Sarayı Kütüphanesi (Awliya Chalabi Travel Book in the Topkapı Sarayı Library), book IV. (İstanbul: Topkapı Palace), 305.

[2] سەفا جاف، شۆڕشی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەیلول و هەیبەتی ئەسعەد خۆشەوی، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٣٧.

[3] زبیر بلال اسماعیل، ثورات بارزان ١٩٠٥-١٩٣٥، أربیل، ١٩٩٨، ص ١٥٤.

[4] سەفا جاف، س.پ، ل٣٧.

کردووە بڕوای تەواوی بە (تەکیە و هزر و بیر و بۆچوونەکانی بارزان) هەبووە، بەتایبەتی لە بابەتەکانی خوداناسی و چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکاندا.[1]

لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی دووەم، کە لەدوای باوکی (شێخ محەممەد) دەسەڵاتی بارزانی گرتووتە دەست، باوک و مامی خەلیل (خۆشەوی و عیسا) پەیوەندییان بە بارزانەوە کردووە و، لەسەر ڕێچکەی باوکی خۆیان بەڵێن و سۆزی خۆیان بۆ بارزان نوێ و دووپات کردووەتەوە، هەر بۆیە خۆشەوی ناوچەی مزوری باڵا بە بارزانەوە دەبەستێتەوە و، ملکەچی خۆی و ناوچەکەی بۆ بارزان پیشان دەدات، هەروەها دەبێتە یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی بارزان لە دژی عوسمانییەکان. لە کاتی هێرشی عوسمانییەکان بۆ سەر بارزاندا، خۆشەوی باوکی خەلیل بەرگرییەکی بێ وچان دەنوێنێت، لە یەکێک لە شەڕەکانی عوسمانییەکاندا براکەی خۆشەوی (عیسا) دەکوژرێت.[2]

لە سەردەمی شێخ ئەحمەدی بارزان، کوڕە گەورەکەی خۆشەوی بەناوی (خەلیل) لەپاش کۆچی دوایی خۆشەوییەوە بە پاڵپشتی هۆزەکەی خۆیەوە (مزوری باڵا) دەبێتە سەرۆکی هۆزەکە و دەبێتە کەسێکی دیار و لێهاتوو وەک سەرکردەیەک لەناو ڕیزەکانی شۆڕشگێڕان دژی حکومەتی عێراق و بەریتانیا.[3] دەردەکەوێت کە بنەماڵەی خەلیل خۆشەوی لە زووەوە پەیوەندییان کردووە بە بارزان و شێخانی بارزان، هەروەها بوونەتە جێگای متمانەیان و توانیویانە هۆزی مزووری باڵا ببەستنەوە بە بارزان و ببن بە نوێنەری هۆزەکەیان لەلایەن شێخانی بارزانەوە.

هەر بۆ ئەمەش بەڵگەنامە بەریتانییەکان لەبارەی کەسایەتی خەلیل خۆشەوی و پابەندبوونی بە شێخ ئەحمەدی بارزانەوە پیشان دەدەن، کە دەڵێت:«خەلیل خۆشەوی: ئاغایەکی پێشەنگی هۆزی مزوری باڵایە. بە تەواوی لەژێر کاریگەری شێخ ئەحمەدی بارزان بوو و بەشداری کرد لەو هێرشەی کە کرایە سەر شاری ئامێدی لە ساڵی ١٩٢٣. بە پشتیوانی هۆزی ڕێکانییەکان کەوا حکومەت پاڵپشتی دەکردن، ئەوا زۆرێک لە گوندەکانی مزووری باڵا

---

[1] سیامەند محەمود سێلکی، کاروانی سەرفرازیی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١٠.

[2] سیامەند محەمود سێلکی، س.پ، ل١٦-١٨.

[3] هـ.س، ل٣٠.

کە سەر بە خەلیل خۆشەوی بوون سووتێنران. خەلیل تەمەنی نزیکەی ٢٠ ساڵ بوو. پەیوەندی باش نەبوو لەگەڵ محەممەدەمین ئاغا، کە سەرۆکێکی تر بوو لە هۆزەکەدا».[1]

لە ڕاپۆرتێکی تری هێزی سەربازی بەریتانیدا ئاماژە بۆ دووبەرەکی نێوان بەرەی خەلیل خۆشەوی و ئاغایەکی تری مزورییەکان بەناوی (محەممەد ئەمین ئاغا) دەکات و ئاماژە بە گوێڕایەڵی خەلیل خۆشەوی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزان دەکات، هەروەها چەند زانیارییەکمان لەبارەی هۆزی مزووری بڵاوە پێ دەدات و دەڵێت:

[1] Military report on Iraq. Area 9 (Central Kurdistan) [141r] (286/394), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/MIL/17/15/46, p.326.

## مزووری باڵا

| ٥ | | | ٦ | | ٧ |
|---|---|---|---|---|---|
| پیاوی چەکدار | | | تفەنگ | | تێبینی |
| ئەسپ | پیادە | سەرجەم | نوێ | کۆن بەڵام چاک دەکرێتەوە | |
| - | ٥٠٠ | ٥٠٠ | ٣٠٠ | ٥٠ | دانیشتوو و کشتوکاڵ و شوان کاری، ئەوان میوە بەرهەم دەهێنن بە بڕی زۆر.<br>ئایین – سوونی<br>یەکگرتوویی ناوخۆیی – زۆر لاواز، محەممەدەمین ئاغا و خەلیل خۆشەوی دۆستایەتییان نییە لەبەر دوژمنداریيەکی کۆن. تیمار ئاغا و خەلیل خۆشەوی ڕکابەری یەکترن. لەم دەڤەرەدا سەرۆکێکی ڕاستەقینە بوونی نییە چونکە هەموو کەسێک لەژێر فەرمانی شێخ ئەحمەدی بارزان دایە. هەر کاتێک کاریگەری ئەو نەمێنێت محەممەدەمین ئاغا دەبێتە سەرۆک. خەلیل ئەو دڵسۆزترینیانە بۆ شێخ ئەحمەدی بارزان، ئەوانی تر تەنیا لە بەر ترس گوێڕایەڵی ئەو دەکەن.<br>پەیوەندییە دەرەکییەکان – دوژمن داری هەیە لەگەڵ کەلحێ ئاغای هۆزی ڕێکانی هەروەها لەگەڵ هۆزی نێروەیی.<br>هەڵوێستی سیاسی - بەپێی فەرمانی شێخ ئەحمەدی بارزان، ئەگەر بە تەنیا بەجێ بهێڵرێن ئەوا بێدەنگن، بەڵام پێویستە بە دژبەری چاوەڕوانکراو هەژمار بکرێن.<br>توانای شەڕکردن - جەنگاوەری بەناوبانگی باشن لە گردەکان، باش چەکدار کراون بە زەخیرەیەکی بە بڕی مام ناوەند.[1] |

[1] Military report on Iraq. Area 9 (Central Kurdistan) [141r] (286/394), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/MIL/17/15/46, p.259.

هەرچەندە پێ دەچێت تەمەنی خەلیل خۆشەوی لە (٣٠) ساڵ گەورەتر بوو بێت، چونکە بەگوێرەی سەرچاوەکان (٣٠) ساڵ تەمەنی بووە، بۆیە ناتوانین ساڵی (١٩٠٦) بە ساڵی لەدایکبوونی خەلیل دابنێین، لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی کارەکانی خەلیل خۆشەوی لە ڕاپەڕینی (شێخ ئەحمەدی بارزان) دا لە تەمەنەکەی گەورەتر دێنە پێش چاو، جگە لەمەش، ساڵی لەدایکبوونی زۆرینەی بارزانییەکانی ئەو سەردەمە لە پێناسەی کەسێتیاندا بە هەڵەیەوە تۆمارکراون، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دام و دەزگای میری لەو سەردەمە لە ناوچەکەیاندا.

ئەگەرچی خەلیل خۆشەوی وەکوو خزمایەتی، هیچ خزماتییەکی لەگەڵ بارزاندا نەبووە، لەدوای کوژرانی خەلیل خۆشەوی، ئەوا براکەی (ئەسعەد خۆشەوی) شوێنی دەگرێتەوە، لە سەردەمی ئەودا خزماتییەک دروست دەبێت لەگەڵ بنەماڵەی بارزان، کچەکەی خۆی (موعتەبەر) دەداتە ئەوەی شێخ عەبدولسەلامی دووەم (عەبدولواحید ئیبراهیم).[1]

ئەم پەیوەندییە لەدوای نەمانی خەلیل خۆشەویش هەر بەردەوام بوو، بەڵکوو دوای ئەوەش کوڕێکی خەلیل بەناوی (خۆشەوی) لەگەڵ وەکوو یەکێک لە بارزانییەکانی تری ئەو کاتە دەچێتە مەهاباد و لە بەرگریکردن لە کۆماری کوردستاندا گیانی دەسپێرێت.[2]

[1] ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل، ناوچەی بارزان لەنێوان ساڵانی ١٩٣١-١٩٤٦ (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)، ماستەرنامە/ بڵاونەکراوە، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، ٢٠١٠، ل٨١.

[2] ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە ٦٢، ٣٦/ رجب/ ١٣٦٥.

## رۆڵی خەلیل خۆشەوی لە جووڵانەوەی شێخ ئەحمەدی بارزاندا:

جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی درێژکەرەوەی ڕاپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزان[1] بوو، دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقی بە هاوکاری هێزی ئاسمانی بەریتانیا توانیان (شێخ ئەحمەد) ناچار بکەن لەگەڵ چەند خێزانێکی بارزانییەکان لە حوزەیرانی ۱۹۳۲ دا بەرەو خاکی تورکیا بڕۆن، لە ئەنجامدا حکومەتی عێراقی بە هاوکاری بەریتانیا توانیان کۆتایی بە جووڵانەوەکەی بهێنن.[2] بارزانییەکان بە پێشەوایەتی (خەلیل خۆشەوی) وەک یەکێک لە ناودارترین لایەنگرەکانی شێخ ئەحمەد بەردەوام بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە حکومییەکان لە ناوچەی بارزان.[3]

لە سەر فەرمانی شێخ ئەحمەدی بارزان، بەر لە ڕۆیشتنی بۆ ناو خاکی تورکیا، هێزێکی (۲۰۰ - ۳۰۰) چەکداری، وەک هێزێکی پێویست لە لایەنگرەکانی خۆی لەسەر سنوور هێشتەوە، لە نێو گوندەکانی هۆزی گەردی دا، کە ئەویش بە سەرکردایەتی سێ سەرکردەی لێهاتوو، لەوانە: (خەلیل خۆشەوی، ئەحمەد نادر[4]، عەبدوڵلا کرکەمویی[5]).[6] هەروەها لە کاتی

---

[1] شێخ ئەحمەدی بارزان: لە ساڵی ۱۸۹۶ لە بارزان لەدایکبووە، ناوبراو لە دوای لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزانی دەبێتە جێنشینی برا گەورەکەی و پەرە بە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان عەشیرەتەکانی بارزان و جووڵانەوەی سیاسی کوردی دەدات لە ناوچەکە دا. هەر بۆیە دەبینین بەردەوام حکومەتی عێراقی و دەوڵەتی تورکیا مەترسییان لێی هەبووە. بڕوانە: بژار عوسمان ئەحمەد & ڕۆژ عەبدوڵلا عادل، ئەرگوش لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی و بەریتانی دا، هەولێر، ۲۰۲۰، ل۱٦۱.

[2] أحمد محمدأمین قادر، موقف مجلس النواب العراقي في القضية الکردية في العراق ١٩٢٥/١٩٤٥، السليمانية، ٢٠٠٧، ص ١٥٢.

[3] عزيز حسن البارزاني، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق ١٩٣٩-١٩٤٥، اربيل، ٢٠٠٢، ص ٤٠.

[4] ئەحمەد نادر: یەکێکە لە سەرکردە بەناوبانگەکانی بارزانییەکان لە هۆزی شێروانی، لە ڕاپەڕینی شێخ ئەحمەد دا بەشداریکردووە، یەکێک بووە لە یاوەرانی شێخ ئەحمەد بۆ ناو خاکی تورکیا، لە پاش لێبوردنی گشتی بارزانییەکان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بارزان، دواتر پەیوەندی بە

جێهێشتنی ناوچەکانی بارزان لەلایەن شێخ ئەحمەدەوە، ئەوا هێڵێکی بەرگری لە دوو بەرەی جیادا لە ناوچەکانی بارزان دانا، تاکوو خێزانە بارزانییەکان بە ناوچەکە دا تێ دەپەڕن بۆ ناو خاکی تورکیا[3]، هەر بەرەیەک لە زیاتر لە (٥٠) چەکدار پێک دەهات، بەرگری بەرەی (مێرگەسۆر ڕواندز)ی دایە دەست (ولی بەگ)، هەروەها بەرگری بەرەی (بارزان ئاکرێ)ی دایە دەست (خەلیل خۆشەوی)، ئەم دوو هێزە زیانێکی زۆریان گەیاندە هێزەکانی سوپای حکومەتی عێراقی لە کاتی بەرەو پێش هاتنی سوپای عێراقی بۆ ناوچەکەیان، دواتر حکومەتی عێراقی هانای بردە بەر هێزی ئاسمانی بەریتانیا بۆ یارمەتیدانیان، چونکە لە بۆسەی ئەم دوو هێزەی بارزانییەکان دەترسان.[4]

---

بزووتنەوەی خەلیل خۆشەوییەوە کردووە، بووەتە بەرپرسی بەشێک لە هێز و لایەنگرەکانی خەلیل خۆشەوی لە شاخی (گۆڤەند) دا، لەم شاخەدا سەنگەر دادەمەزرێنێت بەرامبەر هێزی تورکی و عێراقی، لە ئەیلولی ساڵی ١٩٣٥ لە شەڕێکی بەرگری هێزی هەر دوو وڵاتدا گیانی لەدەستداوە، لە هەمان شاخ دا بە خاک دەسپێررێت لە لایەن هاوڕێکانییەوە، ئەمانی لە ڕێزی بەرگریدا کاریگەری زۆر دەنوێنێت بەسەر لایەنگرەکانی خەلیل خۆشەوی دا. بۆ زانیاری زیاتری دەربارەی (ئەحمەد نادر) بڕوانە: کافي سلمان مراد الجادري، موقف الحكومة العراقية من القضية الكردية في المرحلة الأولى من عهد الاستقلال، بغداد، ٢٠٠٩، ص ١١٥.

[1] عەبدوڵڵا کرکەمویی: ئەویش یەکێکە لە سەرکردە بەناوبانگەکانی بارزانییەکان لە هۆزی شێروانی، وەک ئەحمەد نادر پەیوەندی بە بزووتنەوەی خەلیل خۆشەوی دەکات بەردەوام دەبێت لە بەرگری کردنی ناوچەی بارزان شان بەشانی خەلیل خۆشەوی تاکوو خەلیل شەهید دەکرێت، دوای خەلیل چەند مانگێک لە کارەکانی بەردەوام دەبێت، تاکوو ٣/ ٧/ ١٩٣٦ خۆی دەداتە دەست هێزەکانی حکومەت. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (عەبدوڵلا کرکەمویی)، بڕوانە: کافي سلمان مراد الجادري، موقف الحكومة العراقية من القضية الكرديه في المرحلة الأولى من عهد الاستقلال، بغداد، ٢٠٠٩ ، ص ١١٥.

[2] مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨، و: سەعید ناکام، دهۆک، ١٩٩٨، ل١٧.

[3] لە ساڵی (١٩٣٠) بە دوا تا دەگاتە کۆتایی ساڵی (١٩٦٣) بارزانییەکان ڕووبەڕووی چەندان هەوڵی پاکتاوکردن و هەڵتەکاندنی ڕیشەیی بەرنامە دار دەبنەوە. ئەگەر پێش ئەم مێژووە، هەوڵەکانی لەناوبردن زێدە تر لۆکاڵی و خێڵەکی بووبن، ئێ لە سەردەمی نوێی پاش داگیرکەریی و دامەزراندنی چوار دەوڵەتی نەتەوەی ڕەگەزیی نەتەوە پەرست و شۆڤێنی بوو. بۆ ئەم بابەتە زیاتر، بڕوانە: بەدر ئیسماعیل شبرۆکی، بارزان مایکرۆمۆدێلی کیانێکی سەربەخۆ، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٨، ل٢٠٢.

[4] زبیر بلال أسماعیل، م. س، ص١٥٥.

هەر لەو بارەیەوە لە بەڵگەنامەیەکی کۆماری تورکیادا لە ڕێکەوتی ٢١ ٥ ١٩٣٢ ئاماژە بـۆ ئەوە دەکات کە لە دوو قـۆڵەوە حکـومەتی عێراقـی ئامـانجی هێرشـکردنە سـەر ناوچەکـانی بارزان و شێخ ئەحمەدی بارزانی هەیە، بەتایبەتی لە کاتی ڕۆیشـتنی شـێخ ئەحـمەد بـۆ نـاو خاکی تورکیا، هەر بۆیە لە بەیاننامەیەکی فەرمی سەرۆکوەزیرانی عێراقی (نووری سەعید) بۆ باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا، ئەویـش لەڕێـگەی وەزیـری دەرەوەی تورکـیاوە بە سـەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕاگەیەنراوە، جگە لەمەش داوای گەڕاندنەوەی شێخ ئەحمەدی بارزان و لایەنگرەکـانی دەکات. ئەمەش ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکەیە: «وێنەیەک لە نووسراوێکی کۆد کـراو (شـیفرەدار) بە ژمـارە ٥٤٦، لە ڕێکەوتـی ٢١ ٥ ١٩٣٢، ئەمـڕۆ سـەرۆکوەزیران (نـووری سـەعید پاشـا) لە بەیاننامەیەکیدا بۆ ئێمە (بـاڵیۆزی تورکیـا)، لەدوای ڕووداوەکـانی بـارزان، لەم چەنـد ڕۆژەی داهاتوودا هەڵمەتێک بە ئاراستەی باکووری ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوای گونـدی بەرزەوە (بەرزێ) ئەنجام دەدەن، هەروەها لە باکووری ڕۆژهەڵاتی گوندی بـارزانەوە تـاکوو سـنووری تورکیـا کە لە دەوروبەرەکـانی گەڤەنـد (چیـایی گۆڤەنـد) دەیانەوێـت بـپەڕنەوە، بـۆ ئەمەش داوای لێکردووین سنوورەکانمان بەهێزتر بکەین، هەروەها داوای لێکردووین کە ئەگەر (شـێخ ئەحمەد و لایەنگرانی) لە بارزانەوە بە سەرکەوتوویی بپەڕنەوە دیـوی تورکیـا، ئەوا ڕادەسـتی حکومەتی عێراقی بکەینەوە، کە بۆ ئەمەش منەتبـاری دەوڵەتـی تورکیـا دەبێـت.. فەرمـان لە سەرۆکوەزیرانەوەیە».[1]

ئەم هێزانەی بارزانییەکان بوونە مایەی نیگەرانی حکومەتی عێراقـی، چـونکە هەریەک لە (مەلا مستەفا) و براکەی (شێخ محەممەد سدیق) و (وەلی بەگ) لەگەڵ (خەلیـل خۆشـەوی) چالاکیان دەنواند لەنزیک سنووردەوە.[2] لە ناوچەکەیاندا لە بنکەکانی پۆلیسـیان دەدا[3]، کـە ئـەم بنکانەش لەدوای ڕۆیشتنی شێخ ئەحمەد بـۆ تورکیـا، حکومـەتی عێراقـی توانیبـووی دروسـتی بکات.[4]

هەر لەبارەی چالاکییەکانی خەلیل خۆشەوی و مەترسییەکانی بۆ سەر حکومەتی عێراقـی، ئەوا دەبینین بەڵگەنامە تورکییەکان ئاماژە بە براکانی شێخ ئەحمەد بـارزانی (مەلا مسـتەفا و شێخ محەممەد صدیق) وە بە لایەنگرانـی شـێخ ئەحـمەد دەکـات کە هـاتوونەتە نـاو خـاکی

[1] T.C.١٠٠-٧٤١-٣٥٩-٠٠١-٠٠١-٠١١-٠-٠٣١.

[2] حسن مصطفى، البارزانيون وحركات بارزان، ط٣، د.م، ١٩٨٣، ص٤٧-٤٨.

[3] أحمد محمدآمين قادر، م. س، ص ١٥٢.

[4] آمين سامي الغمراوي، قصه الأكراد في شمال العراق، القاهرة، ١٩٦٧، ص ٣٠٢.

تورکیا و لەگەڵ ئەمەش دا لە ناوچەکانی سەر سنوور و لەناو خاکی عێراقدا چالاکی ئەنجام دەدەن و مەترسییان بۆ سەر سنوورەکانی نێوان تورکیا و عێراق دروست کردووە. هەر وەکوو لە ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکەشدا دەڵێت:

**کۆماری تورکیا**

**وەزارەتی دەرەوە**

**دووەمین بەڕێوەبەرایەتی گشتی**

**دووەمین ژوور**

**بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران**

لە ئەلەگراف نامەیەکی باڵیۆزمان (باڵیۆزی تورکیا) لە بەغدا دا، کە لە وەزیری دەرەوەی عێراقەوە چەند زانیارییەکی پێگەیشتووە، لەوانە براکانی شێخی بارزان (شێخ ئەحمەد) و لایەنگرەکانی هاتوونەتە گوندی (خەیلگرانە)، هەندێک لەوانەش ناوە ناوە دێنەوە ناو خاکی عێراق و ئاژاوەگێڕ (ئەشقیایی) ئەنجام دەدەن، هەروەها مەترسی بۆ سەر سنوورەکانی نێوان عێراق و ئێران دروست دەکەن، بۆ ئەمانەش دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکانی هەر دوو لا هاوکارییانن، بۆیە وەزیری دەرەوە داوای هاوکاریکردن لە ڕێگریکردنی بارزانییەکانی لێ کردین. بۆ ئەمەش وەزارەتی ناوخۆ و سەرۆکی ئەرکانی هەواڵگری دەوڵەتمان ئاگادار کردووەتەوە.

**وەزیری دەرەوە**[1]

**٤-١-١٩٣٣**

خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی چەند جارێک بەسەر بنکەکانی پۆلیسی ناوچەی بارزانیان دادا، هەر بۆیە پۆلیسی عێراقی ناچاربوون بنکەکانیان لە بارزانەوە بگوازنەوە بۆ شوێنی تر، هەر وەکوو لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیدا بە کۆدی ('File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294) لە لاپەڕە (٤)دا دەڵێت: «بۆ چەند مانگێک بەڕێوەبەرایەتی لە ناوچەی بارزان برا بۆ ڕێگایەکی داخراو بەهۆی چالاکییەکانی

[1] T.C. 030102589425

خەلیـــل خۆشـــەوی و شـــوێنکەوتووانی، کەوا ســـەلمێنرا کە پـــۆلیس توانـــای مـــامەڵەکردن (ڕووبەڕووبوونەوە)ی لەگەڵیاندا نییە».[1]

هێشتنەوەی ئەم هێزە لەسەر سنوور بە فەرمانی (شێخ ئەحـمەد بـارزانی)، دوور بینـی و تێڕوانینـی ئەو بـووە بـۆ ئاینـدەی خـۆی و بارزانییەکـان لە نـاوچەکەدا، چـونکە بیـری لەوە کردەوە ئەگەر ئەوان بچنە ناو خاکی تورکیـا و، هـیچ هێزێـک نەمێنێـت لە نـاوچەی بـارزان لەبەردەم حکـومەتی عێراقـی بوەسـتێتەوە، ئەوا حکـومەتی عێراقـی زۆر بە ئاسـانی و بە ئارەزووی خۆی خەڵکی ناوچەکە لەناو دەبات، بگرە لە کوشتن و گواستنەوەیان لەسەر زێـدی خۆیان و هێنان و نیشتەجێکردنی خەڵکانێکی تر بۆ ناوچەکەیـان ئەنجـام دەدات، هەر بـۆیە شـێخ ئەحـمەد بیـری لە پێویسـتی هەبـوونی ئەم هێـزە کـاریگەرە کـردووەتەوە کە وەکـوو هەڕەشـەیەک بێـت بـۆ سـنووری هەر دوو وڵات و لە کـاتی پێویسـتدا بەکـاری بهێنێـت. سـەرەنجامیش هەر وای کـرد و ئەم هێـزە ڕۆڵـی خۆیـان بینـی لە ڕووداوەکـانی ئەو کـاتی سنووری تورکیا و عێراقدا.

خەلیل خۆشەوی یەکێـک بـووە لەو کەسـانەی لەگەڵ (شـێخ محەمـمەد سـدیق) لەسـەر داوای حکـومەتی عێراقـی بـۆ دانوسـتان و بە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی کێشـەی نێـوان بارزانییەکان و برادۆستییەکان چووبوونە قایمقـامیەتی قەزای زێبـار (بلـێ). ئەم بانگهێشـتنەی شێخ محەممەد سدیق ئەخشە و پیلانـی حکـومەت بـوو دارشـتبوو بە مەبەسـتی چـۆڵکردنی بارزان لە چەکداران، بۆ ئەوەی فەرمان داری سوپای عێراقی (عەقید بەرقـی بەگ) بە ئاسـانی دەست بگرێت بەسەر بارزان و شێخ ئەحـمەد دەسـتگیر بکـات، بەڵام حکـومەت نەگەیشـتە ئامانجەکەی خۆی، بەڵکوو لەبەرامبەردا (شێخ محەممەد سدیق) کاتێـک بە هێرشـکردنە سـەر گوندی بـارزانی زانـی، بەپەلە هێزێکـی لەبەردەم سـنووری برادۆسـتییەکان بە سـەرکردایەتی (حەسو محەمـمەد ئەمـین بێرسـیاڤی) دانـا و تـوانی قایمقـامی قەزای زێبـار لەگەڵ هەشـت پۆلیس دەست بەسەر بکات و لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە بارزان، لە کاتی هێنانیـان بەرەو بـارزان یەکێـک لە پۆلیسـەکانی قایمقـام لەنزیـک گونـدی (بێـدارون) هەوڵـی ڕاکردنـی دا، لەلایەن بارزانییەکان تەقەی لێ دەکرێت و لە ئەنجامدا گیانی لەدەست دەدات، ئەم پۆلیسـەش تـاکە پۆلیس بوو لەناو پۆلیسەکانی دەست بەسەر کرا و بە ئایین مەسـیحی (ئاشـووری) بـوو، هەر بۆیە بەریتانیا لەبەرامبەر ئەمەدا داوای ئەوەی کرد (خەلیل خۆشەوی) ڕادەسـتیان بکرێـت و

---

[1] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.4.

تاوانبار کرا بەوەی کە بە ئەنقەست پۆلیسە مەسیحییەکەی کوشتووە.[1] بۆ ئەمەش بەڵگەنامە بەریتانییەکان ئاماژە بە کوژرانی پۆلیسێکی ئاشووری دەکەن و خەلیل خۆشەوی بەم کوشتنە تاوانبار دەکەن، خودی بەڵگەنامەکەش دەڵێت: «حکومەتی عێراق ئاگاداری خەلیل خۆشەوی و شوێنکەوتووە یاخیی بووەکانی کردەوە کەوا ئەوان ئامادەن بۆ بەخشینی دەخاڵەت بۆ هەریەکە لە خەلیل خۆشەوی و شوێنکەوتووەکانی. سەرەڕای ئەمەش خەلیل خۆشەوی ئاگادار کراوەتەوە کەوا ژیانی پارێزراو دەبێت. تاکوو ئێستا وەڵامەکەی زانراو نییە. بە بیرمان دێتەوە کەوا خەلیل خۆشەوی دوور خراوەتەوە لە مەرجەکانی ئەو خۆبەدەستەوەدانەی کە خراوەتە ڕوو بۆ سەرکردەکانی بارزان لە ساڵی ١٩٣٢ و ١٩٣٣، چونکە ئەو پۆلیسێکی ئاشووری کوشتووە کەوا دیل بووە لە دەستی ئەودا».[2]

تەنانەت بەڵگەنامە بەریتانییەکان ئاماژە بە ڕۆڵی خەلیل خۆشەوی لە جووڵانەوەکەی شێخ ئەحمەدی بارزان دەکەن، کە لە پێکدادانێکدا برایەکی خەلیل خۆشەوی و سێ لایەنگری کوژراون، هەر وەکوو بەڵگەنامەکە دەڵێت «دوای بە دوادا گەڕانی درێژخایەنی خەلیل خۆشەوی، لەگەڵ دوا کەسە ماوەکانی لە هێزەکان، کەوا لە ساڵی ١٩٣٢ کۆیانی کردبووەوە لەژێر دروشمی شێخ ئەحمەدی بارزان، لە بە یەک دادانێکدا لەگەڵ پۆلیسی عێراقی، خەلیل لە ڕێکەوتی ٣ی ئادار تەقەی لێ کرا، بەمەش لە ئەنجامدا برایەکی خەلیل لەگەڵ سێ کەسیتر کوژران، هەروەها شەش کەسیتر دەستگیر کران. ئەم سەرکەوتنە دەرەنجامی جووڵە هەماهەنگ کار یەکان بوو کە ئەنجامدران لەلایەن هێزە سنوورە عێراقی و تورکەکان، کەوا کۆتایی هێنا بە مانۆڕە دڵخوازەکەی خەلیل لە جووڵە کردن بە خێرایی لە دیوێکی سنوورەوە بۆ دیوەکەی تر».[3]

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە خەلیل خۆشەوی و بنەماڵەکەشی هاوسۆزی تەواوی بڕیار و فەرمانەکانی شێخ ئەحمەدی بارزان بوونە، هەر وەکوو بەڵگەنامەکانی پێشووش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ناوبراو دۆستێکی نزیکی شێخ ئەحمەدی بارزان بووە، خودی ئەم

[1] مەسعود بارزانی، س. پ، ل ٣٧.

[2] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.١١.

[3] Coll 17/17 'FO Annual Reports, 1932-1938, 1947. Annual review of events 1939-1942. Political Review 1943-1944' [95v] (190/483), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2877, p. 16.

جووڵانەوانەشی بە ڕاسپاردەی شێخ ئەحمەد ئەنجام داوە، هەر بۆیە لە دواتریشدا شێخ ئەحمەد متمانەی تەواوی پێ دەبەخشێت و پاڵپشتییەكی تەواوی خەلیل خۆشەوی دەكات.

ئەوەی زیاتر بووە مایەی ڕق و كینەی حكومەتی بەریتانیا لەبەرامبەر خەلیل خۆشەوی، لێدانی گورزێكی تری هێزەكانی حكومەت بوو لە (٢٠ی ئایاری ١٩٣٢) لەلایەن خەلیل خۆشەوییەوە لە ڕێگای نێوان (بازێ بارزان) كە لیژنەیەكی حكومی پێك دەهات لە (قایمقامی زێبار و بەڕێوەبەری پۆلیسی ئاكرێ) لەگەڵ ئەندازیارێك و پێنج پۆلیس، كە بە مەبەستی دروستكردنی بنكەی پۆلیس لە گوندی (بازێ)ی نزیك گوندی بارزان هاتبوونە ناوچەكەوە، لەم كاتەدا دەكەونە ناو بۆسەی خەلیل خۆشەوی و پیاوەكانی، لە ئەنجامدا قایمقام و بەڕێوەبەری پۆلیسی ئاكرێ و دوو پۆلیس دەكوژرێن، ئەندازیار و سێ پۆلیسەكەی تریش بریندار دەبن.[1] هەروەها عەقید ڕوكنی خانەنشین كراو (حەسەن مستەفا) كە زیاتر لە (لیوا حەسەن نەقیب) ناسرابوو، لەكتێبەكەیدا (البارزانیون) هەمان چالاكی خەلیل خۆشەویمان بۆ پشت ڕاست دەكاتەوە و، ڕێكەوتی چالاكییەكە بە ١٩٣٢/٥/٢٠ بۆ هەژمار دەكات.[2]

لێرەدا بەدیار دەكەوێت (بۆسە) دانانەوەی بارزانییەكان بۆ سوپای عێراقی كاریگەرییەكی زۆری هەبووە لەسەر سوپای زەمینی حكومەت، تەنانەت وای كردووە بە ترسەوە لە ناوچەكەدا جووڵانەوە بەهێزەكانی خۆی بكات، نەوەك بكەونە ناو بۆسەی بارزانییەكان، بەتایبەتی ڕۆڵی (خەلیل خۆشەوی) لەم بوارەدا دوای ڕووداوەكەی گوندی (بازێ) و كوشتنی قایمقام و بەڕێوەبەری پۆلیسی ئاكرێ، بۆیە ناچار دەبێت داوای یارمەتی لە هێزی ئاسمانی بەریتانیا بكات. حكومەتی عێراقی لەسەر داواكردنی خەلیل خۆشەوی بەردەوام بوو بەهۆی كوشتنی پۆلیسە مەسیحییەكە[3]. ئەم داوایەی حكومەتیش دەستی بەریتانیا لەپشت بوو.[4] بووبووە داوای تایبەتی بەریتانیا.[5]

---

[1] هاشم شێروانی، دەڤەرا بارزان (جوگرافیا، دیرۆك، كەلتور)، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٣٦٧-٣٦٨.

[2] حسن مصطفى، البارزانیون والحركات بارزان (١٩٣٢-١٩٤٧)، بغداد، ١٩٨٤، ص ٤٠.

[3] مەسعود بارزانی، س. پ، ل٤٤.

[4] نعمان عیسى، ذكریات الشهید الخالد خوشفي خلیل بطل معركة (مێڤەرۆ)، جریدة خەبات، العدد ٣٢٧، ١٩٦٠/٥/٢٦، ص٣.

[5] پی رەش، العراق دولة بالعنف، جنیف، ١٩٨٥، ص٧٢.

هەر بۆیە لە ڕێکەوتی ١٨ / ١٢ / ١٩٣٢ حکومەتی عێراقی بڕیاریدا هەموو ئەو کەسانەی بەشدارییان لە ڕاپەڕینی شێخ ئەحمەددا کردووە چاوپۆشییان لێ بکرێت و سزا نەدرێن، جگە لە خەلیل خۆشەوی نەبێت، کە دەبێت بەبێ مەرجی پێشەکی ڕادەستی حکومەتی عێراقی بکرێتەوە.[1] هەروەها لە ڕێکەوتی ١٧/ ١/ ١٩٣٣ حکومەتی عێراق داوای لە حکومەتی تورکیا کرد ئەو بارزانیانەی پەنایان بردووتە بەر دەوڵەتی تورکیا، ئەوا بیانگەڕێنێتەوە بۆ عێراق و بیداتەوە حکومەتی عێراقی، یاخود لە سنوورەکەی دوورییان بخاتەوە، تاکوو لێبوردنی گشتی بۆیان دەردەکرێت، جگە لە خەلیل خۆشەوی کە ئەم لێبوردنە نایگرێتەوە.[2]

لەگەڵ ئەمەشدا لە ڕێکەوتی ٢٠ی شوباتی ١٩٢٣ جارێکی تر حکومەتی عێراق بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی دەرەوە کە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی کردووە، تێدا جەختی لەوە کردووە کە هەموو پەنابردووە بارزانییەکان بەر لێبوردنی گشتی دەکەون، تەنیا خەلیل خۆشەوی نەبێت.[3]

لە لایەکی تریشەوە لە دانیشتنی (١ی نیسانی ١٩٣٣) ئەنجوومەنی وەزیران، بە بڕیاری ژمارە (٢) بەکارکردنیان لەسەر نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٤٧٢٣) لە ڕێکەوتی ١٩/ ٣/ ١٩٣٣، لێبوردنی گشتی بۆ بارزانییەکان دەرکرا، لە ماددەی یەکەمدا هاتووە مەلیک بۆی هەیە لێبوردنی گشتی دەربکات بۆ بارزانییەکان کە یاخیبوونیان نواندووە دژی حکومەتی عێراقی و چەکیان هەڵگرتووە، لە ماوەی ٩/ کانوونی یەکەم/ ١٩٣١ تا کۆتایی مانگی شوباتی ١٩٣٣، تەنیا خەلیل خۆشەوی بەر لێبوردن ناکەوێت، وە تییدا هاتووە حکومەت بۆی هەیە فەرمان بدات بە نیشتەجێکردنیان لە هەر شوێنێک لەناو سنووری عێراقدا، وە لە ماددەی سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی، وە هەریەک لە وەزیری ناوخۆ و وەزیری داد ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.[4] دواتر بڕیاری لێبوردنی گشتی لە (١٣ / ٥/ ١٩٣٣) بۆ بارزانییەکان دەرکرا.[5]

---

[1] عبدالعزیز انعقیلي، تاریخ حرکات بارزان الأولى ١٩٣٢، بغداد، ١٩٥٥، ص٨٩.

[2] م.ن، ص٩٠.

[3] د. ك. و، الدیوان الملکي، کتاب من وزارة الخارجیة إلى وزارة الداخلیة(سري و مستعجل)، الرقم ١٢٢٠، ٢٠ شباط ١٩٢٣.

[4] لائحة قانون أعلان العفو العام عن البارزانیین، انقرار (٢) من قرارات مجلس الوزراء، في جلسة ١/نیسان/ ١٩٢٣، و(١٠)، ص(٣٢).

[5] عبدانعزیز العقیلي، م.س، ص٢٠٧.

لە سەرەتای حوزەیرانی هەمان ساڵدا بڵاو کرایەوە، خەلیل خۆشەوی بەر لێبووردن ناکەوێت، بۆیە خەلیل لەگەڵ چەند کەسێک ناچار بوو دوور بکەوێتەوە لە دەسەڵاتی ناوەندی و پەنا دەباتە بەر شاخ.[1]

ئەگەر حکومەتی عێراق نەکەوتایە ژێر داوای بەریتانیا لە داواکردنی خەلیل خۆشەوی، ناوبراویش وەک سەرکردەکانی تری بارزانییەکان (وەلی بەگ و ئەحمەد نادر... هتد) بەر لێبوردن بکەوتایەتە، ئەوا لەوانە بوو بزووتنەوەی خەلیل دروست نەبووایا، چونکە خەلیل لە ناچاری پەنای بردەوە بەر شاخ، لە هەمان کاتدا ناتوانین پشت بەم بۆچوونە ببەستین، چونکە کاری حکومەت لە دامەزراندنی بنکەکانی پۆلیس لە ناوچەکەدا، هێنانە ژوورەوەی سوپا بۆ ناوچەکە ئەم بارودۆخەی هەر دروست دەکرد ئەگەر (خەلیل)یش نەبووایە، یەکێکی تر دروست دەبوو، چونکە بارزانییەکان حوکمی کەسانێک بەسەر خۆیان و ناوچەکەیان بەئاسانی قبووڵ ناکەن.

[1] زبير بلال أسماعيل، م. س، ص ١٥٦.

## سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەی خەلیل خۆشەوی:

لەدوای ڕۆیشتنی شێخ ئەحمەدی بارزان بۆ تورکیا و کۆتایی هاتنی ڕاپەڕینی یەکەمی بارزان، هەروەها بە دامەزراندنی بنکەکانی پۆلیس و هاتنە ژوورەوەی هێزەکانی حکومەت لە گوندە جیاجیاکانی ناوچەی بارزاندا کۆتایی پێ نەهات.[1]

بەڵگەنامەیەک لە ئەرشیفی کۆماری تورکیا دا، ئاماژە بە جووڵانەوەکەی شێخ ئەحمەدی بارزان و هاتنی بۆ ناو خاکی تورکیا دەکات، کە بۆ ئەمەش بەبەردەوامی حکومەتی تورکیا چاودێری تەواوی بارزانییەکانی کردووە و بڕیاریانداوە هیچ هاوکارییەکی شێخ ئەحمەد نەکەن، خودی بەڵگەنامەکەش لە دوو لایەڕە پێک دێت کە دەڵێت:

**وەزارەتی ناوخۆ - وەکالەتی فەرماندەی گشتی جەندرمە**

**ئەنقەرە ٢٦ کانونی یەکەمی ١٩٣١**

**ژمارە: ٣٧٩٠٩**

**بۆ سەرۆکی ویلایەت (پارێزگار)**

١ ڕاپۆرتێک لەبارەی شێخی بارزان شێخ ئەحمەد کە لە خاکی عێراقەوە هاتووەتە سنوورەکەمان لە ناوچەیەکی نزیکی ویلایەتی هەکاری کە ڕاپۆرتێکی شفرە دار لە بەرواری (٢٠ ١٢ ١٩٣١) بە ژمارە (٢٠٤٦ ٣ ٢٢٠٣) هاتووە.

٢ سەرۆکایەتی ویلایەت، بەشی دەرەکی ( M. M.) لە ویلایەت وە ( B.E. RS) پێشکەش کراوە.

**وەکیل وەزیری ناوخۆ**

**٢٧-١٢-١٩٣١**

---

[1] عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج ٤، بيروت، ١٩٨٢، ص ١٤١.

هەر لە لاپەڕەی دووەمی بەڵگەنامەکەدا هاتووە:

وێنەیەک لە ڕاپۆرتی یەکەمی بەرواری (٢٠ ١٢ ١٩٣١) بە ژمارە (٢٠٤٦ ٣ ٢٣٠٣)

١ لە نامەی هاتوو لە ویلایەتی هەکاریدا لەبارەی شێخی بارزان شێخ ئەحمەد کە لە ناوچەیەکی نزیکی ویلایەتی هەکاریدا لە خاکی عێراقەوە هاتووەتە سنووردکەمان. نامەکە باس لەوە دەکات کە ناوبراو ئامادەیە خزمەتی دەوڵەتمان بکات، لە بەرامبەر ئەوەی ڕێکەوتنێک لەنێوانیان دا بکرێت.

٢ ویلایەت ئاگادارکراوە کە بە هیچ جۆرێک ڕێکەوتن لەگەڵ شێخی بارزان شێخ ئەحمەد دا نەکرێت.

٣ ناوبراو بەردەوام لە سنوورەکەمانە، لە هەموو بارودۆخێکدا چاودێری دەکرێت. لەوانەیە لەو سنوورەی ئێمەدا لە شوێنێک بمێنێتەوە. لەبەر خراپی کەش و هەوا و داپۆشینی ناوچەکە بە بەفر، بواری جووڵانەوەی شێخ ئەحمەد بارزانی قورس دەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا بۆ هەر بارودۆخێکی لەناکاو وە بۆ هەر جووڵەیەکی ناوبراو لەلایەن دەوڵەتەوە بە وردی چاودێری دەکرێت.

٤ هەر لەو کاتەی هاتووەتە ناوچەکەوە لە هەموو جووڵەیەکی لە بارودۆخی گونجاو یاخود لە وەرزێکی تر دا، بەردەوام چاودێری دەکرێت.

٥ لە هەموو بارودۆخەکاندا لەلایەن (پەیدەرپەی) لەبارەی شێخ ئەحمەدەوە زانیاریتان پێ دەدرێت.[1]

حکومەت هەوڵیدا سەرکردە بارزانییەکان بە شێوازی فێڵ و بەڵێن پێدانی دوور لە ڕاستی دەستبەسەر بکەن، بارزان بووبووە جێگای مەترسی حکومەت و بە بەردەوامی بە چاوی ترسەوە سەیری بارزان و ناوچەکەیان دەکرد، لەم هەوڵەدا حکومەت توانی (ولی بەگ) ی سەرکردە لەگەڵ چەند بارزانییەک بگەڕێنێتەوە، ئەویش لە بەرامبەر دابینکردنی کار بۆیان و مووچە پێدانیان، مەبەستی حکومەت تەنیا بریتی بوو لەوەی واز لە کاری چەکداری بهێنێت.[2] بەڵام بێ ئومێدی بارزانییەکان لە بەڵێنەکانی حکومەت سەبارەت بە ئاوەدانی و بووژانەوەی ناوچەکەیان، وە سەختی و دژواربوونی بارودۆخی دانیشتووانی ناوچەکە بە

[1] T.C.3010.1137676.

[2] هاشم شێروانی، س. پ، ل ل ٣٦٨- ٣٧٠.

ئابەتی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، جگە لە گەمارۆدانی سەربازی ناوچەکەیان.[1] وای کرد بارزانییەکان لە دەوروبەری (خەلیل خۆشەوی) کۆببنەوە و دەستیان کرد بە جووڵانەوە.[2] بەمشێوەیە لەمەیدانی بەرگریکردندا مانەوە.[3] گرووپە چەکدارەکانی پێکهێنان و دەستیان کرد بە لێدانی بنکەکانی پۆلیس لە ناوچەکەدا.[4] بارزانییەکان بەر لە ڕۆیشتنیان بۆ ناو خاکی تورکیا، بە فەرمانی شێخ ئەحمەد ژمارەیەک لەو چەکدارانەی کە خۆیان شاردبووەوە لە ناوچەکانی سەرسنوور، خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی سوودیان لێ وەرگرت کاتێک پەنایان بردە بەر شاخ.[5] ئەوانیش بە شێوەیەکی پارتیزانی دژایەتی هێزەکانی حکومەتی عێراقیان دەکرد و ڕۆڵێکی باشیان بینی لە تۆقاندن و ترس نواندن لە دڵی هێزە حکومییەکان، هەر لە ناوچەی بارزان تاکوو ناوچەی بەرواری ژوور پۆلیسی خستە ترس و دڵەڕاوکێ.[6]

دەتوانین بڵێین هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیەی خەلیل خۆشەوی، جگە لە داواکردنی خەلیل خۆشەوی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە و بێ ئومێدی بارزانییەکان لە بەڵێنەکانی حکومەت، هەروەها ئاوارەبوون و سووتانی گوندەکانیان بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەریتانیا، بارودۆخێکی یەکجار سەختیان بۆ دروست کردبوو، ئەمەش وای کرد بیر لەوە بکەنەوە بە هێزی خۆیانەوە ناوچەی خۆیان پاکبکەنەوە لە پاشماوەکانی سوپا، بگەڕێنەوە بارودۆخی جارانی خۆیان و لەسەر زێدی خۆیان گوزەران بکەن. خەلیل خۆشەوی یەکێک بووە لەو کەسانەی خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەی بارزاندا هەبووە، کاتێک بارزان ئاڵای

---

[1] مستەفا جوندیانی، هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەک لەڕاپەڕینەکەی خەلیل خۆشەوی، کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر، ئامادەکردنی: مومتاز حەیدەری و د. کوردستان موکریانی و د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ب ٣، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ١١٦٣.

[2] لازاریف، مێژووی کوردستان، و: وشیار عەبدوڵلا سەنگاوی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٢٨١.

[3] دانا ئادامز شمیدت، سەفەرێک بۆناو پیاوە ئازاکانی کوردستان، و: ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٣٩٢.

[4] سەعدی عوسمان، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی (سەرهەڵدان و قۆناغەکان و نموونەیەک)، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٧٩-٨٠.

[5] پی رەش، م. س، ص٧١-٧٢.

[6] شاکرو خدو محوی، المسألة الكوردية في العراق المعاصر، ت: د. عبدي حاجي، دهوك، ٢٠٠٨، ص ٩٣؛ نەجمەدین یوسفی، ئەسعەد خۆشەڤی نموونی خەبات وبەرخودانێ بوو، گوڤاری مەتین، ژ:٧٨، ١٩٩٨، ل ١٥.

ڕزگاری میللەتی کوردی بەرز کردەوە[1]. ئامانجی بریتی بوو لە بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ باشووری کوردستان.[2] بزووتنەوەی کوردی لە سالآنی سییەکانی سەدەی ڕابردوو بزووتنەوەیەکی بەهێز نەبووە، تەنیا لە شوێنە جیاجیاکاندا بەدی دەکرا، شێوە و مۆرکی ناوچەگەرییان بە خۆوە گرتبوو[3].

لێرەدا ناتوانین بڵێین بزووتنەوەی خەلیل خۆشەوی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بووە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لە پێگە و کەسایەتی خەلیل خۆشەوی کەم بکەینەوە، چونکە دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین کە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێک لە شوێنێکی بچووکەوە دەست پێ دەکات و گەورە دەبێت و دەبێتە شۆڕش، بەڵام خەلیل خۆشەوی کەسێک بووە هەر زوو خولیای نەتەوایەتی بووە و خەبات و بەرگری لە خۆی و ناوچەکەی کردووە، بزووتنەوەکەی وەک هێزێکی چەکداری گەڕۆک وا بوو، لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر، یان لەو بەری سنووری عێراقەوە بۆ ئەو بەری سنووری تورکیا و ئێران هاتووچۆی دەکرد، گورزی خۆیان لە هێزەکانی حکومی دەوەشاند لە ناوچەکەدا، کە ئەمەش وەک درێژکەرەوە بۆ ڕاپەڕینی یەکەمی بارزان دێت.

[1] سەعدی عوسمان، س. پ، ل ١١٠.

[2] لازاریف، س. ث، ل ٢٨١؛ شاکرۆخدو محوی، م. س، ص ٩٣.

[3] شاکرو خدو محوی، ص ٨٨.

## کاری هەواڵگری حکومەت بەسەر چالاکییەکانی خەلیل خۆشەوی ئەوکاتەی بارزانییەکان لە تورکیا بوون:

دەردەکەوێت کە حکومەت ئاگاداری چالاکییەکانی خەلیل خۆشەوی بوو بێت، لەو کاتەی شێخ ئەحمەد و بارزانییەکان لەناو خاکی تورکیادا بوون، بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی ناوخۆی عێراقی لە شوباتی ١٩٢٣ بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی دەرەوەی ئاگادار کراوەتەوە کەوا خەلیل خۆشەوی لەگەڵ (٢٠) بیست چەکدار لە گوندی (هەرکێ[1])ی نێو خاکی تورکیان، بۆیە داواکارین کەوا لەنێو ئەو داواکارییەی دەدرێتە حکومەتی تورکی بۆ دوورخستنەوەی بارزانییەکان لە سنوور ئاماژەی پێ بکرێت.[2]

لە نووسراوێکی تری وەزارەتی ناوخۆ بۆ وەزارەتی دەرەوە بە پشت بەستن بە بروسکەی هێزی بارزان، هەریەک لە (حەکیم پێندرۆیی و خەلیل خۆشەوی) لەگەڵ هەژدە چەکدار هاتوونەتە گوندی (ئەودێل) کە دەکەوێتە ناوچەی کانی ڕەش، بەپێی نووسراوەکە لە هەوڵی ئەوە دابوون پارە لە موختاری گوندی ناوبراو وەربگرن، بەڵام لەگەڵ نزیک بوونەوەی هێزێکی پۆلیس لە گوندەکە، ئەوان ناچاربوون ڕابکەن و بپەڕنەوە ناو خاکی تورکیا.[3]

خەلیل خۆشەوی لە بەهاری ساڵی ١٩٢٣ وەک سەرکردەیەک بە فەرمانی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا لەگەڵ چەند جەنگاوەرێک لەناو گوندەکانی هۆزی گەردی لەسەر سنووری تورکیا و عێراق مابوونەوە، ناوە ناوە خۆیان دەپەڕاندەوە ناو خاکی عێراق (ناوچەی بارزان)

---

[1] هەرکێ: گوندێکە دەکەوێتە سەر سنوور نێوان عیراق - تورکیا، بەشێکی دەکەوێتە ناوخاکی عیراق بەشێکیش دەکەوێتە ناو خاکی تورکیا، بۆیە لە نووسراوەکەدا هاتووە (هەرکێ)ی ناو خاکی تورکیا، مەڵبەندی هۆزی هەرکییەکانە.

[2] د. ك. و، الديوان الملكي، صورة كتاب من وزارة الداخلية إلى وزارة الخارجية( الموضوع/ خليل خوشوى)، ع: س/٤٢٥، ٢٧ شباط ١٩٢٣، و(٣٨)، ص(٨٩).

[3] د. ك. و، الديوان الملكي، (٣١١/١١٤٧)، كتاب من وزارة الداخلية إلى وزارة الخارجية( العصاة البارزانيون)، ع: س/٤٢٨، ٢٨/٢٧ شباط ١٩٢٣، و(٣٤)، ص(٨٣).

و دەگەڕانەوە ناو سنووری تورکیا، دواتر لە کۆتایی هاوینی هەمان ساڵ گەڕانەوە بارزان.[1] لە ڕێکەوتی ١١ /١٩٣٣/٦ هێزێکی پۆلیس لەگەڵ (ئەشقیاکان)[2]ی بارزان (خەلیل خۆشەوی) تووشی شەڕ و پێکدادان هاتن لە (گەلیی سیلێ[3] گەلی سولی)، لە ناوچەی بارزاندا لە ئەنجامدا (مفوض/ کۆمیسەر جەمیل ئەفەندی سوڵتان) لە هێزی حکومەت دەکوژرێت، بە پێی سەرچاوەکە ئەشقیاکان بەرەو سنوور ڕایان کرد، پاش ئەوەی چەند بریندار و کوژراویکیان لەدوای خۆ بەجێ هێشت.[4]

لەسەر فەرمانی شێخ ئەحمەد، بۆ ماوەیەک خەلیل خۆشەوی لە گوندی (ببانا)[5] نیشتەجێ دەبێت، لە شوباتی ساڵی ١٩٣٤، بۆ ئەوەی حکومەت پێی نەزانێت.[6] پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک دوو پۆلیس لە بارزانەوە ڕۆیشتن بەرەو گوندی (ببانا) بەمەبەستی کۆکردنەوەی دار، لەناو گوندی ناوبراو چاویان بە خەلیل خۆشەوی دەکەوێت، بەرەو ئەو خانووە دەڕۆن کە تێدا نیشتەجێیە و داوای لێ دەکەن خۆی بدات بەدەستەوە، خەلیل وا هەست دەکات گوند لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە گەمارۆ دراییت و بە مەبەستی گرتنی ئەو هاتوون، لە ئەنجامدا خەلیل ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و یەکێک لە پۆلیسەکان دەکوژێت، پۆلیسەکەی تر بەرەو ناو گوند ڕادەکات و لەلایەن خەڵکی گوندەوە دەکوژرێت، بەڵام بۆ سەلامەتی گوندەکە بە حکومەت ڕادەگەیەنن گوایە خەلیل هەر دوو پۆلیسەکەی کوشتووە، دواتر گوندی بەجێهێشتووە.[7] دوو پۆلیسەکە کاتێک گەمارۆی ئەو خانووەیان دابوو کە (خەلیل)ی تێ دا نیشتەجێ ببوو خەلیلیان نەناسیبووەوە، تەنیا وایان زانیبوو ئەشقیایەکە، پێش ئەوەی بکوژرێن داوایان لە موختاری گوند کردبوو کە بنکەی پۆلیسی بارزان ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەوەی هێزیان بۆ بنێرێت تاکوو دەست بەسەری بکەن، بەڵام هێزی بارزان وەڵامیان دایەوە،

---

[1] مستەفا جوندیانی، س. پ، ل ١١٢٠.

[2] لەو ڕۆژنامە حکومیانەی کە سوودمان لێ وەرگرتووە، ناوی شۆڕشگێڕانی بە (الأشقیاء، متمرد، عصاة... هتد) هێناوە.

[3] گەلیی سیلێ: دەکەوێتە نێوان گوندی ( هوستان- بێدیال) لە ناوچەی بارزان دا. (توێژەر)

[4] جریدة العمال، في منطقة بارزان، ع: ١٤٠، بتاریخ ٦/١٥/ ١٩٣٣.

[5] گوندی ببانا : دەکەوێتە بناری چیای شیرین، نزیك گوندی بارزان. (توێژەر)

[6] پی ڕەش، م. س، ص ٩٠ ؛ هاشم شێروانی، س. پ، ل ٣٦٨.

[7] مستەفا جوندیانی، س. پ، ل ١١٢١-١١٢٢.

هەرچی زووە بگەڕێنەوە و گوتبوویان: «ئەوانمان ناردووە بۆ کۆکردنەوەی دار، نەک بۆ گرتنی ئەشقیاکان»، ئەوەبوو بەر لە گەیشتنی وەڵام بۆیان دوو پۆلیسەکە دەکوژرێن.[1]

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، شێخ ئەحمەد ویستوویەتی خەلیل خۆشەوی لە ناوچەکەدا لە هێزەکانی حکومەت و بەریتانیا بشارێتەوە، وە لە هەمان کاتدا ویستوویەتی خەلیل خۆشەوی لە خۆیەوە نزیک بێت، بۆیە لە گوندی بیانای داناوە کە زۆر نزیکە لە بارزان، تاکوو بە بەردەوامی هەماهەنگی یەکتر بکەن، لە ئەنجامدانی چالاکی نواندنیان دژی هێزە حکومییەکان، ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە خەلیل کەسێکی نزیکی شێخ ئەحمەدی بارزان بووە، هەروەها دەردەکەوێت کە خەلیل کوشتنی هەر دوو پۆلیسی گوندی بیانای خستبێتە ئەستۆی خۆی، تاکوو حکومەت هیچ کاردانەوەیەک ئەنجام نەدات بەرامبەر دانیشتووانی گوندەکە، لە ڕاستیشدا حکومەت هیچ کارێکی بەرامبەر گوندەکە ئەنجام نەدا سەبارەت بەم ڕووداوە.

---

[1] هاشم شێروانی، س. پ، ل ٣٦٩.

## هەڵوێستی حكومەتی عێراق بەرامبەر خانەوادەی شێخانی بارزان لە ڕۆژگاری بزووتنەوەی خەلیل خۆشەوی دا:

حكومەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢٤ئەواوی خانەوادەی بنەماڵەی بارزانی گواستەوە بۆ شاری مووسڵ، بە بەڵێن پێدانی دوور لەراستی ڕای كێشان بۆ مووسڵ، لەوێ دەست بەسەركران و جێنشینی بە زۆر بەسەریاندا سەپێندرا.[1] بە تۆمەتی ئەوەی یارمەتی خەلیل خۆشەوی دەدەن و هانی دەدەن لە كاری ئەشقی بوونی دژی حكومەت.[2] لە یەكەمین ساڵی دوورخرانەوەیان بۆ شاری مووسڵ، خانەوادەی بارزانی جۆرە سەربەستییەكیان پێ درابوو، بەڵام لە كاتی زیادبوونی چالاكییەكانی بزووتنەوەی خەلیل خۆشەوی، بار و گوزەرانیی ئەوانیش گۆڕانی بەسەرداهات و سەربەستییەكەیان وەک خۆی نەما، موتەسەریفی مووسڵ (حسام الدین جمعة) چاودێری توندی خستە سەر خانەوادەیان، هەر وەكوو لەبارەی بارزانییەكانەوە دەڵێت: «ئەو شێخانەی كە فەرمانی نیشتەجێبوونیان لە مووسڵ بەسەردا سەپێنراوە لەژێر چاودێرییەكی توندان، هەناسەیان لێ دەرناچێت»، لەو كاتەدا شاری مووسڵ بنكەی ئەو هێزانە بوو كە بۆ دامركاندنەوەی ڕاپەڕینەكان ڕەوانە دەكران، لە هەمان كاتدا بریندارەكان و كوژراوەكانی سوپا و پۆلیس و بەكرێ گیراوە كوردەكان دەهێنرانەوە نەخۆشخانەی مووسڵ.[3]

دواتر موتەسەریفی ناوبراو خانەوادەكانی بارزان تاوانبار دەكات كە لە مووسڵەوە ڕێنمایی بۆ خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەكانی دەنێرن، لەبەر ئەوەی لە ڕاپۆرتێكی حكومی دا دەڵێت «لە و كاتەی حكومەت سەرقاڵی ڕێكخستن و دارشتنێكی بەهێز بوو، بۆ بەهێزكردنی هێزی حكومەت لە ناوچەی بارزان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تەواو بگرێتە دەست لە ناوچەكەدا،

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالفتاح علی یحی البوتانی، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، أربيل، ٢٠٠١، ص ٥٢٧.

[2] پی ڕەش، م. س، ص ٩١.

[3] عبدالفتاح علی یحیی البوتانی، م. س، ص ٥٢٩ - ٥٣٠.

شێخ ئەحمەد و براکانی لە مووسڵەوە کاریان بۆ ئەوە دەکرد پەیوەندی بە (ولی بەگ)ەوە بکەن لە گوندی (ڕێزان) بە شێوەیەکی نهێنی لەڕێگەی ئەوەوە پەیوەندی بە خەلیل خۆشەوییەوە بکەن، لە ئەنجامی ئەمەدا چالاکییەکانی خەلیل خۆشەوی و پیاوەکانی زیادبوون و لە بەهێزبووندا بوون، توانیان هێرش بکەنە سەر گوندەکان و ئارامی ناوچەکەیان شڵەژاند، هۆکاری چالاکییەکانی خەلیل دەگەڕێتەوە بۆ نائومێد بوونی کەسایەتی خەلیل کە بەر لێبووردنی گشتی نەکەوتووە و تاوانبارە لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتەوە، وە لە هەوڵی ئەوەدان بنەماڵەی شێخانی بارزان ببینن و بگەڕێنەوە بۆ گوندی بارزان، حکومەت لەبەرامبەردا بۆ ئەوەی پەیوەندی خەلیل و خانەوادەی بارزان لە مووسڵەوە بپچڕێنن، خانەوادەی بارزانییەکان لە مووسڵەوە بۆ باشووری عێراق[1]، بۆ شاری ناسریە لە مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا دەگوازنەوە»[2].

دەردەکەوێت دوورخستنەوە و دەستبەسەرکردنی شێخەکانی بارزان لەلایەن حکومەتەوە، کاردانەوەی زۆری دروست کردبێت لەسەر خەلیل و لایەنگرەکانی بەتایبەتی و خەڵکی ناوچەکە بەگشتی، چونکە نا ڕەزاییان زیاد بووە لەبەرامبەر حکومەت و لە ئەنجام دا چالاکیان زیاد بووە لە لێدانی هێزە حکومییەکان، چونکە دەبێت ئەوە بزانین کە خەڵکی ناوچەکە دڵسۆزییەکی لە ڕا دە بە دەریان بۆ شێخەکانی خۆیان هەیە، ئامادەن گیانی خۆیان بەخت بکەن لەپێناویان.

خەلیل خۆشەوی کاری بۆ گەڕانەوەی خانەوادەی بارزان و دەرکردنی هێزی چەکداری لە ناوچەی بارزان دەکرد، تا لە زوڵم و زۆرداری حکومەتی پادشایی و ڕزگاربوونی خەڵکەکە دەکرد، لەپێناو خۆبەدەستەوەنەدانی هیچ کەس و لایەنێک پەنا دەباتە بەر شاخ لەگەڵ چەند کەسانێکی نزیک لە خۆی و لە خزم و دۆستانی، بەتایبەتی دوای ڕووداوی گوندی بیابا و کوشتنی دوو پۆلیسەکە، دواتر ئەو سەرکردە بارزانیانەی کە لە ڕەشبگیری حکومەت ڕزگاربوون لە ساڵانی ١٩٣٣ ،١٩٣٤، وەک (ئەحمەد نادر، ولی بەگ، عەبدوڵڵا کرکەموویی) کە (سێ) سەرکردەی نزیکی شێخ ئەحمەد بوون، لەگەڵ ژمارەیەک لە بارزانییەکان بەو پەڕی شانازییەوە چوونە پاڵ بزووتنەوەکەی خەلیل خۆشەوی، بەتایبەتی دوای ئەوەی زانییان

[1] م. ن، ص ٥٢٠ - ٥٢١.

[2] بی ڕەش، م. س، ص ٩١.

خەلیل خۆشەوی بە فەرمانی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا كار دەكات، ژمارەیان زۆر زیاتر بوو، تا لە كۆتایی ساڵی (١٩٢٤) ژمارەیان گەیشتە (٧٠٠) كەس.[١]

ئەگەرچی بەڵگەنامەیەكی بەریتانییەكان پێی وایە (مەلا مستەفا) لە دژی خەلیل خۆشەوی لەگەڵ حكومەتی توركیا رێك كەوتبێت، بەڵام پێ دەچێت ئەمە تەكتیك و رێكەوتنی نێوان شێخەكانی بارزان و خەلیل خۆشەوی بووبێت، چونكە بەڵگەنامەكان ئاماژە بە جووڵانەوەكانی خەلیل خۆشەوی دەكەن لە هەر دوو دیوی عێراق و توركیادا، بەڵام هەر خودی بەڵگەنامەكەش ئاماژە بە هەبوونی هەماهەنگی و پەیوەندییەكی باش لەنێوان خەلیل خۆشەوی و شێخانی بارزان دەكەن، تەنانەت براكانی شێخ ئەحمەدی بارزان (مەلا مستەفا و شێخ محەممەد سدیق) هەمیشە لە هەماهەنگی هاوكاری و پەیوەندی دابوون لەگەڵ خەلیل خۆشەوی، زیاتر لەوەش هەمیشە كاغەز و نامەگۆڕینەوە لە نێوان شێخ ئەحمەد و خەلیل خۆشەویدا هەبووە هەر بۆیە شێخ ئەحمەد گوایە گوازرابێتەوە بۆ (حلـلە)، هەر وەكوو بەڵگەنامەكەش دەڵێت: «میللەتی كورد... بارزان.. لە كاتێكی زووی ساڵەكەدا، بارودۆخی ئاشتییانەی ناوچەی بارزان شێوێنرا لەلایەن گرووپی یاخیبووی خەلیل خۆشەوییەوە، كە سەركردەیەكی پێشووی شوێن كەوتەی شێخ ئەحمەد بارزانییە. وەك دژە رێكارێك، حكومەت خانەوادەكەی دەستگیركرد و لە مووسڵ زیندانی كران، مەلا مستەفا (برای شێخ ئەحمەد) هەوڵیدا رێكبكەوێن لەسەر پلانێك لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سنووری توركیا بۆ رێگری كردن لە خەلیل خۆشەوی.. هەرچەند بۆردوومانە چڕ و پڕەكان بەردەوام بوون لەدژی گرووپەكانی خەلیل. لە مانگی تشرینی دووەم خەلیل خۆشەوی دوو موختاری تری گوندی كوشت، بۆ خۆدوورگرتنیش لە ڕاوەدوونان، دووبارە ڕای كرد بۆ توركیا. لە كۆتایی ساڵەكەدا ئەو هێشتا ئازادبوو و واش دیاربوو كەوا بەبێ هاوكارییەكی زیاتری كارا لە لایەنی توركیاوە شتێك لە ئارادا نەبوو جگە لە دەرفەتێكی كە ئەگەری ئەوەی هەبوو كە چالاكییەكانی بوەستێنێت.. ماڵی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە مووسڵ پشكنرا لەلایەن پۆلیسەوە لە مانگی تشرینی دووەم و بەڵگەیەك دۆزرایەوە كەوا ئەو لە پەیوەندیدا بوو

[١] مستەفا جوندیانی، س. پ، ل ١١٢٣-١١٢٤.

لەگەڵ خەلیل خۆشەوی، هەر بۆیە ئەو (شێخ ئەحمەد) و پێنج کەسی تری دەستبەسەرکراوی بارزانی گوازرانەوە بۆ شاری حللە».[1]

بەشێک لەو بارزانییانەی چوونە پاڵ بزووتنەوەکەی خەلیل خۆشەوی، لە ئەنجامی هاتنی سوپا و پۆلیس بوو بۆ ناوچەکەیان، هەروەها خەلیل و خۆشەوی و لایەنگرەکانی پەیوەندییان لەگەڵ شێخ ئەحمەد دا هەبووە و بێگومان بە فەرمانی ئەو بووە کە بەردەوام بن لە کاری چەکداری تاکوو مەلا مستەفا یان شێخ محەممەد سدیق پەیوەندییان پێوە دەکات.[2]

چەکدارانی خەلیل خۆشەوی بۆ پاراستنی ناوچەکە، هێزەکانی خۆیان بۆ دوو بەش دابەش کرد، بەشێکیان بە سەرکردایەتی خەلیل خۆشەوی سەنگەری بەرگری دادەمەزرێنن لە چیای (ڕەش).[3] بەشەکەیتر بە سەرکردایەتی ئەحمەد نادر لە چیای (گوڤەند ـ زویل)[4] سەنگەری بەرگرییان دانا.[5] لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنجە بەڵگەنامە بەریتانییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن هێزەکانی خەلیل خۆشەوی بۆ سەر سێ بەرە دابەش بوون، هەروەکو دەڵێت: «وا دیارە کە یاخی بووە کان دابەش بوون بەسەر سێ گرووپی سەرەکی، کەوا واڕاگەیەنراوە کە شوێنیان و هێزیان و سامانیان بەم شێوەیەی خوارەوە بێت: گرووپی یەکەم، کە پێک دێت لە نزیکەی ٥٠ پیاوی چەکدار لەژێر سەرکردایەتی مەلکۆی ژاژوک (١ (SD/NW. 10.c) کە کەسایەتییەکی دیاری هۆزی شێروانییە کەوا چووە پاڵ خەلیل خۆشەوی لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٣٤، چوو بۆ ناوچەی بیاو (ڕۆژئاوای مێرگەسۆر و ڕۆژهەڵاتی ڕووباری زێی گەورە). بەهەرحاڵ، لە ئەنجامی چالاکی پۆلیس لە سووتاندن و چۆڵکردنی گوندەکان لەم

---

[1] Coll 17/17 'FO Annual Reports, 1932-1938, 1947. Annual review of events 1939-1942. Political Review 1943-1944' [95v] (190/483), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2877, p.22-23.

[2] آیوب بارزانی، المقاومة الكردية لاحتلال ١٩١٤-١٩٥٨، دار النشر حقائق المشرق، جنيف، ٢٠٠٢، ص ١٦٥.

[3] چیای ڕەش: چیایەکی سەختە، دەکەوێتە سەر سنوری تورکیاو عیراق سنوورەکان لێک جیا دەکاتەوە، دەکەوێتە ناو خاکی هۆزی گەردی دا.

[4] چیای گوڤەند/ زویل: بەهەمان شێوەی چیای ڕەش چیایەکی سەختەو سەر سنوورە و تورکیاو عیراق لێک جیا دەکاتەوە، بناری چیایەکی گوندەکانی هۆزی گەردی وەهەرکی ومزوری باڵا دەگریتە خۆی، شاخێکی بێ درەختە (سادەیە) تەنها بەشێکی کەم لە لایالی پشتەوەی هەندێک دار بەدی دەکرێت لەلای گوندی (کەلێت) لەهۆزی گەردی لەو دیوی سنووری عیراق.

[5] هاشم شێروانی، س. پ، ل ٣٧٠.

ناوچەیە (وەک ئەوەی کە باسکراوە لە بڕگەی ١٠٧)، هەر زوو ئەم گرووپە دووچاری سەختی بوونەوە لە دەستکەوتنی پێداویستییەکان. بۆیە مەلکۆ لەگەڵ ٢٥ شوێنکەوتوو (١٤ لەوان چەکدار بوون) سەردانی (ڕێزان) ی کرد و داوای لە ولی بەگ (تولیابەگ) کرد کە هەڵبستێت بە ڕێکخستنی دەخالەت بۆیان لەگەڵ حکومەت. هێزی زەبر وەشێنی پۆلیس ڕازی بوو بە پەسەندکردنی دەخالەتیان بەو مەرجەی کە تفەنگەکانیان ڕادەست بکەنەوە. لە سەرەتادا مەلکۆ دوودڵ بوو، بەڵام دواتر چەکەکانیان ڕادەست کردەوە. لەوە تێدەگەین کەوا ئولی بەگ (ولی بەگ) وەک گەرەنتیەک خۆی دەنوێنێت بۆ ڕەفتاری باشی مەلکۆ.. گروپێکی تر (گرووپی دووەم) کە پێک هاتبوو لە نزیکەی ٥٠ پیاوی چەکدار لەژێر سەرکردایەتی (ئەحمەد نادر)، کەسایەتی ناوداری هۆزی شێروانی ناوچەی بارزان، کەوا هاتە پاڵ خەلیل خۆشەوی لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٤، لە ناوچەی مێرگەسۆر. بڕوا وابوو کە ئەوان پێداویستییەکان بەدەست دینن لەڕێگەی هاوکاریکردنی ئەحمەد ئاغای مێرگەسۆر، کەوا خزمی ئەحمەد نادرە و بەم دواییە لە سۆران ژیاو (1. D/NW. 16.c) ئێستا ئەحمەد ئاغا فەرمانی پێکراوە کە بجووڵێت بۆ گۆڕە توو (1. D/NW. 10.c) کە یەکێکە لەو گوندانەی کە بە پۆلیسی تایبەت پاسەوانی کراوە (بڕگەی ١٠٧)، هیواش وایە کە ئەم گرووپەش بە هەمان شێوە زوو بە سەختی پێداویستیان دەست بکەوێت. بەهەرحاڵ، دەنگ و باسێکی پشتڕاست نەکراوە لە سەرچاوەیەکی دژبەر بە فارس ئاغای زێباری باسی لەوە کرد کەوا ئەحمەد نادر لەگەڵ ٢٦ شوێنکەوتووی یاخیبووی پەنا دراون وەک پەنابەر لەلای فارس ئاغا و نیشتەجێ کراون لە ناوچەی هۆزی زێباری بەبێ ئەوەی کە دەسەڵات (حکومەتی عێراقی) زانیاری هەبێت..گرووپی سێیەمیش کە پێک هاتبوو لە ٨٠ بۆ ١٠٠ پیاوی چەکدار لەژێر سەرکردایەتی خەلیل خۆشەوی و براکەی سەلیم خۆشەوی و عەبدوڵڵا کرکەمۆیی، کە کەسایەتییەکی شێروانییە دەکەوێتە ناوچەی مزووری باڵا. لە ٢٩ی ئازار کەتیبەیەک لە نزیکەی ٥٩ پیاوی هێزی زەبر وەشێنی پۆلیس ڕووبەڕووی بەشێک لەم گرووپە بووەوە لە دەوروبەری گوندی بێدیال (1. D/NW. 2.d) ڕاگەیەنرا کەوا قوربانییەکان بریتی بن لە کوژرانی یەک پۆلیس و کوژرانی شەش یاخی بوو و، دوو یاخی بوو بریندار بوون، کە یەکێکیان دەستگیر کراوە.[1]

[1] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.9-10.

لە دواتـردا حکـومەتی عێراقـی لێبـوردنی بـۆ گشـت خەڵکـی بـارزان دەکـرد و ئەوانەی دەسـتگیرکرابوون وە ئەوانەی ڕاگوێزرابـوون توانیـان بگەڕێـنەوە بـۆ زێـدی خۆیـان، ئەمەش بەهۆی ڕۆژی لەدایکبوونی مەلیک غازییەوە بوو، هەر وەکـوو بەڵگەنـامە بەریتانییەکـان لەم بارەوە دەڵێن: «لە ٢١ی ئادار بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی غازی پاشا (مەلیک غازی)، هەموو ئەوانەی کەوا دوور خرابوونەوە لە نـاوچە سـەخت و ئاڵۆزەکـان لەمـاوەی تۆپەراسـیۆنەکانی دژی خەلیل خۆشەوی ڕێگەیـان پـێ درا بگەڕێـنەوە بـۆ زێـدی خۆیـان، هەروەهـا لە مـانگی تشرینی دووەم هەموو ئەو بارزان یانەی کەوا زیندانی کرابوون لەڕێگەی حوکم دانی دادگای ئەحکامی عورفی ئازاد کران بەپێی لێبوردنێکی گشتی کە لەلایەن حکـومەتەکەی (حـیکمەت سلێمان)ەوە ڕاگەیەنرا».[1]

ئەوەی پێویستە دیسـان ئامـاژەی پـێ بکەیـن ئەوەیە، کە لێـرەدا دەردەکەوێـت پابەنـدی بارزانییەکان بە بڕیاری شێخەکان، وای کردووە ژمارەی چەکدارانی بزووتنەوەکە زیادبن، بەڵام پـێ ناچێـت ژمارەیـان بگـاتە نـزیکەی (٧٠٠) چەکـدار، چـونکە ئەو ژمـارە زۆرە لە و نـاوچە سـەختەدا کـاریگەری زیـاتری دەنوانـد بەسـەر هێزەکـانی حکومەتـدا، هەروەهـا لێهـاتوویی سەرکردە بارزانییەکـان لە دابەشـکردنی هێزیـان بۆسـەر دوو نـاوچەدا بەدیـار دەکەوێـت کە بیریـان لەوە کـردووەتەوە شـوێنی هەسـتیار و سـەخت هەڵبژێـرن لەسـەر سـنووری هەردوو وڵاتدا، وە هەستیان بە مەترسییەکانی تورکیا کردووە و بیریـان لەوە کـردووەتەوە دوو بەرەی بەرگـری دابمەزرێـنن بـۆ ئەوەی حکومەتەکـان بەئاسـانی جەخـت نەکەنە سـەر نـاوچەی بەرگرییانـدا، وە لە دوو بەرەدا دەتـوانن یـارمەتی یەکـتر بـدەن لە کـاتی شـەڕدا و بە هانـای یەکترەوە بچن.

[1] Coll 17/17 'FO Annual Reports, 1932-1938, 1947. Annual review of events 1939-1942. Political Review 1943-1944' [95v] (190/483), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2877, p.63.

## پێکدادانی نێوان هێزەکانی پۆلیس و لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی:

لە ئەنجامی بەرتەسکبوونەوەی سنووری جوگرافیای خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی لەلایەن پۆلیسەوە، ئەوا ناچار ڕووبەڕووی چەند پێکدادانێک بوونەوە، بەڵگەنامە بەریتانییەکان ئاماژە بە چەندین پێکدادان دەکەن، لەوانە: «دۆخی کوردستان لە سەرەتای ساڵەکەدا زۆر جێگای نیگەرانی بوو و گرووپە لەیاسادەرچووەکان دانیشتووانیان دەترساند لە هەریەکە لە ناوچەکانی سلێمانی و مێرگەسۆر، لە سلێمانی بەتالیۆنی دووەمی سنوور شەڕێکی سەرکەوتووانەی پەرپا کرد لەگەڵ ڕێگرەکان لە مانگی ئازار و دەستیان بەسەر دۆخەکەدا گرت، بەڵام لە مێرگەسۆر کوردێک بە ناوی خەلیل خۆشەوی گرووپێکیی کۆ کردەوە کە دەگوترا زیاتر بوون لە ٢٠٠ کەسی بەهێز. هەر بۆیە ڕێ و شوێنی کارا گیرانە بەر لەدژی ئەوان و خاڵەکانی پۆلیس لە ناوچەی بارزان لەلایەن سوپاوە وەرگیران و ڕێکارەکان گیرانە بەر بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ هێزەکانی تورکیا لەو بەری سنوور. لەگەڵ ئەوەشدا تاکوو مانگی٧ (ئاب) هێزێک لە سێ بەتالیۆن کۆکرایەوە و ئەحکامی عورفی ڕاگەیەنرا بۆ بەدیهێنانی هەر سەرکەوتنێک. پۆلیسی چەکدار لە چەند ڕووبەڕووبوونەوەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بەسەر یاخیبوونەکاندا و لە مانگی ئەیلول ئەوە ڕاگەیەنرا کەوا خەلیل خۆشەوی ڕای کرد بۆ ناو خاکی ئێران و زۆربەی شوێنکەوتووانی زیندانی کران».[1] هەروەها بەڵگەنامەکان ئاماژە بە چەند ڕووداوی تر دەکەن، لەوانە: «ئۆپەراسیۆنەکانی پۆلیس دژی خەلیل خۆشەوی و شوێنکەوتووانی بە شێوەیەکی جێگیر بەردەوام بوون. ژمارەی ئەو گوندە تایبەتانەی کە پێویستە دانیشتووانی ناوچەکەیان بۆ بگوازرێنەوە، بەو شێوەیەی کە ڕوون کراوەتەوە لە بڕگەی ١٠٧ ی کورتەی دوا مانگ، زیاد بوون بۆ حەفدە، لە ئێستاشدا چۆڵکردنی هەموو گوندەکان لە تەواوی ناوچەکەدا جێبەجێ دەکرێت.. لەگەڵ ئەمەشدا لە

[1] Coll 17/17 'FO Annual Reports, 1932-1938, 1947. Annual review of events 1939-1942. Political Review 1943-1944' [95v] (190/483), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2877, p.55.

٩ی نیسان هێرش کرایە سەر کەتیبەیەک، کە بریتی بوو لە نزیکەی ٣٠ پیاو لە هێزی زەبر وەشێنی پۆلیس، بەپێی ڕاپۆرتێکی فەرمی کە ئەمانە ٧٠ یاخیبووی سەر بە گرووپی خەلیل خۆشەوی بوون، لەژێر سەرکردایەتی سەلیم خۆشەوی لە نزیک پێندرۆ (1. C/SW. 32.a) لە هەمان کاتدا قوربانییەکانی پۆلیس بریتی بوون لە کوژرانی یەک پۆلیسی نیزامی و یەکێکی نا نیزامی و برینداربوونی یەک پۆلیسی نیزامی و یەکێکی نا نیزامی. یەک یاخی بوو کوژرا و گوترا کەوا هەندێکیان بریندار بوون.. هەروەها دواتر چەند پێکدادانێک ڕوویدا لەنێوان کەتیبەیەکی هێزی زەبروەشێنی پۆلیس کە لە ٢٠ پیاو پێکهاتوو لەگەڵ ٥٠ یاخیبووی لایەنگری خەلیل خۆشەوی لە (دەری چەل) لە ناوچەی کانیەڕەش (1. C/SW. 36.c) یەک پۆلیسی نیزامی کوژرا و یەکێک بریندار بوو و دوو چەکداری نانیزامی برادۆستی کوژران و یەکێکیش بریندار بوو. قوربانییەکانی یاخی بووان نەزانراوە.. هەر لەم بارودۆخانەشدا لەمیانی مانگەکەدا تەنیا (١٤) یاخیبووی تری خۆشەوی و ٢ پیاوی هۆزی گەردی تورکیا بە شێوەیەکی تاکە کەسیانە ڕادەستی دەسەڵات کران و دەگوترێت کەوا یەک یاخیبووی تری لایەنگری خەلیل خۆشەوی ڕادەستی هێزەکانی تورکیا کرابێت لە ٢٤ی نیسان».[1]

لە ڕێکەوتی ١٧ای نیسان پاشماوەی بەتالیۆنی سێیەمی سنوور (بۆ ئەوەی کۆی گشتی ژمارەیان بکاتە ٤٠٠ پیاو) گوازراوە لە دیاناوە (لەو شوێنەی کەوا پێشوازیان پێکرا لەلایەن بەتالیۆنی حەوتەمی پیادە) و ئێستا سێ پۆستی پۆلیسیان وەرگرتووە، هەروەها بەتالیۆنی یەکەمی سنوور لە بلێ زیاتر لە چوار پۆستی پۆلیسیان وەرگرتووە. (سەیری بڕگەی ١٠٠ و ١٠٦ای کورتەی دوا مانگ بکە). بەمەش ئەو حامیانەی پۆلیس کە هەڵوەشێنرانەوە چوونە پاڵ هێزە زەبروەشێنەکانی پۆلیس. لەبەر ئەوەی کە هەریەکە لە هێزە سەربازییەکان و پۆلیس ئێستا بەشداری دەکەن لە ئۆپەراسیۆنەکاندا، زەعیم ئەحمەد ڕەشید، لە کەرتی سەربازی ڕۆژهەڵات (کەرکوک)، لە سەرکردایەتی باڵا دانرا لەگەڵ بارەگاکەی لە شێروان مەزن (1. D/NW. 3.a)و عەبدوڵڵا عەونی بەگ (فەرماندەی پۆلیس، مووسڵ) کەوا ئەفسەری فەرماندەی هێزی زەبر وەشێنی پۆلیس بوو، بە سیفەتی ڕاوێژکار کاردەکات[2].. لەدواتردا دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەك لەنێوان پۆلیس و شوێنکەوتووانی خەلیل خۆشەوی لە تەنگەبەری

---

[1] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.9-10.

[2] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.9.

گەلی سولی (1 D/NW 8.a) لە ١٧ی کانونی دووەم، بۆ ماوەیەکی کاتی وەستاندنێکی چالاکیەکان هەبوو لە لایەنی یاخیبووەکانەوە لە ناوچەی بارزان تاکو سەرەتای مانگی ئادار، دەکرێ بەهۆی سەرمای زستانەوە چالاکییەکانیان ڕاگرتبێ. لەمیانی ئەو ماوەیەدا پۆلیس بەدوای ئەسپەکانی هەندێک شوێن کەوتەی دیاریکراوی شێخ ئەحمەد لە دەوروبەری گوندی بارزان دا گەڕان (1. D/NW 1.d) دەرەنجام دەستیان گرت بەسەر ٢٣ تفەنگی لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی. لەو ئان و ساتەدا، حکومەت سەرقاڵ بوو بە داڕشتنی پلان و ئامادەکارییەکان بۆ کۆکردنەوەی دەرچووان لە یاسا هەر کاتێک توانای دووبارە جووڵەکردن هەبێت بە پێوەرێکی ڕێکخراو، کەوا بە زۆری بەرەو کۆتایی مانگی ئازارە[*].. دەسەڵاتی سوپا لە بەغداد ستافی ڕێکخست بۆ یەکەم بەتالیۆنی سنوور لە بلێ (1 D/NW 7.d) بۆ ئەوەی ئامادەبێت بۆ گرتنەئەستۆی ئەرکەکانی پۆلیس لە بارزان و ڕێزان (1 D/NW 8.d)، هەروەها بەتالیۆنی سێیەمی سنوور لە دیانا (1 D/NE 19.d) بۆ ئەنجامدانی هەمان شت لە خێرۆزۆك (1 D/NW 4.d) و مێرگەسۆر (1 D/NW 16.b) لەپێناوی هەڵوەشاندنەوەی حامیەکانی پۆلیس هەرکاتێك دەستپێکردنی تۆپەراسیۆنەکان لە دژی خەلیل خۆشەوی لە ئان و ساتدا بێت.. لەکۆتایی مانگی شوباتدا، دەسەڵاتەکانی موسڵ کەوا جاربەجار داوایان لە مودیری گرانا (1 C/SW 33.b) و قایمقامی (دزێ)ی گەوەڕ (1.C.B.2) سەر بە تورکیا دەکرد کە خۆشەوی دەربکەن لە ناوچەی گەردی تورکیا، کەوا باسکراوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا لە شاری وانەوە یەك بەتالیۆنی پیادە و یەکێکی جەندرمە نێردرابوون بۆ ناوچەی بێرۆخ (1 C/SW 33.b) بۆ دەرکردنی خۆشەوی لە خاکی تورکیا.. وەك هەنگاوێکی دەستپێکی بۆ تۆپەراسیۆنە پێشنیازکراوەکانیان، دەسەلاتە شارستانیەکانی عێراق، هەستان بە گواستنەوەی خەڵکی ناحیەی مێرگەسۆر کە سەر بە قەزای ڕواندز بوو، بەشێوەیەکی کاتی لە لیوای هەولێرەوە بۆ لیوای مووسڵ، ئەم بڕیارەش لە ١ی ئادار جێبەجێ کرا، عبداللە عونی بەگ (فەرماندەی پۆلیسی موسل) پۆستی فەرماندەیی هێزی زەبروەشێنی پۆلیسی وەرگرت لە علي سعید بەگ (فەرماندەی پۆلیس، هەولێر).. لەکاتێکدا کە درکیان بەوە دەکرد کەوا ڕێکارە سزاییەکان بە تەواوی ئامادەکاریەکانەوە لەدژی خەڵکی ناوچەکە و چەکدارانی خەلیل خۆشەوی بوون، لەمکاتەدا گروپێکی شوێنکەوتووانی خۆشەوی هێرشیان کردە سەر بنکەی پۆلیسی شێروان مەزن (1 D/NW 3.a)، بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا و

[*] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.12.

بەهەمان شێوە بە بێ هیچ قوربانییەك لە هەردولایانەوە یاخیبووەکان گەڕانەوە شوێنی خۆیان. بەمەش دەسەڵاتدارانی عێراقی ڕاستەوخۆ پشتگیریان بۆ ناوچەکە نارد کە بریتی بوو لە ٦٠ پۆلیس لە شاری موسل بۆ شێروان مەزن و ٢٥ پۆلیس لە قەزاکانی زاخۆ و ئامێدی بۆ قەزای زێبار. هەر لەم سەروبەندەدابوو ڕیزێك لە هێزەکانی تورکی دەگیرا، کە دەگوترا ژمارەیان نزیکەی ٢٠٠ پیاو دەبوون گەیشتە شاپەتا.[١] بەڵام چالاکییەکانی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی لەناوچەکەدا بەردەوام بوو، هەروەکو بەڵگەنامە بەریتانییەکان دەڵێن: "دووەمین گروپی لادێ نشینەکان هێرشیان کردە سەر گوندێکیتر لە ناحیەی مێرگەسۆر و چوارکەسی گوندەکەیان کوشت بە پاساوی ئەوەی قبوڵیان نەکردووە ببنە لایەنگری فەرماندەکەیان (مەبەست لێی خەلیل خۆشەوییە). هەروەها لە ڕێکەوتی ١٥ی مارت سێ کەس لە هۆزی (خەلونی) لەنێوان گەروەبیر و هاودیان دەستبەسەرکران لە لایەن گروپێکی ٢٠ کەسی لە چەکدارانی خەلیل خۆشەوی کە دەستیان بەسەر پارە و حەوت باری ئێستر لە کەل و پەل داگرت.." ئەم بارودۆخە بەمشێوەیە بەردەوامبوو، هیچ ڕێکەوتێك دیاری نەکرابوو بۆ دەسپێکردنی هەڵمەتی پۆلیس لە دژی خەلیل خۆشەوی، هەڵپەساردنی پرۆسەکە لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە بەهۆی هاتنی وەرزی بەهار بوو لە ناوچەکەدا، بەڵام بە ڕوانین لە چالاکییەکانی پێشووی بەشێك لە لایەنگرەکانی خەلیل خۆشەوی، ئەوا ناچار بوون ئامادەکارییەکان بۆ هەڵمەتی پۆلیس و هێزە سەربازییەکان تەواو بکەن. لە ڕێکەوتی ١١ی مارت بەتەلیۆنێکی ١٠٦ کەسی لە هێزی سێیەمی سنور لە ژێر سەرکردایەتی ئەیس ئەمین ڕەواندوزی ناوچەکانی دیانا (سۆران) بەجێهێشت و لە ڕێکەوتی ١٦ی مارت گەیشتنە مێرگەسۆر. دواتر پۆلیس ڕایگەیاند کەوا مێرگەسۆریان دەستبەسەرداگرتووە، لە هەمانکاتدا چەند کەسانێك بە پۆلیسیان ڕاگەیاند ناوچەکانی هێزی یەکەمی پۆلیس لە بارزان دەستیان بەسەر (بلێ) داگرتووە.. بارەگاکانی هێزی پۆلیس چەند ڕێنماییەکیان دەرکردووە، کە هەموو دانیشتوانی گوندەکانی ناحیەی مێرگەسۆر لەگەڵ خێزانەکانیان بەکۆمەڵ بگوازنەوە بۆناو مێرگەسۆر یاخود بۆ خەیروزۆك، یاخود دەتوانن بچن بۆ ئەم گوندانە: گۆرەتو، پیران، شانەدەر. کە لەو شوێنانەدا بنکەی پۆلیس بۆ پاسەوانیان بە شێوەیەکی کاتی دامەزرێنراوە، ئەمەش بە پاساوی ئەوەی خەلیل خۆشەوی بڕیاریداوە کە هەرکەسێك بەرهەڵستی جوڵانەوەکەی ئەو بکات و نەچێتە ناو جوڵانەوەکەی، ئەوا دەکوژرێت و

[١] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.13.

گوندەکەشی دەسوتێنرێت. هەمان ئەو هەڕەشانە لە گوندەکانی ناوچەی شێروان مەزن ڕوویدابوون. ئەو ڕێنماییانە دەریدەخەن کە لە ئەنجامی ئەو شکایەتە گشتیانەوە بووە کە لەهەردوو ناوچەدا لە خەلیل خۆشەوی کراوە. لە بەرامبەر ئەمەشدا بەیاننامەیەکی تری بنکەی پۆلیس هاتووە کە هەرکەسێك هاوکاری گروپەکەی خەلیل خۆشەوی بدات یاخود پەنایان بدات، ئەوا لەناو دەچێت.. هەروەها ڕاگەیەنراوە کەوا بنکەیەکی پۆلیس لە شانەدەر لەگەڵ ٢٠ پیاو (پۆلیس) دامەزرێنراوە. هەروەها ڕاگەیانروی تری بچوك (لاوەکی) هەبوون کەوا لە گوندەکانی دەوروبەری شانەدەریش بنکەی پۆلیس دامەزرێن.. تیمی بەرەنگاربوونەوەی خەلیل خۆشەوی ڕایانگەیاند کە سەرکەوتوون لە هێرشکردنە سەر بنکەکانی پۆلیس، لەهەمان کاتدا هێزە زەبروەشێنەکەی پۆلیسی عێراقی چەندین گوندیان لەناوچەکانی مزووری و شێروان سوتاندووە بە پاساوی ئەوەی پەنای خەلیل خۆشەوی و چەتەکانی داون و هاوکاریی و پێداویستیان بۆ دابین کردوون. لەکاتێکدا بەشێك لە لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی کە خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراقی دەکردەوە یاخیبووەکان ڕایانگەیاندووە کەوا توشی ماندو بوون و دەردەسەری هاتوون لە پەیداکردنی شوێنی حەوانەوە ئەویش بەهۆی چۆڵکردنی گوندەکان و هێنانی خەڵکەکانیان بۆ ئەو گوندانەی کە پاسەوانی پۆلیسی لێدانراوە. هەر لەبەر ئەمەش دەگوترێ کە زۆربەی چەکدارەکان گوتویانە پێویستە ناوچەکانی شێروان و مێرگەسۆر چۆڵ بکەن و بەرەو باکوری کانی ڕەش هەڵکشێن. بۆ ئەمەش بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە چەکدارانی خەلیل خۆشەوی بۆ بەدەستهێنانی خۆراك و پێداویستییەکانیان لە هۆزی برادۆست، ئەوا هەموو دانیشتوانی ناوچەکە لە شانەشا و کانی ڕەش ئاگادارکراونەتەوە کە ناوچەکانیان بەجێبهێڵن بۆ ئەو ناوچانەی کە بە هێزی پۆلیس پاسەوانی دەکرێن[1].. وریایی زیاتر، پۆستێك (پارێزراو لەلایەن دەسکۆ و ١٠٠ پۆلیسی نانیزامی) دامەزراوە لە شانەشا لەپێناوی ڕێگریکردن لە یاخیبووان لە ڕاکردن بەرەو ناوچە تورکیەکان.. ئەوەی جێگای سەرنجە کۆی گشتی ژمارەی ئەو پۆلیسانەی کە بەشداریان پێکرا لە ئۆپەراسیۆنەکاندا زانراو نیە، بەڵام وا مەزەندە دەکرێت کەوا بە هەژمارنەکردنی ئەو پۆستانەی کە وەرگیراون لەلایەن سوپاوە، ئێستا لە ناوچەکەدا نزیکەی ٨ پۆستی پۆلیسی هەمیشەیی و ٧ی کاتی هەن، لەگەڵ نزیکەی ١١٥ پۆلیسی نیزامی و ١٠٠ پیاوی هۆزەکان (ناونووسکراون وەك پۆلیسی نانیزامی) بەکارخراون بۆ پاراستنیان، هەروەها کەوا هێزی

[1] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.14.

زەبروەشێنی پۆلیس پێکدێت لە نزیکەی ٢٠٠ پۆلیسی نیزامی و ١٠٠ پیاوی هۆزەکان وەك پۆلیسی نانیزامی. لەبەرامبەر ئەمەشدا ژمارەی شوێنکەوتووانی خەلیل خۆشەوی زانراو نەبوو، بەڵام بەشێوەی جیاواز باسیان کراوە لە ١٠٠ بۆ ٢٠٠. بەهەر حاڵ، بڕوا وایە کەوا ژمارەیان لەنێوان ٨٠ و ١٠٠ دایە، بە هەژمارنەکردنی شوێنکەوتووەکانی محمەدەمین لە گەردیەکانی تورکیا، ئەوانەی کە لەوانەیە لە ناوچەی خۆیان مابن.. دەنگۆی ئەوە هەیە کەوا دەسەڵاتی تورکیا خانەوادەکانی شوێنکەوتووانی خەلیل خۆشەوی گواستۆتەوە لە بێرۆخ بۆ دزێ (1.C.B.2)، هەروەها حکومەتی تورکیا هەموو موختاری گوندە گەردیەکانی تورکیای دەستگیر کردووە، بەتایبەتی ئەوانەی لە ڕابردوودا پەنای خۆشەوی و دەستەکەی داون.. لە ڕۆژهەڵاتی دوور، چالاکیەکانی خەلیل خۆشەوی بەشێوەیەك دەسەڵاتی شەرمەزار کردووە کەوا تاڵانکردنی پچڕ پچڕی گوندەکانی ئاشوریەکان لە بەرواری ژێری و زێبار بەبێ سزادان تێپەڕیون. بڕوا وایە کەوا خورشید ئاغا و شوێنکەوتووە زێباریەکانی فارس ئاغا بەرپرسیار بوون لەو خراپەکاریانە و ئاشوریەکانیش بڕوایان پێهێنراوە کەوا لەبەر بوونی حکومەت توانای دابینکردنی پاراستنی نیە بۆیان. ڕاپۆرتێك کە تاکو ئێستا پشتڕاست نەکراوەتەوە، دەری دەخات کەوا لە دەرەنجامدا شەماشە سەیفۆ ی گریبش (137 P/NE 18.b) و شەماشە تالو ی دوواریا (137 P/NE 11.d) و ڕەیس نیسان ی کورتکا ( 137 P/NE 16.a.4.9. نیشانە نەکراو) سەردانی فارس ئاغایان کردووە و داوایان لێی کردووە کە پاراستنی ئاشوریەکانی ناوچەی زێبار بخاتە ئەستۆی خۆی لە بەرامبەر پێدانی (شایستەکانی پلەی ئاغا) پێی، هەروەها خەڵك وای تێدەگەن کەوا ئەو شایستانە سەربارن بۆ کرێ و باجەکانی ئیستیحقاق (بەرهەمهێنان) و باجی کۆدا (ئاژەڵ) کە پێشتر دراون بە حکومەت"[1].

لە بەردەوامیی بڕگەی ٣٦٣ی کورتەی هەواڵگەری بۆ مانگی کانونی یەکەمی ١٩٣٤، خەلیل خۆشەوی بەردەوامە لە چالاکیەکانی لە باکور، شوێنکەوتوانی بەشێوەیەکی فەرمی ڕاگەیەنراوە کە گوایە نزیکەی ١٠٠ کەس بن.. هەربۆیە لەناوچەکەدا چەند هێرشێکی بچووك ئەنجام دراون لەدژی گوندەکان لەلایەن گروپە بچووکەکانی شوێنکەوتووانەوە لەژێر فەرمانی سەرکردە ژێردەستەکانی، بەڵام لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەم گوندی خەلان (1.D/NW. 18.c.) هێرش کرایەسەر و چوار لە دانیشتووانی گوندەکە کوژران و هەندێك لە ماڵەکان سوتێنران. دوای ئەمە گروپێك لە ٤٠ کەسی سەر بە یاخیبووانی خۆشەوی چوونە ناو

[1] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.15.

گوندی ئەشکەفتە (1.D/NW. 18.c) و داوی تالانکردنی گوندەکە، هەندێ کرێکاریان کۆکردەوە کەوا لەوێ مابوونەوە و چواریان لێ کوشتن و یەکێکیشیان بریندار کردن. دواتر دوو دانە لەو یاخیبووانە لەلایەن گەڕانێکی پۆلیسەوە دەستگیرکران لە دەوروبەری پیران (1.D/NW. 11.a) و، بەڕێکران بۆ ڕواندز. هەر لەم سەروبەندەدابوو دەوریەیەکیتری پۆلیس تەقەی لێکرکرا لەسەر ڕێگای کانیەلنج و یەك پۆلیس بریندارکرا. بۆ ئەمەش ڕێگەیەنرا کە هێشتان خەلیل خۆشەوی گوندی بێڕۆخی تورکیا کردبێتە بارەگای خۆی لەکاتێکدا کە شوێنکەوتووانی لە گوندەکانی سەروکانی گەردی (1.C/SW. 34.c) و نهاوا (1.D/NW. 4.d) سەر بە تورکیا جێگیر بووبن.. بەڕێوەبەری پۆلیس و فەرماندەی پۆلیس لە لیوای موسل لە سەرەتای مانگدا سەردانی هەولێری کرد بۆ تاوتوێکردنی شێوازەکانی ئەو ڕێکارانەی کە دەگیرێنەبەر سەبارەت بە مەترسیەکانی خەلیل خۆشەوی. درك بەو ڕاستیە کرا کەوا ئەو جێگیرکردنەی ئێستای هێزی پۆلیس لە ناوچەکە وەك و پێویست نیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکەدا و بڕیاردرا کە ٢٠٠ پیاوی ئەسپ سواری نانیزامی هۆزەکان چەکدار بکرێن بۆ ئەوی بەهاوبەشی کاربکەن لەگەڵ پۆلیسی نیزامی، هەروەها کار بکرێ بۆ بەرزکردنەوەی ئەو نانیزامیانە لە هۆزی شیروان هەنە. درك بەوە کرا کەوا بەکارخستنی هێزێکی چەکداری بچووك بەهەمان شێوە لەژێر تاوتوێکردندایە، بەڵام پێناچێت کە هیچ ڕێ و شوێنێك کە سروشتی جیددەیەتی هەبێت گیرابێتەبەر لەدژی خۆشەوی تاکو وەرزی بەهار، کاتێك بارودۆخ بۆ ئۆپەراسیۆنەکان زیاتر گونجاو دەبن"[1].

ئەم شەڕ و پێکدادانەی خەلیل خۆشەوی لەگەڵ پۆلیسی عێراقی وایکردن خەلیل لایەنگری زیاتری بۆ پەیدا ببێت، لەمکاتەدا کەسانێکیتر لەناوچەکانیترەوە دەهاتنە ناو جوڵانەوەکەی، بۆنمونە بەڵگەنامە بەریتانییەکان ئاماژە بەناوی (خۆیکە مەجید) دەکەن کە چوبێتە ناو بزوتنەوەکە، هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیدا ئاماژە بۆ ئەم رووداوە دەکات و دەڵێت: «گوتراوە کەوا خۆیکە مەجید جووڵەی کردبێت بۆ باکوور بۆ ناوچەی بارزان بۆ چوونە پاڵ خەلیل خۆشەوی، بەڵام ئەم دەنگۆیە پشتڕاست نەکراوە»[2].

[1] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.7.

[2] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.8.

لەگەڵ ئەمەشدا بەڵگەنامە بەریتانییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن پێکدادانەکانی خەلیل خۆشەوی لەگەڵ هێزی پۆلیس لە قۆناغەکانی دواتریشدا بەردەوامی هەبووە، هەروەکو ئاماژە پێدەکات:

P. Z.
207

**ئەم بەڵگەنامەیە مولکی حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی یە**

**ڕۆژهەڵات (عێراق)** **١٩٣٥/١٢/٣٠**

**نهێنی** **بڕگەی ١**

[E 7553/433/93]

گەورەم ئا. کلارك کێر بۆ گەورەم ساموێل هۆرس (وەرگیرا ٣٠ی کانونی یەکەم)

(ژمارە: ٦٥١) بەغداد، ١٩٣٥/١٢/١٦

گەورەم،

ئاماژە بە شاند کردنی بەڕێز بێتمان ژمارە: ٥١٢ لە ٢٦ی تەیلوول ی ڕابردوو، شەرەفمەندم کە ڕابگەیەنم کەوا خەلیل خۆشەوی دووبارە هێرش دەکاتەوە لە ناحیەی برادۆست.. وا دیارە کە هەر کە وەرزی زستان هەر دوو حکومەتی عێراق و تورکیا ناچار دەکات بە کشانەوە یان کە ئەو هێزانە لەبەرچاو ون بکەن کە جێگیریان کردوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناوبراو، ئەو گەڕاوە بۆ گوندی زێت (ڕاستەوخۆ لە باشووری چیای گۆڤەند) لەگەڵ کۆمەڵێک لە شوێنکەوتووانی کە مەزەندە دەکرێن بە نزیکەی شەست پیاو. لەم بنکەیەوە ئەو سەرلەنوێ دەستی کردووە بەو تاڵانکاریە نەریتەکانی. گوندە گەورەکان لەلایەن پۆلیسەوە دەپارێزرێن، بەڵام ئەوان توانای ئەوەیان نییە کە جووڵە بکەن بۆ ڕاوەدوونانی.. لەم سەروبەندەدا، پیاوانی هۆزەکان و گوندییەکان لە دۆخێکی ناهەمواردان. تاڵانکاریەکانی خەلیل خۆشەوی و بوونی هێزی گەورەی سەربازی و پۆلیس لەم کەرتە بۆ چەند مانگێک و گواستنەوەی زۆرەملێی خەڵکانێکی زۆر لە گوندەکانیان، خەڵکە ماوەکە لە جووتیار و بەخێو کارانی مەڕ و ماڵات کە ئامرازی گوزەرانیانن، بە شێوەیەکی مەترسیدار دڵتەنگ کردووە، هەروەها لەم زستانەدا ئەوان بەدەست هەژارییەکی زۆر و نەبوونیەوە دەناڵێنن.. من وێنەکانی ئەم شاندکردنە

دەنێرم بۆ باڵیۆزی خاوەن شکۆ لە ئەستەنبوڵ و بۆ خاوەن شکۆ هەڵسوڕێنەری کارەکان لە تاران.. لەگەڵ ڕێزم.. ئارچیباڵد کلارک کێر.[1]

تێکستی ناو بەڵگەنامەکان زانیاری زیاترمان لەبارەوە پێ دەدەن، هەر وەکوو بەڵگەنامەیەکی بەریتانی دەڵێت:

P. Z.
436

**ئەم بەڵگەنامەیە مولکی حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی یە**

**ڕۆژهەڵات (عێراق)** **١٩٣٥/١٢/٣٠**

**نهێنی** **برگەی ١**

[E 7553/433/93]

گەورەم ئا. کلارک کێر بۆ گەورەم ساموێل هۆرس (وەرگیرا ٣٠ی کانوونی یەکەم)

(ژمارە: ٦٥١) بەغدا، ١٩٣٥/١٢/١٦

گەورەم،

١. ئاماژە بە شاند کردنی بەڕێز بێتمان ژمارە: ٥١٢ لە ٢٦ی ئەیلوول ی ڕابردوو، شەرەفمەندم کە ڕابگەیەنم کەوا خەلیل خۆشەوی دووبارە هێرش دەکاتەوە لە ناحیەی برادۆست.

٢. وا دیارە کە هەر کە وەرزی زستان هەر دوو حکومەتی عێراق و تورکیا ناچار دەکات بە کشانەوە یان کە ئەو هێزانە لەبەرچاو ون بکەن کە جێگیریان کردوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵی، ئەو گەڕاوە بۆ گوندی زێت (ڕاستەوخۆ لە باشووری چیای گۆڤەند) لەگەڵ کۆمەڵێک لە شوێنکەوتووانی کە مەزەندە دەکرێن بە نزیکەی شەست پیاو. لەم بنکەیەوە ئەو سەرلەنوێ دەستی کردەوە بەو تاڵان کاریە نەریتیەکانی. گوندە گەورەکان لەلایەن پۆلیسەوە دەپارێزرێن، بەڵام ئەوان توانای ئەوەیان نیە کە جووڵە بکەن بۆ ڕاوە دوو نانی.

---

[1] Coll 17/10(1) 'Internal: political situation; relations with HMG' [148r] (300/982), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2860.

٢. لەم سەروبەندەدا، پیاوانی هۆزەکان و گوندییەکان لە دۆخێکی ناهەموارداں. تالانکاریەکانی خەلیل خۆشەوی و بوونی هێزی گەورەی سەربازی و پۆلیس لەم کەرتە بۆ چەند مانگێک و گواستنەوەی زۆرەملێی خەڵکانێکی زۆر لە گوندەکانیان، خەڵکە ماوەکە لە جووتیار و بەخێو کارانی مەڕ و ماڵات کە ئامرازی گوزەرانیانن، بە شێوەیەکی مەترسیدار دڵتەنگ کردووە، هەروەها لەم زستانەدا ئەوان بەدەست هەژارییەکی زۆر و نەبوونییەوە دەناڵێنن.. ئارچیباڵد کلارک کێر.[1]

لە کۆتاییدا هەموو ئەو بەڵگەنامە بەریتانییەکان پیشانمان دەدەن کە هێزەکانی پۆلیس لە ڕووبەڕووبوونەوەی خەلیل خۆشەویدا چەند زەرەر و زیانیان پێگەیشتووە. هەر بۆیە حکومەتی عێراقی هەموو هەوڵێکی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی گرووپەکەی خەلیل خۆشەوی، بەتایبەتی لە ڕووی پێکدادانی سەربازی و برینی سەرجەم سەرچاوەکانی گەیشتنی هاوکاری ئازووقە و زانیاری بۆ خەلیل خۆشەوی.

---

[1] Coll 17/10(1) 'Internal: political situation; relations with HMG' [148r] (300/982), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2860.

## دامەزراندنی پۆلیسی نا نیزامی و پێشنیازی چەکدارکردنی محەممەد ئاغا ی مێرگەسۆر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی:

هێزەکانی پۆلیسی نیزامی، سەرەڕای هاوکارییەکانی سوپای تورکیا و هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا، ئەوا نەیاندەتوانی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن و پێویستیان بە هاوکاری خەڵکی ناوچەکە هەبوو، تاکوو لەو ڕێگایەوە بتوانن بە شێوەیەکی باشتر جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی کۆنترۆڵ بکەن و ڕێگای چالاکییەکانی لێ بگرن، بۆ ئەمەش لە چەندین هۆز و خەڵکی گوندی ناوچەکانی بارزان خەڵکیان بۆ پۆلیسی نا نیزامی دامەزراند، هەر لەمبارەیەوەش لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیدا، لە ڕاپۆرتێک دا بە کۆدی (' File 8/5 Monthly Military ) بەناونیشانی هێزی سەربازی (Intelligence Summaries, Iraq' [26r] (56/268 Forces) کە باس لە تۆمارکردنی ئەندامانی عەشیرەتە عەشائیرییەکان دەکەن و بە پۆلیسی نانیزامی (Irregular Police) لە ساڵی ١٩٢٤ دادەمەزرێترێن، لە لاپەڕە (٥)دا دەڵێت «پۆلیسی نا نیزامی.. سیاسەتی حکومەت بۆ ناونووس کردنی پیاوانی هۆزەکان وەک پۆلیسی نا نیزامیی بۆ بەهێزکردنی ئەو هێزەی پۆلیس کە بەشداریان پێ دەکرێت لە ئاسایشی سنوورەکان ڕەخنەی لێ دەگیرا لە بڕگەی ١٧٩ی کورتەی هەواڵگری بۆ مانگی حوزەیران ١٩٢٤، لەسەر بنچینەی ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە دەدات بە پیاوانی هۆزەکان و سەرکردەکانیان، کە بە سروشتیان بێ یاسان و کەم سەرپەرشتیان لەسەر دەکرێت، کە ڕەفتار بکەن لەسەر بنەمای دەستپێشخەریان لەگەڵ بوونی دەسەڵاتی حکومەت لە پشتیان. لەبەر ئەوەی کە هۆزە جیاوازەکان، هەروەها تەنانەت خانەوادەکانیش لە تاکە هۆزێکدا، بە زۆری دژایەتی زیانەکانی سیاسەتەکە دەکەن دەکرێت ستایش بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە حکومەت دوویات لەوە دەکاتەوە کە نەخشەکە نەخشەیەکی جێگای ڕەزامەندییە، چونکە پیاوانی هۆز هەردەم بەکار دەخرێن لە تێکەڵکردنیان لەگەڵ پۆلیسی نیزامی و نەک بە شێوەی سەربەخۆ، ڕەخنەگرتنەکە بە شێوەیەکی تایبەت پاساوی بۆ دەهێنرایەوە بەو ڕاستییەی کەوا ئەو پۆلیسە نا نیزامیانەی کە ناونووس کران لە ناوچەی کانی ڕەش (1. C/SW. 36.c) و دامەزران لە دووری چەند میلێکی کەم لە ناوچەی مێرگەسۆر (1. D/NW.

16.b.)پێویست بوو بگەڕێنرێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، بەهۆی ئەو ئاڵۆزیانەی کە ئەوان بوونە هۆکاریان لەنێو توخمە هۆزگەراییەکان (بڕگەی ٣٦٦ی کورتەی هەواڵگری بۆ مانگی کانونی یەکەمی ١٩٢٤)».[1]

هەروەها لە خاڵی (٢٨) لە هەمان لاپەڕەدا دا باسی دامەزراندنی ٣٠ کەس لە عەشیرەتە کوردییەکان وەکوو پۆلیسی نا نیزامی دەکات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە گوندەکانی خۆیان و ڕێگە بگرن لە جوولانەوەی خەلیل خۆشەوی و ڕێگە نەدەن خەلیل خوشەوی لە ناوچەکانی ئەرگوش هاوکاری بکرێت و بمێنێتەوە، هەروەکو ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە دەڵێت: «سی (٣٠) پیاو لە عەشیرەتەکانی هەرکی بنەجێ لە گوندەکانی ئەرگوش و بەنان (١. ,C/SW. 27. a and 26. d) وەکوو پۆلیسی نا نیزامی دامەزرێنراون، بۆ ئەوەی بچنە گوندەکانی ناوچەکانی خۆیان و تاکوو دڵنیایی بدەن لەوەی، کە لە کاتەکانی دواتردا دانیشتووانی ناوچەکە (واتە گوندی ئەرگوش و بەنان) پەنای خەلیل خوشەوی و هاوەڵانی نەدەن تاکوو لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە».[2]

ئەوەی جێگای ئاماژەیە، ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی ئەرگوش هاوکاری سوپای عێراقییان کردووە لەدژی جوولانەوەکەی خەلیل خۆشەوی، لەم بارەیەوە سەعیدی کوڕی خەلیل خۆشەوی دەڵێت: «بەڵێ پۆلیسەکان بۆ دژایەتیکردنی خەلیل خۆشەوی دامەزرێترابوون، ئەنانەت ڕاسپێر درابوون کە بەرهەمی هەموو درا و درەختەکانی ناوچەکە هەیە لێی بکەنەوە، تاکوو چەکدارانی خەلیل خۆشەوی لە دواتردا لە بەرهەمی دارەکان سوودمەند نەبن»[3]، ئەمە لە کاتێکدایە کە خودی بەڵگەنامەکەش گەواهی ئەوە دەدات کەوا خەڵکی ئەرگوش هاوکاری جوولانەوەکەی خەلیل خۆشەوییان کردووە. لە لایەکی تریش دا، ئەرگوشییەکان لە هەموو شۆڕش و ڕا پەڕینەکانی ناوچەی بارزان بەشدارییان کردووە و ڕۆڵیان بینیوە، پێ دەچێت سروشت و سەختی ناوچە شاخاوییەکەی گوندی ئەرگوش، هەروەها هەڵکەوتەی جوگرافی (چیای گۆڤەند) هۆکاری یارمەتیدەر بێت بۆ بەشداری ئەوان

[1] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.5.

[2] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.5.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعید خەلیل خۆشەوی، ٢٦-٥-٢٠٢٢. بۆ بینینی وێنەی سەعید خەلیل خۆشەوی، بڕوانە پاشکۆ.

لەم جووڵانەوانە، تەنانەت لە زۆربەی جووڵانەوەکانی بارزاندا، بارزانییەکان بۆ پەڕینەوە بۆ تورکیا و هەروەها بۆ بەدەست هێنانی هاوکاری جۆراوجۆر بۆ جووڵانەوەکانیان، ئەوا چیای گۆڤەندیان وەکوو دەروازەیەک بۆ کارەکانیان بەکارهێناوە. جگە لەمەش پابەندبوونی ئەرگوشییەکان بۆ (فیدراسیۆنی بارزان) پێ دەچێت هۆکاری سەرەکی بێت تۆ ئەوەی بەشداری هەموو جووڵانەوەکانی بارزان و شێخانی بارزان بکەن.

لە هەمان کاتدا حکومەت پێشنیازی چەکدارکردنی محەممەد ئاغای مێرگەسۆر و لایەنگرانی دا، تاکوو ڕووبەڕووی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی بوەستنەوە، بەڵام هەر وەکوو دەردەکەوێت کە محەممەد ئاغای مێرگەسۆر ئەمەی ڕەتکردووەتەوە. بۆ ئەمەش هەمان بەڵگەنامە لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێت: «حکومەت بە هەمان شێوە پێشنیازی چەکدارکردنی محەممەد ئاغا ی مێرگەسۆر (1. D/NW. 16.b.) و شوێنکەوتووانی کرد بۆ پاراستنی ناوچەی بیاو (لەنێوان مێرگەسۆر و ڕووباری زاب) لە تاڵان کاری خەلیل خۆشەوی. لەگەڵ ئەوەشدا، پێشنیازەکە دەبووایە لا ببرێت بەهۆی ڕەتکردنەوەی محەممەد ئاغا لەلایەن سەرکردەکانی هۆزەکەوە وەک پۆلیسی نا نیزامی، ئەوانەی کە لە ناوچەکە دوور خرابوونەوە، وەک ئەوەی کە باسکراوە لە بڕگەی ٣٧ی سەرەوە.. سەرەڕای بوونی ناڕەزایی لەسەر دامەزراندنی پیاوانی هۆز وەک پۆلیسی نا نیزامی لەسەر بنەمای ئەوەی کە هێز جارێکی تر ڕادەستی ئاغاکان دەکرێتەوە بەم ڕێگایە، مەترسی ئەوە هەیە کەوا یە یەک دادان لەگەڵ ڕێگرەکان کوشتنی پیاوانی هۆزی لێ بکەوێتەوە، لەوانەیە ببێتە هۆی دوژمن داری و خوێن ڕشتن».[1]

بەڵگەنامە بەریتانییەکە لەبارەی هێزەکانی مانەوەی هێزەکانی پۆلیسە و باروودۆخی ئاشوورییەکان بەردەوام دەبێت لە پێدانی زانیاری، کەوا گشت مەخفەرە کاتییەکان (جگە لە یەک دانە لە هەر قەزایەک) هەر ئێستا کێشراونەتەوە و پۆلیسە پاسەوانەکانیان (کە بە هەموویان ٢٠ کەسن) نێرراون بۆ گوندی هۆستان (1. D/NW. 2.c) بۆ هاوکاریکردن لەدژی یاخیبوونەکانی خۆشەوی لە ناوچەی بە ڕۆژ.. لە سایەی باروودۆخە نا ئاساییەکان، ئەم نەهێشتنە کۆتاییەی مەخفەرە کاتییەکانی پۆلیس لەلایەن حکومەتەوە بووبووە زنجیرە کارێکی ژیرانە بۆ کەمکردنەوەی چاودێرییەکان و نەبوونی ڕێژەی کێشە و گرفت لەم ناوچەیەدا بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێک. هەرچەندە هەل و مەرجەکان ئاسایی نین. لە هەمان

[1] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.5.

کاتیشدا شـڵەژانی ئەو ئاشـووریانە لەو نـاوچەیەدا جێگیـر کـراون بە کەمـترین ئاسـتیش کەم نەبوودتەوە، سیاسەتی لایەنی مار شەمعون بریتی بوو لە هێشتنەوەیان لە بارێکی نیگەرانـی و ناڵاندنیان بەدەست دزی و هێرشەوە بەبێ چاکسازی بەهۆی بـاش چەکـدارکردنی ڕێژەیـی ئاشـوورییەکان لە قەزای ئامێـدی، هەروەهـا بـێ یاسـایی (کە بە هـۆیەوە کـورد بە هەمـان شێوەی ئاشـوورییەکان بـوون بە قوربـانی) لە قەزای زێبـار، زێـدەڕۆیی تێـدا کـراوە بـۆ ئەم مەبەسـتە. ئاشــوورییەکان زۆر کەم چەکیــان هەیە و دەژیــین لەنێــو کــوردە بــاش چەکـدارکراوەکان، کەوا هەسـت بە ناخۆشـی نـاکەن کە ببیـنن لە گونـدەکانیان دەترسـێن، کشانەوەی مەخفەرەکانی پۆلیسیش دەکرێت سەلمێنەری هاندەرێک بووبێت بۆ دزیـی سـادە و بێ یاسایی لەم ڕوانگەیەوە، چونکە حکومەت نیازی وابوو کە ڕێکارە سزاییەکان بگـرێتەبەر لە بەهـار لە دژی یـاخیبوونی خۆشـەوی لە نـاوچەی بەرۆژ، کشـانەوەی ئەو مەخـفەرانەی پۆلیسیش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەهـۆی ئەو تەنـگ و چەڵەمەیەوەیە کە لە نـاوچەکەدا دروست دەکرا لەلایەن خەلیـل خۆشـەوییەوە، هەروەهـا حکـومەتیش پێویسـتی بە پۆلیسـی زیاتر بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەلیل خۆشەوی، لە کاتێکدا ژمارەی ئەو پۆلیسـانەی دابـین کـران کە ژمارەیـان تەنیـا (٢٠) بـوو، بەهـۆی کشـانەوەی بنکەکـانی پـۆلیس لە نـاوچەکەدا، هەرچۆنێــک بێــت، مەترســییەکان زۆر کەم بــوو بە بەراورد لەگەڵ ئەو مەترســییەی کە لە کشاندنەوەیان دەکەوێتەوە، کە ئەمەش ئەوە دەردەخات کەوا بەرپرسان یان ئەم نائارامەیـان بە هەند وەرناگرن کە هەستی پێ دەکرێـت لەلایەن ئاشـوورییەکانەوە، یـانیش وایـان دانـاوە کەوا ئەو گەڕانەوەی یاسایە لە قەزای زێبار کاردانەوەیەکی وەکـوو پێویسـتی دەبێـت لەسـەر ناوچەکانی تر».[1]

هەروەها لە لایەڕە (١٠)ی هەمان بەڵگەنامەدا ئاماژە بۆ دامەزراندنی هێـزی تـر دەکـات لە ناوچەی ئاکرێ، کە ژمارەیان (٢٠٠)دەبێت، هەر وەکوو دەڵێت: «هێزێک لە نـزیکەی ٢٠٠ پیاوی هۆزەکـانی هۆزەمـاری و ڕێکـانی و هەرکـی (بەشـی ئـاکرێ) بەم دووایـیانە نـاونووس کراون بۆ چەکدارکردن وەک پۆلیسی نا نیزامی. پیـاوانی هەر دوو هـۆزی ڕێکـانی و هەرکـی نێرابـوون بـۆ نـاوچەی گەلـی بالنـدا (137. O/SE. 53.c)کەوا ڕێ نمایـان پـێ درابـوو کە ناوچەکە زۆر بە وردی کێوماڵ بـکەن، چـونکە بـڕوا وابـوو کەوا هەنـدێ لایەنـی یـاخیبووانی خۆشەوی خۆیان لەو نـاوچەیەدا حەشـارداوە. بەشـی هـۆزی هۆزەمـاری لەژێـر فەرمانـدەیی

[1] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.7.

سدیق ئاغا بەڕێکەوتن بۆ بلێ. بەڵام گەیشتنیان فارس ئاغای نیگەران کرد، کەوا یەکسەر پیاوانی خۆی کە سەر بە هۆزی زێباری بوون کشاندەوە لە بلێ و گەڕاوە بۆ هوکە (١٢٧ P/NE. 12.a) ئەگەری ئەوە هەبوو کە فارس ئاغا بێزار بوویێت لە بوونی پیاوانی هۆزی هۆرەماری لە بلێ، چونکە ئەو بە بەردەوامی کۆششی دەکرد کە هەژموونی خۆی لەم ناوچەیە زیاد بکات. باس کرا کەوا هۆزی هەرکی کەرتی (بەشی ئاکرێ) لەژێر سەرکردایەتی سەید خان مامەڵەی لەگەڵ کرا بۆ ئەوەی دواتر سەیری بەڵێنەکەیان بکرێت بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی حکومەت، هەروەها بۆ ئەوەی بگەڕێنرێنەوە بۆ زەوییە پاوانە زستانەکانیان».[١]

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت دامەزراندنی هێزە نا نیزامییەکان و هاوکاری هێزە نیزامییەکان وە هەماهەنگی و هاوکاری حکومەتی ئێران و تورکیا و بەریتانیا لەدژی جووڵانەوە کە خەلیل خۆشەوی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە جووڵانەوە کە لەسەر ئاستی هەرێمی و دەرەکیدا کاریگەری لەسەر حکومەتی عێراق هەبووە و بووەتە کێشەیەکی گەورە بۆ حکومەتی عێراقی.

[١] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.١٠.

## هەماهەنگی نێوان حکومەتی تورکیا و عێراق لەدژی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرانی:

بەڵگەنامە بەریتانی و تورکی و عێراقییەکان پیشانمان دەدەن کە هەر لە زووەوە تورکیا هاوکاری حکومەتی عێراقی کردبێت بەمەبەستی لەناوبردنی شۆڕشگێڕان، ئەنجامدانی هەر کارێک دژی چەکدارانی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی ئەستەم بوو، کە بە یاخیبوون و لە یاسا دەرچوون لە قەڵەم دەدران.

بەڵگەنامە بەریتانییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە حکومەتی عێراقی داوایان لە تورکیا کردووە بۆ دەرکردنی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی لە گوندی (بێرۆخ) لە خاکی تورکیادا، کە بۆ ئەمەش دەڵێت: «لە کۆتایی مانگی شوبات، دەسەڵاتەکانی مووسڵ کەوا جار بە جار داوایان لە بەڕێوەبەری گرانا (1. C/SW 33.b)و قایمقامی دزێ ی گەوەڕ (1. C.B.2) سەر بە تورکیا دەکرد کە خۆشەوی دەربکەن لە ناوچەی گەردی تورکیا، کەوا ڕاگەیەنراوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا لە وان کەوا یەک بەتالیۆنی پیادە و یەکێکی جەندرمە نێرابوون بۆ ناوچەی بێرۆخ (1. C/SW 33.b)بۆ دەرکردنی خەلیل خۆشەوی لە خاکی تورکیا».[1]

زیاتر لەوەش هەر لە کاتی مانەوەیدا لە تورکیا، ئەوا بەڵگەنامەیەکی تری بەریتانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا خەلیل خۆشەوی هاتووەتە گوندی گەردییەکانی دیوی تورکیا و لەوێ ماوەتەوە بۆ ماوەیەک، هەروەکو ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکەش دەڵێت: « ناوچەی بارزان... لەکۆتاییەکانی مانگی ئایار خەلیل خۆشەوی ڕووی کردە یەکێک لە گوندەکانی گەردیەکانی تورکیا بۆ خۆ حەشاردان و ئەگەری ئەوە هەیە کە هێشتا لەوێ بێت. لە ماوەی هەر دوو مانگی ئایار و حوزەیراندا ئەو و شوێنکەوتووەکانی بە بێدەنگی مانەوە. لەوانەیە ئەمە بەهۆی بەردەوامبوونی گوشار بێت لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە، کەوا ئێستا شوێن گۆڕینیان نیمچە ئەستەم بووە بۆ یاخیبووەکان بۆ جووڵەکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاگەیەنرا کەوا یاخیبووەکان هەموو پاوانەکانیان سووتاندووە لە ناوچەی

[1] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.13.

باكووری شێروان مەزن. بەهۆی ژمارەیەک لەو یاخیبووانەی كەوا ڕازیبوون بە خستنەڕووی حكومەت "دەخالەت" (برگەی ١٦٧ ی كورتەكەی نیسان) بڕوا وابوو كەوا كۆی گشتی ژمارەی ئەو یاخیبووانەی كە هێشتا ماونەتەوە لەگەڵ خەلیل خۆشەوی دەگاتە نزیكەی تەنیا ٤٠ پیاو».[1]

ئەمانە دەری دەخەن كە خەلیل خۆشەوی باكووری كوردستانی هەم بۆ مانەوەی خۆی و هەمیش بۆ دووبارە پلاندانان و ئەنجامدانی چالاكی بەكارهێناوە، هەروەها بە دەردەكەوێت كە هۆزە كوردییەكانی باكووری كوردستان لەسەر سنووری عێراق توركیا هاوكار و هاوسۆزی خەلیل خۆشەوی بوونە.

لە دواتردا بەپێی ڕاپۆرتێكی بەریتانی، كە لە بەغداوە لەلایەن (سێر ف. همفری) نووسراوە ڕەوانەی لەندەن كراوە بۆ (سێرجۆن سیمون) لە ڕێكەوتی ١/٩/ ١٩٣٥ تێدا ئاماژەی بەوە كردووە كە خەلیل خۆشەوی و پیاوەكانی لە كاری تێكدەرانە لەناوچەی بارزاندا بەردەوامن بەدرێژایی مانگەكانی تشرینی دووەم و كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٣٤، خەلیل و لایەنگرەكانی لەناو خاكی توركیادا هێرش دەكەنە سەر گوندەكان و پێنج موختاریان كوشتووە، وە چەند گوندنشینێكیان بریندار كردووە. بەپێی ڕاپۆرتەكە ژمارەیان (٧٠ ٨٠) كەس دەبن بەباشی خۆیان چەكدار كردووە و بارەگایان گوندی (بێروخ)[2]ە لە ناو خاكی توركیا، لە درێژەی ڕاپۆرتەكەدا باس لە هەڵوێستی توركیا دەكات بەرامبەر بە بزووتنەوەی خەلیل خۆشەوی و دامركاندنەوەی بە هاوبەشی حكومەتی عێراقی، ئاماژە بە ڕۆڵی بەرپرسی توركی دەكات كە بەرپرسی ئەو ناوچەیە بە كە خەلیل و لایەنگرەكانی ڕوویان تێ كردووە، لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی مووسڵ سەردانی ناوچەی بزووتنەوەكەی كردووە بە مەبەستی هاوكاری سەربازی نێوانیان، لە هەمان كاتدا ئاماژە بەوە دەكات سەردانی بەرپرسی توركی بێ سوودە، چونكە كرداری سەربازییەكەی توركیا بەرامبەر خەلیل و لایەنگرەكانی جێگای نیگەرانی توركیایە لەبەر هاوكاری كردنی هۆزی گەردی بۆ خەلیل خۆشەوی و پیاوەكانی، لەبەر ئەمە پێویستە بەڕێوەبەری پۆلیسی مووسڵ بەتەواوی پشت بە هێزەكانی خۆی ببەستێت، كە ئەمەش كارێكی گرانە، دواتر هێزێک لە هەولێر و ڕواندزەوە بەرەو ناوچەكە دێت بۆ مەبەستی لەناوبردنی چەكدارانی خەلیل خۆشەوی، بەڵام ئەم بێ سوود بووە، چونكە خەلیل

[1] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.12.

[2] بێرۆخ: دەكەوێتە ناوخاكی كوردستانی باكوور، یەكێكە لەگوندەكانی هۆزی گەردی.

خۆشەوی لە ١٩٣٤/١٢/٢٦ هەڵی کوتاوەتە سەر بنکەی ئەشغال لەنێوان دیانا و مێرگەسۆر، ئەو ناوچەیە (٨٠) میل لە بارەگای کونسوڵخانەی ئێمە (واتە: کونسوڵخانەی بەریتانیا) دوورە لە دیانا. هەر لەو ڕاپۆرتەدا باس لە کەسایەتی خەلیل خۆشەوی دەکات و دەڵێت تاکوو ئێستا وەک ڕێبەرێکی میللی نەبووە، باوەڕ ناکرێت بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەم کارانە ئەنجام بدات».[1]

ئەگەر ورد ببینەوە لەدوایین ڕستەی ئەم بەڵگەنامەیەی سەردوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە خەلیل خۆشەوی بە پێی ڕێنماییەکانی کەسێک جووڵاوەتەوە و چالاکی کردووە، کە ئەویش شێخ ئەحمەدی بارزانە. لەگەڵ ئەمەشدا دەردەکەوێت تورکیا لەوە ترساوە کاری چەکدارانی بزووتنەوەکەی خەلیل خۆشەوی پەرە بسەنێت و هەستی بەو مەترسییە کردووە کە ئەم ئاگردی خەلیل خۆشەوی نەپەڕێتەوە بۆ ناو خاکی تورکیا، ئەویش بەهۆی هاوکاری و هاوسۆزی و لایەنگری هۆزی گەردی لە دیوی تورکیا بۆ خەلیل لایەنگرەکانی.

بەڵگەنامە بەریتانییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە خێزانی خەلیل خۆشەوی، هەروەها خودی شێخ ئەحمەد و لایەنگرانی لە لە تورکیاوە تەسلیمی حکومەتی عێراق کراون، دواتریش دەگوترا شێخ ئەحمەد بە بیانووی هاندان و هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ خەلیل خۆشەوی لە ڕێکەوتی ٢٣ ١١ ١٩٣٤ لە مووسڵەوە ڕەوانەی ناسریە کراوە، هەر وەکوو بەڵگەنامە بەریتانییەکە دەڵێت:«خانەوادەی یاخی بووەکان، ئەوانەی کە دەگوترا کە لە بنەڕەتدا کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە ڕاگوێزرابنەوە بۆ دزار گەوەڕ (بڕگەی ١١١ لە کورتەی مانگی ڕابردوو)، ئێستا ڕاگەیەنراوە کەوا لەلایەن خودی یاخی بووەکانەوە گوازرابنەوە بۆ "ناوچەی عێراقی بەرمشکا (1. C/SE. 27.a.28)خانەوادەی خودی خەلیل خۆشەوی دەستگیر کراون لە بیابان "(1. D/NW. 1.d) لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقی و گوازرانەتەوە بۆ ناو عێراق لە مانگی ئازاری ١٩٣٤ (بەپێی ئەوەی کە ڕاگەیەنرا لە بڕگەی ٩١ی کورتەی مانگی نیسانی ١٩٣٤) باس دەکرێ شێخ ئەحمەدی بارزان، کە گوازرابووەوە لە مووسڵەوە بۆ ناسریە لە ١٩٣٤/١١/٢٣ بە تۆمەتی ئەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ خەلیل خۆشەوی هەیە هەستاوە بە هاندانی خەلیل خۆشەوی و کۆمەڵەکەی لەدژی حکومەت،

[1] ئایوب بارزانی، م. س، ص ١٦٧-١٦٨.

شێخی ناوبراو ئێستا ڕێگەی پێ دەدرێت لە ناسرییەوە لەگەڵ خانەوادەکەی بگەڕێنەوە بۆ بەغدا».[1]

لە هەمان کاتدا ئەو کێشە و گرفتەی حکومەتی عێراقی بە ناپاسایی لەگەڵ خەلیل خۆشەوی تووشی بووە زۆر خراپتر بووە لەو تاوانەی کە بنکەکەی لە خاکی تورکیایە و دەسەڵاتدارانی تورکیاش هیچ هەوڵێکیان نەداوە بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست دژ بە خەلیل خۆشەوی، بەڵام ئەگەری ئەوەی هەیە کەوا ئەمە بەهۆی هیچ نیاز خراپییەکەوە نەبێت لە لایەنی حکومەتی تورکیاوە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕاستییەی کەوا دەسەڵاتە خۆجێکانی تورکیا لەسەر سنوورەکان ڕێکەوتنێکیان هەبوو لەگەڵ خەلیل خۆشەوی کە بەپێی ڕێککەوتنەکە ئەوان بەشی خۆیان وەردەگرن لە هەر تاڵانێک کە لە عێراق بەدەست هاتبێت.[2]

بە هۆی ئەو بەفرە زۆرەی کە هەموو ڕێگاکانی گرتبوو، لە کۆتایی مانگی ئاداری ١٩٣٥ حکومەتی عێراقی توانی وا لە دەسەڵاتدارانی تورکیا بکات کە ڕێ و شوێنی توند بگرنە بەر بۆ لەناو بردنیان، لە ئەنجام دا تورکیا (٢٠٠) پیادەی تورکی نارده سەر سنوور نزیک (بێروخ).[3] وە حکومەتی عێراقی هێزێکی پێک هێنا کە لە (سێ) فەوج پێک دەهات، لەوانە: فەوجی (بلێ، ڕواندز، هەولێر) بەناوی هێزی (شێرباز)، لەگەڵ (٢٤) مەفرەزەی پۆلیس و ئەو هۆزانەی کە لایەنگری حکومەتیان دەکرد ناسراو بوون بە (چەتە)، لە دژایەتی کردنی خەلیل و پیاوەکانی.[4] سەرکردەی ئەم هێزە لیوا (محەممەدەمین زەکی پاشا) بوو.[5] بەپێی ڕۆژنامەی (البلاغ) حکومەتی تورکیا کارێکی باش و چالاک ئەنجام دەدات بۆ سەرکوتکردنەوەی هەر ئاژاوەیەک کە ئەشقییەکانی کوردی هەوڵ دەدەن لەسەر سنوورەکان ئەنجامی بدەن، بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی ناوبراو هێزێکی سوپای تورکیا نێرراوە بۆ ویلایەتی (هەکاری) بۆ

---

[1] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.١١.

[2] Coll 17/17 'FO Annual Reports, 1932-1938, 1947. Annual review of events 1939-1942. Political Review 1943-1944' [95v] (190/483), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2877, p.16-17.

[3] العراق في الوثائق البريطانيه سنه ١٩٣٦، ت: نجده فتحي صفوة، البصرة، ١٩٨٣، ص ١٢١.

[4] فؤاد عارف، مذكرات، تقديم وتعليق: د. كمال مظهر أحمد، ج ١، دهوك، ١٩٩٩، ص ١٢٨.

[5] م. ن، ص ١٣٠.

دەرکردنی یاخی بووە کوردەکان کە لە سنووری عێراقەوە دەپەڕینەوە ناو سنووری تورکیا، بە پێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی (خلق سسی) ی تورکی کە لە ماردین دەردەچوو، سێ پێکدادان لە نێوان هێزی تورکی و یاخی بووە کوردەکان دروست بووە، ئەم شەڕانە کاردانەوەی هەبوو لەسەر یاخی بووە کوردەکان کە خۆیان بدەن بەدەستەوە، لەجیاتی ئەوەی لەژێر ئاگری تۆپی سەربازەکان بن لە عێراق و تورکیا دا، ئەم کارە هاوبەشەی نێوان (عێراق و تورکیا) یارمەتیدەر بوو بۆ لەناوبردنی هەر بزووتنەوەیەکی یاخی بوو لە وڵاتدا[1]. هێزەکانی حکومەت داوایان لە خەلیل و لایەنگرەکانی کرد واز بهێنن، وە ماوەیان پێدا تاکوو ڕۆژی ١٩٣٥/٥/٢٩ خۆیان بدەن دەستەوە، بەڵام خەلیل و لایەنگرەکانی بەم داوایەی حکومەت ڕازی نەبوون، لەبەرامبەردا بەرپرسی مەفرەزەی پۆلیس لە باکووردا فەرمانیدا بە زووترین کات ئۆپەراسیۆن بۆ دەستگیرکردنیان ئەنجام بدرێت[2]. دواتر دوو کەس لە لایەنگرەکانی خەلیل خۆشەوی بەناوی (سەلیم عەبدوڵڵا سێلکی و عەبدوڵڵا حەسەن) خۆیان ڕادەستی هێزەکانی حکومەت کرد، بەپێی ی ئامر مەفرەزەکان ژمارەیان کەمە هەوڵ دەدەین دەستگیریان بکەین[3].

بەڵگەنامە بەریتانییەکان لەبارەی هاوکاری تورکیا و ناردنی هێزی پیادە بۆ سەرکوتکردنی خەلیل خۆشەوی زانیاری جیاوازمان پێدەدەن، هەروەها لەبارەی ڕووداوەکانەوە زانیاری وردتر دەخەنەڕوو، کە دەڵێت: "بە درێژایی وەرزی زستان ناوچەی بارزان بە بەردەوامی گێچەڵی پێ دەکرا لەلایەن گروپەکانی یاخیبووی لە یاسا دەرچوو خەلیل خۆشەوی و دژە ڕێکارەکانیش ئەستەم بوون بەهۆی بەفری زۆرەوە کەوا گشت ڕێگاکانی دادەپۆشی لەو کاتەی ساڵدا. هەرچۆنێك بێت بەرەو کۆتایی مانگی ئازار حکومەتی عێراق سەرکەوتوو بوو لە هاندانی دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ گرتنەبەری ڕێکاری توندتر. دواتر ٢٠٠ کەس لە هێزی پیادەی تورکی نێردران بۆ سنور نزیك بێرۆخ و لە دیوی عێراقیشەوە هێزێکی گەڕۆك لە ٥٠٠ پۆلیس و دوو بەتالیۆنی سنوری سوپای عێراق پێکدەهات، ئەوا جێگیر کران لە هەردوو ناوچەی بارزان و برادۆست. لە ئاکامدا ژمارەیەك بەیەکدادانی بچووك ڕوویاندا کە تیایاندا لەوانەیە خەلیل خۆشەوی نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ پیاوی لەدەستدابێت لە کوژراو بریندار. ئەوەش وایکرد خەلیل خۆشەوی زیاتر بێهێز بوو بە وازهێنانی زۆرێك لە پیاوانی کەوا خۆیان

[1] جریدة البلاغ، أخبار ترکیا تأدیب العصاة في ترکیة، ع: ٣٧٧، ١٩٣٥/٤/٢٨.

[2] جریدة البلاد، إنذار خلیل خوشوی، ع: ٥٤٩، ١٩٣٥/٥/١٧.

[3] جریدة البلاد، نهایه عصابه خلیل خوشوی، ع: ٥٧٨، ١٩٣٥/٥/٢٧.

ڕادەستی دەسەڵاتە تۆجییەکان کرد بە مەرجی تاسان. لە مانگی نیساندا لەبەر ئەوەی کە ڕێگریکرا لە ڕاکردن بۆ شوێنە نەریتیەکانی حەشاردانی خۆی لە سنور لە دیوی تورکیا، ئەوا خەلیل خۆشەوی ڕایکرد بۆ زنجیرە چیاکانی نزیك (دالامبەر داغ)، ئەو شوێنەی کە سنورەکانی تورکیا و ئێران و عێراق بەیەك دەگەن. بۆ ماوەیەك بە حەشاردراوی مایەوە، بەڵام لە دوایی مانگی حوزەیران جارێکیتر ئەو هێرشی کرد و تاڵانی گوندەکانی کرد لە عێراق. بەمەش حکومەتی عێراق دووبارە هێزەکانیان بەهێز کردەوە و حکومەتی تورکیاش هێزە سنوریەکانی توند و تۆڵ کردەوە بە بەکارهێنانی دوو بەتالیۆن لە هێزی پیادە و ۲۰۰ سواری شمشێر هەڵگر. ئەحکامی عورفی لە ناوچە ئاڵۆزەکە ڕاگەیەنرا و ژمارەیەك لەو گوندانەش چۆڵکران لە لایەن دانیشتوانیانەوە کە خەلیل خۆشەوی و گروپەکەی خۆراك و تالیکی تازەیان لێیان دەست دەکەوت، ئەویش بە فەرمانی فەرماندەی هێزە عێراقیەکان. ئۆپەراسیۆنە هەماهەنگ کارەکانی هێزەکانی تورکی و عێراقی تا ئاستێکی باش سەرکەوتوو بوون. بە ڕەتکردنەوەی پێداویستیەکان شوێن کەوتووانی خەلیل خۆشەوی زۆر زوو کەم بوونەوە بۆ نزیکەی ۲۰ پیاوی گێچەڵ پێکراو و شەکەتبوو. لە سەرەتای مانگی ئەیلول هەواڵ لە خەلیل خۆشەوی درا، کەوا ڕایکردووە بۆ ئێران و لە میانی دووا حەفتەی مانگی تشرینی یەکەم سەردەمی یاسای ئەحکامی عورفی کۆتایی پێهێنرا. بەمەش لە ئەنجامدا نزیکەی ٦٢ کەس لە شوێنکەوتووانی خەلیل خۆشەوی حوکم دران بەرامبەر دادگا سەربازیەکان و بە ماوەی جوداجودا لە زیندانیکردن حوکم دران و هەشت کەسیش لە سێدارە دران.. دواتر ئەمە وایکرد هەرزوو کە زستان هات کەش و هەوا ئەو هێزە تورکی و عێراقیانەی لە دژی ئەو کۆکرابوونەوە ناچار بە کشانەوە کرد، خەلیل خۆشەوی گەڕایەوە بۆ مۆڵگە کۆنەکەی کە (چیای گۆڤەند) بوو، لە نزیکەی ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم ئەو دووبارە گێچەڵی دەکرد بە باکوری قەزاکانی بەرۆژ و برادۆست"[1].

هێزەکانی حکومەت بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوە دابوون خەلیل و لایەنگرەکانی گەمارۆ بدەن لە قەزای زێبار، بە پێی سەرچاوەکە شوێنی هەندێك لە لایەنگرەکانی دۆزیوەتەوە، یەکێکیشیان لێ کوشتووە و ئەوانیتر ڕایانکردووە، وە ئاماژە بەوەش دەکات، کە خەلیل خۆشەوی (ئەشقی) زۆر جار ئامادەیی خۆی پیشانداوە و خۆی تاکوو خۆی بەدەستەوە

[1] Coll 17/17 'FO Annual Reports, 1932-1938, 1947. Annual review of events 1939-1942. Political Review 1943-1944' [95v] (190/483), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2877, p.55.

بدات، کاتێك ئەو ماوەی دەستنیشانکردووە بۆ خۆبەدەستەوەدان تەواو دەبێت، خەلیل چەند بیانوییەك دەدۆزێتەوە لە دەسەڵات و دادپەروەری حکومەتی عێراقی و خۆی بە دەستەوە نادات. حکومەت ڕادەگەیێنێت هەرچەندە ماوەی دەستگیرکردنی درێژ بێت چارەنووسی وەك ئەشقی و ڕێگرەکان دەبێت، وە ڕادەگەیێنێت بەپێی زانیارییەکان کۆتایی خەلیل خۆشەوی نزیك بووەتەوە و لە ماوەیەکی کەم دا دەکەوێتە دەست هێزەکانمان کە هەستاون بە دەرکردنیان لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی دوای ئەوەی دوو دڵی خۆی نواندووە لە خۆبەدەستەوە دان[1]. خەلیل خۆشەوی بیری لە خۆ بەدەستەوە دانی خۆی بۆ حکومەت کردبۆوە، وە داوای کردبوو خودی خۆی بە بەر لێبوردن بکەوێت، وە خانەوادەکانی بارزان بۆ گوندی بارزان بگەڕێنێتەوە. هەروەکو بەڵگەنامەیەکی بەریتانی لە بارەی ئەمەوە دەڵێت: ((حکومەتی عێراق ئاگاداری خەلیل خۆشەوی و شوێنکەوتووە یاخیبووەکانی کردەوە کەوا ئەوان ئامادەن بۆ بەخشینی دەخالەت بۆ هەریەکە لە خۆی و شوێنکەوتووەکانی. سەرەڕای ئەمەش خەلیل خۆشەوی ئاگادار کراوەتەوە کەوا ژیانی پارێزراو دەبێت. تاکو ئێستا وەڵامەکەی زانراو نیە. بەبیرمان دێتەوە کەوا خەلیل خۆشەوی دوورخراوەتەوە لە مەرجەکانی ئەو خۆ بەدەستەوەدانەی کە بۆ سەرکردەکانی بارزان لە ساڵی ١٩٣٢ و ١٩٣٣ خراوەتەڕوو، چونکە ئەو پۆلیسێکی ئاشوری کوشتووە کە دیل بووە لەلای))[2].

بەڵام هەریەك لە حکومەتەکان (عێراق  تورکیا) هەماهەنگی و هاوکارییەکی تەواویان کرد لەسەر لەناوبردنی بزووتنەوەکە، پاش بەدواکەوتنی هێزەکانی عێراقی (ئەشقییەکان) ناچار بوون پەنا ببەنە بەرخاکی تورکیا، لەوێ هەستاون بەئەنجامدانی کاری تاڵان و کوشتنی خەڵکی گوندەکانی ئەوێ، خەڵکەکە لێ یان بێزارن[3].

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت خەلیل خۆشەوی چەند جارێك باسی خۆ بەدەستەوە دانی خۆی کردبێت لەگەڵ حکومەت، بەڵام مەبەستی ئەوە نەبووە خۆی ڕادەست بکات، چونکە خەلیل لەوە تێگەیشتبوو ئەگەر بێتو خۆی ڕادەستی حکومەتی عێراقی بکات، ئەوا چارەنووسی لەناوچوون و کوشتن دەبێت، چونکە بڕیاری لێبووردن بۆ بارزانییەکان دەرچوو، بەڵام (خەلیل) لێی بەدەر بوو بەڵکو پێدەچێت مەبەستی ئەوە بووە خۆی نوێ بکاتەوە و

[1] جریدة البلاغ، الشقي خليل خوشوي وقتل احد أفراد عصابته، ع: ٢٨٩، ١٩٣٥/٦/٩.

[2] File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.١١.

[3] جريدة البلاغ، عصابه الشقي خليل خوشوي، ع: ٣٩٥، ٣ تموز ١٩٣٥.

حکومەت لەخشتە ببات، تا (شوێن و چەك و ئازووقە) بۆ خۆی ولایەنگرەکانی دابین بکات. لەگەڵ ئەمەش دا بۆمان دەردەکەوێت کە حکومەت ویستوویەتی لە لایەکەوە ورەی لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی بڕوخێنێت و لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوەی بووبێت هێز و شانی خۆی پیشانی جەماوەر بدات، بۆ ئەم مەبەستەش ڕایگەیاندووە کە: ((ژمارەی لایەنگرەکانی خەلیل کەم بووتەوە، لەماوەیەکی کەم دەستگیریان دەکەین و لەناوی دەبەین)). لەگەڵ ئەمەش دا حکومەتی تورکیا بۆ ئەم مەبەستە هێزەکانی خۆی ڕەوانەی ناوچە سنوورییەکان کردۆتەوە کە پێشتر هاتبوونە ناو خاکی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەلیل خۆشەوی، هەر بۆیە تورکیا هاوکار و هاوتەبا دەبێت لەگەڵ هێزەکانی عێراقی بۆ لەناو بردن و کۆتایی پێ هێنانی (ئەشقییەکان) ئاواتە خواز دەبێت[1]. لە کاتێکدا حکومەتی عێراقی بە درێژایی سنوورەکانی خۆی هێزی دانابوو تاکو دەرفەت لە بەردەم گەڕانەوەیان نەڕەخسێت بۆ ناو خاکی عێراق، ئەمەش گفتوگۆی حکومەتەکانی لێکەوتەوە لە سەر ئابلوقەدان و لە ناو بردنیان[2].

لە ئەنجامدا حکومەتی تورکیا هێزەکانی خۆی گەڕاندەوە سەر سنوور و بەگەیشتنی هێزەکانیان هاوکارییەکی تەواوی سوپای عێراقیان کرد[3]. لە ئەنجامدا ئەو هاوکارییەی نێوان حکومەتەکان لە بەرامبەر یاخیبووان بووەتە مایەی کەم بوونەوەی ژمارەیان لە (٢٠٠) کەسەوە بۆ(١٠٠) کەس[4]. پێش هاتنی هێزەکانی تورکیا بۆ سنوور لە بەرنامەی هەر یەك لە موتەسەریفی لیوای هەولێر و مووسڵ و کەرکوك لەگەڵ ئەمیر ناوچەی باکوور و ئەمیری ناوچەی ڕۆژهەڵات دا بوو کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدەن بۆ باسکردن و گفتوگۆکردن سەبارەت بە دانانی پلانێکی توکمە و گونجاو، وە ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ لە ناو بردنی ئەشقییەکانی خەلیل خۆشەوی، بەڵام بەستنی ئەم کۆبوونەوەیە ڕاگیرا بەهۆی هاتنی سوپای تورکی بۆ سنوور و دەربڕینی هاوکاری خۆی بۆ حکومەتی عێراقی))[5].

---

[1] جريدة العالم العربي، قوات الحكومتين العراقية والتركية، ع: ٣٤٧٦، بغداد، ١٢ تموز ١٩٣٥.

[2] جريدة البلاغ، م. س.

[3] جريدة البلاغ، قوات الحكومتين العراقية والتركية تتعاون على مطاردة عصابه خليل خوشوي، ع: ٣٩٧، ٩ تموز ١٩٣٥.

[4] ن، ص ٣ ؛ جريدة العالم العربي، م. س.

[5] جريدة البلاغ، توحيد الخطط للقضاو على عصابة الشقي خليل خوشوي، ع: ٤٠٠، ١٩ تموز ١٩٣٥؛ جريدة العالم العربي، توحيد الخطط للقضاء على عصابه الشقي خليل خوشوي، ع: ٣٤٨٤، ٢١ تموز ١٩٣٥.

لە ئەنجامی هاتنی هێزەکانی تورکیا بۆ سنوور و هاوکاریکردنی سوپای عێراقی لە ئابلۆقەدانی یاخیبووان و دانانی پلانێکی توکمەی هاوبەشی نێوانیان دەتوانین بڵێین کۆتایی هاتنی کردەوەکانی جوڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوییە[1]، چونکە تورکیا تەنها بە هاتنە سەر سنوور نەوەستاوە، بەڵکو لەو هاوکاریکردنەدا هاتوونەتە ناوخاکی عێراق، تەنانەت سەرکردەی هەردوو هێزەکانی تورکیا و عێراق لە ناحیەی (شێروان مەزن) کۆبوونەوە، پاش ئاوتوێکردن و ئەنجامدانی کاری پێویست بڕیاریان دا هەردوو هێزەکان بەهاوکاری (بێتەل و بروسك)ەوە پێکەو ببەسترێنەوە، ئەویش بەمەبەستی ئاسانکردنی پەیوەندی لە نێوان هەردوولا دا، پاش جێبەجێکردنی ئەم پێکەوە بەستنەی هێزەکان لەدوای دابینکردنی هاوکاری پێویست، هێزەکان نەخشەوپلانی هاوکاریان دانا بۆ دەستپێکردن بە کرداری گەمارۆ دانی ئەشقییەکانی خەلیل خۆشەوی.[2]

[1] جريدة البلاغ، قرب أجل عصابة الشقي خليل خوشوي، ع: ٤٠١، ٣٢تموز ١٩٣٥.

[2] جريدة البلاغ، أتفاق القوتين العراقية والتركية على تطويق عصابة الشقي خليل خوشوي، ع: ٤٠٤، ٣/ ٨/ ١٩٣٥؛ جريدة البلاد، تدابي حكمة لانفاء القبض على عصابة خليل خوشوي، ع: ٦١٥، ٤/ ٨/ ١٩٣٥.

## ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی:

لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٣٥) هێزەکانی حکومەتی عێراقی وەك هێزێکی ئەمنی کردن کاریان کرد بۆ سەرکوت کردن و دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی خەلیل خۆشەوی، بەمەش سنوورەکانی خۆیان داخست وە هەڵسان بە دەرکردنی حوکمی عورفی لە ناحیەکانی (مزوری باڵا، بارزان، مێرگەسوور) سەر بە لیوای مووسڵ و کانی رەش و ناوچەی برادۆست سەر بە لیوای هەولێر، لەم ناوچانەدا هێزی سەربازی (شێرباز) بەرپرس بووە تاکو ناوچەکە دەگەڕێتەوە بارودۆخی جارانی خۆی و ئاسایش تیایدا بەرقەرار دەبێت، کارگێری ناوچە ناوبراوەکان کارگێرییەکی سەربازی تەواو بووە، هەر یەك لە (رەشید عالی گەیلانی وەزیر ناخۆ /بریکاری وەزارەتی داد) و( یاسین هاشمی سەرۆك وەزیران/ بریکاری وەزارەتی بەرگری) سەرپەرشتی کارەکانی ناوچەکەیان کردووە[1]. بیانووی حکومەت لە ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی، پاك کردنەوەی ناوچەکە بوو لە ئەشقیەکان[2]. لە کاتێکدا ماوەی حوکمی عورفی لە ٥/ ئابی/ ١٩٣٥[3] تا ٢٠ ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥بوو[4]. ئەنجوومەنی حوکمی عورفی سەربازی پێکدەهات لە (موقەدەم ئیسماعیل حەقی ئاغا)، سەرۆکی یەکەمی (فەخری ئەمین) و سەرۆك (عەبدولقادر یاسین) وەکو دوو ئەندامی سەربازی، لەگەڵ حاکم (مەحەمەد سدیق عەبدوڵلا) و حاکم (سدیق تاهیر) وەك ئەندامی داد[5]. ئەم دوو حاکمەی ناوبراو بە ڕەگەز کورد بوون[6]. ئەنجوومەنی حوکمی عورفی ئەنجومەنێکی گەڕۆك بوو لە نێوان (ئاکرێ و زێبار و

[1] عبدالرزاق الحسني، م. س، ص١٤٢.

[2] أحمد محمدآمين قادر، م. س، ص ١٥٢.

[3] عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق، چاپخانەی ئەتڵەس، تاران، ٢٠٠٥، ل ١٦٦؛ کافی سلمان مراد الجادري، م. س، ص١١٨.

[4] عبدالرزاق الحسني، م. س، ص١٤٢.

[5] م. ن، ص ١٤٢.

[6] مەسعود بارزانی، س. پ، ل٤٧ ؛ عەلائەدین سەجادی، س. پ، ل ١٦٦.

موسل) بۆ ئەنجامدانی کارەکانی بۆ ماوەی سێ مانگ[1]. حکومەتی عێراقی لەو ماوەیەدا چەند کەسێکی ناوچەکەیان دەستگیرکرد، هەندێك لەوانە هیچیان لەسەر نەبوو، بێ تاوان بوون، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی تاوانبار و بێ تاوان بکەن خەڵکیان دەگرت و فەرمانی خنکاندنیان بەسەردا دەسەپاند وەك (عومەر کورانی، مەحمود، مەحەمەد مەحمود، فارس عەلی، مەلا زادە إسماعیل، عەزیز هۆستانی)[2]. کۆی ئەو کەسانەی درانە دادگا لە ماوەی حوکمی عورفیدا (٦٣) کەس بوون، وە لە لایەنگرەکانی خەلیل خۆشەوی (٩) کەس لە سێدارەدران[3]. ئەگەرچی بە پێی هەندێك سەرچاوە (٨) کەس لە سێدارە دراون[4]. هەروەها خێزانی خەلیل خۆشەوییان گواستەوە باشوور[5].

واپێدەچێت کاری ئەنجوومەنی حوکمی عورفی لەگرتنی خەڵکی بێ تاوان، بۆ ئەوە بوو بێت هاوڵاتیانی ناوچەکە بترسن، پەیوەندی بە ڕێزەکانی چەکدارانی خەلیل خۆشەوییەوە نەکەن، وە گواستنەوەی خێزانی خەلیل خۆشەوی بۆ خوارووی عێراق بۆ ئەوە بووبێت تاکو خەلیل واز لەکارەکانی خۆی بهێنێت.

هەریەك لە سەرۆك وەزیران (یاسین هاشمی) و وەزیری ناوخۆ (ڕەشید عالی گەیلانی) ڕووبەڕووی ڕەخنەکانی نوێنەران بوونەوە، (مەعروف الرساقی ١٨٧٥ ١٩٤٥) بە ڕەچەڵەك کورد ڕایگەیاند حوکمی عورفی لە ناوچەی بارزاندا بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی حکومەت لەقەڵەم دا، چونکە حکومەت بە تەمابوو لێبوردنی گشتی دەربکات، بەڵام وەزیری ناوخۆ لەوەڵامی دا دەڵێت حوکمی عورفی هەندێك ناوچەی کوردی دەگرێتەوە، لێبوردنیش بۆ بزووتنەوەکانی (دیوانیە و منتفك) دەبێت، لە درێژەی قسەکانیدا گووتی حکومەت لەگەڵ ئەوەدا نییە حوکمی عورفی ڕابگەیێنێت لە ناوچەی بارزان، بەڵام چەند هۆیەك هەن پێویستی وایکردووە کە حکومەت ئەم کارە ئەنجام بدات وەکو کارەکانی خەلیل خۆشەوی و پیاوەکانی لە ئاژاوە نانەوەی ناوچە سنوورییەکاندا، وە ستایشی ڕۆڵی حکومەتی تورکیا کرد لە ناردنی هێز بۆ سەر

---

[1] عبدالرزاق الحسني، م. س، ص ١٤٢.

[2] مەسعود بارزانی، س. پ، ل٤٧.

[3] محسن محمد المتولي، كرد العراق منذ حرب العالمية الاولى عام ١٩١٤ - حتى سقوط الملكية في العراق عام ١٩٥٨، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠١، ص٣٢٢؛ حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، بورسعيد-مصر، ١٩٩٢، ص ١٦٢.

[4] أحمد محمد آمين قادر، م. س، ص ١٥٣؛ نجدة فتحي صفوة، م. س، ص ١٢١.

[5] مەسعود بارزانی، س. پ، ل٤٧.

سنوور وەك بەربەستێك لە بەردەم یاخی بووان، گەیلانی بەرگری لـە حـوکمی عـورفی کـرد بـۆ ئەوەی هـەرچی زووە بزووتنـەوی خـەلیل خۆشـەوی لـەناو ببات و یارمـەتییان لـێ ببڕێـت، هەروەها حەوانەوەیان لە لایەن گوندەکانی ناوچەکە لێ قەدەغە بکرێت، کە هەنـدێك گونـد یارمەتییان دەدان بە پارە و نـان و چـەك، دواتـر هەریـەك لـە ئەندامـەکانی ئەنجوومـەن لـە نوێنەری سلێمانی (عـەلی کـەمال) و نوێنـەری بەغـدا (عەبدولعـەزیز قەسـاب) ڕەخنـەیان لـە دەرکـردنی حـوکمی عـورفی گـرت، عـەلی کـەمال لـە ئاخاوتنـەکانی خۆیـدا گـووتی: ((پێویسـتە یاخیبووەکان بگیرێن، وە لێبوردن بۆ خەڵکی ناوچەکە دەربکـەن، خـەڵکی ناوچەکـە خـەڵکێکی هەژار و کـەم دەرامـەتن))، هەروەهـا عەبدولعـەزیز قەسـاب نوێنـەری بەغـدا ڕەخنـەی لـە کارەکانی ئەنجوومەنی عورفی گرت هەندێك کەسی ناوچەکەیان لە سێدارە داوە کە شـایانی ئـەم سزادانە نەبوون، جگە لەمـەش دوورخسـتنەوە و دەسـت بەسـەر کـردنی مـاڵ ومـوڵکی چەنـد کەسانێکی تر، لە وەڵامی ئەمانـەدا یاسین هاشـمی سـەرۆك وەزیـران بـە نوێنـەری سـلێمانی گووت خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی بەرپرسن لە دەرکردنی ئەم حوکمە، دواتـر لـە وەڵامـی نوێنەری بەغدا هاشمی ڕاگەیانـد هۆکـاری پێکـدادان و شـەڕ لـە ناوچـەی بـارزان پێشـتریش هەبووە، ئەمەشی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی هێزێکی سـەربازی لـە ناوچەکـەدا، وە ئامـاژەی بـەوە کرد نـاردنی هێـزی سـەربازی لـە لایـەن حکومەتـەکانی تـری پێشـوو بـۆ ئـەم ناوچەیـە هـیچ ئەنجامێکی باشی نەبووە، بۆیە لێرەدا ئێمە داوامان لـە حکومـەتی تورکیـا کـرد بـۆ ڕاوەدوونـانی یاخیبووان تا کۆتایی پێ هێنانیـان، دواتـر حـوکمی عـورفی بـە بـاشی لـە قەڵـەم دا، گـووتی لـە ئەنجامی ئەم حوکمە دا زۆرێك لە چەکدارەکانی خـەلیل خۆشـەوی خۆیـان داوە بـە دەسـت هێزەکانمان، وە لە ئەنجامی ئەم حوکمە خـەلیل خـاکی عێراقـی بـە جێهێشـت و بـەرەو خـاکی تورکیا ڕۆیشت[1]. حکومەتی عێراقی لـەو ماوەیـەدا زۆر گـۆڕانی بـە خۆیـەوە بینـی، لـە مـاوەی ڕۆیشتنی شێخ ئەحمەد و بارزانییەکان بۆ ناوخاکی تورکیا تـاکۆ سـەردەمی خـەلیل خۆشـەوی (٩) جار وەزارەت لە حکومەتدا گۆڕانکاری پێ کرا[2].

دواتر بەرپرسانی حکومەت لە ڕێکەوتی ١٩٣٥/١٠/٣٠ سەرۆك وەزیران (یاسین هاشـمی) وەزیـری نـاوخۆ (ڕەشـید عـالی) وەزیـری بـەرگری (جەعفـەر عەسـکەری) حـوکمی عـورفی هەڵوەشاندەوە، هۆکاری ئەمەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئاسایش و ئـارامی گەڕاوەتـەوە ئـەو

---

[1] أحمد محمدأمین قادر، م. س، ص ص ١٥٢- ١٥٥.

[2] عەلائەدین سەجادی، س. پ، ل ١٦٥.

ناوچانانە کە بە بەر حوکمی عورفی کەوتبوون[١]. لە بۆچوونێکی تردا، هۆکاری هەڵوەشانەوەی دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی ئەنجوومەنی حوکمی عورفی کە خەڵکی بێ تاوانی سزاداوە، بە بڕیاری مەلیك هەڵوەشاوەتەوە[٢].

پێدەچێت هۆکاری هەڵوەشانەوەی حکومەت لە حوکمی عورفی بگەڕێتەوە بۆ لاوازی شۆڕشگێڕان، چونکە لە ئەیلوولی (١٩٣٥) سەرکردەی بەرەی گوڤەند (ئەحمەد نادر) دەکوژرێت ئەمەش کاردانەوەی لەسەر چالاکییەکانی چەکدارانی خەلیل خۆشەوی دەنوێنێت، چونکە کەوتبوونە بارودۆخێکی گران لە هەردوو لادا (تورکیا عێراق) هێزیان دەنارده سەریان، وە بەتووندی سنوورەکانیان لێ داخستبوون.

حکومەت لە دوای ئەهێشتنی حوکمی عورفی چەند هەنگاوێکی تری ئەنجامدا، کە بووبونە مایەی بارگرانی و برسییەتی بە سەر چەکدارانی خەلیل خۆشەوی وەك چۆڵکردنی زۆربەی زۆری گوندەکانی ناوچەکە و کۆکردنەوەیان لە چەند گوندێکی دیار و ژێر دەستیان، وە هاتوچۆی نێوان گوندەکان لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر قەدەغەکرد، تەنها دەبێت بە پرسی حکومەت هاتوچوو بکرێت، واتە بەبێ ڕێگەدانی حکومەت هەموو هاتوچۆیەك قەدەغە بوو، جگە لەمە حکومەت لە بەیانیدا سەرژمێری مەڕومالاتی گوندییەکانی دەکرد بەر لەوەی بچنە شاخ، لەکاتی گەڕانەوەیان لە ئێوارەدا جارێکیتر سەرژمێریان دەکردەوە، ئەوەك بە پێدانی مەڕومالات هاوکاری خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی بکەن، وە چاودێری ئەوانەی دەکرد کە لە گوند دەردەچوون و بۆ ناو باخ و کێڵگەکانیان دەچوون، کە تەنیا بەشی خۆیان خواردن لەگەڵ خۆیان ببەن، ڕێگەیان پێ نەدەدرا زیاتر لەگەڵ خۆیان ببەن تەوەك بیدەن بە چەکدارانی خەلیل، وە لەکاتی پێگەیشتنی میوە لە وەرزی هاوین، حکومەت چەند کەسێکی دەستنیشان دەکرد بۆ لێکردنەوەی بەرووبوومەکان[٣]. تورکیاش لەسەر سنووری خۆیانەوە لە ناوچەی (هۆزی گەردی) سوپایان دامەزراند کە هاوسنووری ناوچەی بارزانە، هەڵسان بە ئەنجامدانی چەند هەنگاوێك بۆ بڕینی یارمەتی خەڵکی ناوچەکە لە خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی کە نان و خواردنیان بۆ دابین دەکردن[٤]. ئەم ئابلۆقە سەربازی و ئابوورییەی تورکیا و عێراق گرفتی زۆری بۆ خەلیل و پیاوەکانی دروستکرد، چونکە وایکرد برسێتی زۆریان

---

[١] عبدالرزاق الحسني، م. س، ص ١٤٢.

[٢] زبير بلال أسماعيل، م. س، ص ١٦٠.

[٣] پی رەش، م. س، ص ٩٦.

[٤] م. ن، ص ٩٥-٩٦.

بـۆ بهێنێـت[1]. لـه ئەنجامـدا لەبـەر نـەبوونی خـۆراك نزیكـەی (٢٠) پیـاوی لایـەنگری خـەلیل خۆشـەوی لـە شـاخ دا دابـەزین[2]. تـا وایـان لێهـات هەنـدێ جـار لەبەر برسـێتی گژوگیایـان دەخوارد[3].

هەر لە بارەی برسێتی هێزەكان و كـاریگەری خەلیـل خۆشـەوی لەسـەر نەمـانی ژیـان لە ناوچەكانی بارزانـدا، بەڵگەنـامە بەریتانییەكـان دەڵـێن: ((پیـاوانی هۆزەكـان و گوندنشـینانی سـەراپای نـاوچەی بـارزان ئێسـتا دووچـاری هەژاری و پێویسـتیەكی گەورە بـوونەتەوە. هێرشەكانی خەلیل خۆشەوی ژیانی كشتوكاڵ و شوانكارییانی پەك خستووە، هەروەها بوونی دامەزراوەی گەورەی هێزەكان و پۆلیس لە ناوچەكەیان بۆ ماوەی چەندین مانگ بووە هـۆی بێبەش بوونیان لە كەل و پەلی پێویستی ژیان. لە میانی وەرزی زستانی سـاڵانی ١٩٣٥ ١٩٣٦ ئەوانەی كە مانەوە زۆر گرفتار ببوون، چونكە زۆربان ڕایانكرد بۆ شوێنەكانی تر))[4].

لەمەش بۆمـان دەردەكەوێـت كە ئەم جـوڵانەوەیە كـاریگەری خسـتۆتە سـەر خەڵكـی ناوچەكە، هەروەها دەشكرێ ئەمە بە جۆرێكیتر لێكدانەوەی بۆ بكەین كە حكومەتی عێراقـی سیاسەتی برسیكردنی خەڵكی ناوچەكەی گرتۆتەبەر تـاكو لە ژێـر نـاوی ڕێگـرتن لە هاوكـاری خەلكـی نـاوچەكە بـۆ خەلیـل خۆشـەوی، ئەوا حكـومەتی عێراقـی بەربەسـتیان بـۆ خەڵكـی ناوچەكە و بژێوی ژیانیان دروستكردووە تاكو بتوانن هەنگاوێك نزیكتر ببـنەوە لە سـەركەوتن بەسـەر جـوڵانەوەكەی خەلیـل خۆشـەویدا. ئەم ڕاسـتیانەش بە ڕوونـی لە نێـو لاپەڕەكـانی ئەرشیفی بەریتانیدا بۆمان دەردەكەوێـت، هەروەكو لە ڕاپۆرتێكی تایبەتد باڵیۆزی بەریتانیـان لەگەڵ كاربەدەستانی حكومەتی عێراقی دا ئاماژە بۆ سیاسەتی چۆڵكردنی گوندەكان دەكات، كە خـودی ئەمەش بەواتـای سیاسـەتی برسـیكردنی خەڵكـی نـاوچەكە و بەشـداربووانی جووڵانەوەكەی خەلیل خۆشـەوی دێـت، هەروەكو بەڵگەنـامە بەریتـانییەكەش لەمبارەیەوە دەلێت: ((لە گفتوگۆیەكدا بەم دووایيانە، یاسین پاشـا پێـی گـوتم كەوا سیاسـەتی چـۆڵكردنی

[1] أیوب بارزانی، م. س، ص ١٦٩.

[2] نجدة فتحي صفوة، م. س، ص ١٢١.

[3] پ. ڕەش، م. س، ص ٩٦.

[4] Coll 17/17 'FO Annual Reports, 1932-1938, 1947. Annual review of events 1939-1942. Political Review 1943-1944' [95v] (190/483), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2877, p.30.

گوندەکان لە دەوروبەری ئۆپەراسیۆنەکانی خەلیل گۆڕا بۆ ئەوەی سەرکەوتنێکی تەواو بێت. ئەمە ئەوی پێبەش کردووە لە زانیاری و پێداویستی زۆر پێویست و لە دەرەنجامیشدا ئەو تا ڕادەیەکی زۆر دەورەدراوە لەلایەن ئەو یەکە عێراقی و تورکیانەوە کە بەیەکەوە کاردەکەن کاتێك مەزەندەی ئەو زاڵ بوو بە سەر ئازایەتی ئەودا و بازیدا بۆ وڵاتی فارس. بەڕێزیان ئەوەشی گوت کەوا هەماهەنگی هێزە عێراقی و تورکیەکان کەمی هێشتۆتەوە لەوەی کە جێگای ئارەزووە)).[1]

لەگەڵ ئەمەشدا حکومەت ڕایگەیاند هەر کەسێك خەلیل خۆشەوی دەست بەسەر بکات، بیدات بە دەست حکومەتەوە چ بە زیندوویی یان بە مردووی، لەلایەن حکومەتەوە بڕی (٥٠٠٠) دینار خەڵات دەکرێت[2]. زیاتر لەمەش حکومەت هەڵسا بە ئاگادارکردنەوەی هۆزەکانی دەورووبەری ناوچەی بارزان کە یارمەتی خەلیل و پیاوەکانی نەدەن، بەڵکو هاوکاری حکومەت بکەن بۆ لەناوبردنیان[3]. دواتر حکومەت چەند کەسێکی (سیخوڕ) لە خەڵکی ناوچەکە دانا تاکو بتوانێ زانیاری زیاتر لەبارەی خەلیل خۆشەوییەوە بە دەست بهێنێت[4].

خەلیل خۆشەویش لە بەرامبەر سیخورەکان هەڵسا بەدانانی هێزێکی (٣٠) کەسی لێهاتوو و دەست نیشانکراو لە پیاوەکانی خۆی بە سەرکردایەتی هەریەك لە (ئەحمەد نادر، سەلیم خۆشەوی (برای خەلیل خۆشەوی)، مەلکۆ ژاژۆکی) بۆ لەناوبردنی ئەو کەسانەی دەبنە لایەنگری حکومەت وەك سیخور، لە ئەنجامدا ئەم هێزە توانی چەند لایەنگرێکی حکومەت بکوژن، دواتر حکومەتی عێراقی ڕێگایەکیتری گرتە بەر ئەویش دانانی موختار بوو لە گوندەکان، ئەو موختارەی دەبوو بە لایەنگری حکومەت، ئەوا لەلایەن ئەم هێزەی (خەلیل خۆشەوی)ەوە دەکوژران[5].

لە مانگی ئایی ساڵی ١٩٢٥ دا، لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی لە لایەن هێزەکانی تورکیا و عێراق لە شاخی (گوڤەند) گەمارۆ درابوون، مەفرەزەکانی تورکیا بەدواداچوون و چاودێری

---

[1] Coll 17/10(1) 'Internal: political situation; relations with HMG' [148r] (300/982), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2860.

[2] مەسعود بارزانی، س. پ، ل ٤٧.

[3] سیامەند مەحمود سێلکی، س. پ، ل٣٠.

[4] آیوب بارزانی، م. س، ص، ١٦٥.

[5] پی رەش، م. س، ص ٩١.

تەواوی ناوچەکەیان دەکرد[1]. لە هەمان مانگدا هێزەکانی حکومەتی عێراقی ڕایانگەیاند لە ئۆپەڕاسیۆنێکی تایبەتدا گەڕاون بەدوای شوێنی یاخیبووان، بەڵام هیچ شوێنێکیان نەدۆزیتەوە، وە بەپێی زانیارییەکانی خۆیان ئاماژە بەوە دەکات کە هێزەکانی تورکیا لەگەڵ یاخیبووان تووشی پێکدادان هاتوون لەناو خاکی تورکیادا، هێزی تورکیا توانیویانە کەسێک لە لایەنگران خەلیل خۆشەوی دەست بەسەر بکەن لەگەڵ چەند خێزانێکی یاخیبووی بارزانییەکان، دواتر پەیوەندی دەکرێت لەنێوان عێراق و تورکیا بۆ گەڕانەوەی خێزانەکانیان، وە بۆ دانەوەی یاخیبووی دەستبەسەر کراو لەلایەن هێزی تورکیاوە بەدەسەڵاتی عێراقی تاکو بدرێتە دادگای سەربازی[2].

کاری حکومەت لە ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی و دادگای سەربازی لە ناوچەکەدا کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، ببوە مایەی ترس بۆ خەڵکی ناوچەکە، بۆ ئەو کەسانەی یارمەتی یاخیبووانی دەدا لەخۆراک و حەوانەوە و شاردنەوەدا لەگەڵ پێدانی زانیاری، چونکە دادگای ناوبراو کەسێکی ناوچەکەی دوورخستبووە بۆ خوارووی عێراق (بەسرا)، ئەم دابڕانە بارودۆخی ئابووری خەلیل و لایەنگرەکانی خراپ کرد، وە لەشاخی گوڤەندا گەمارۆ درابوون لەلایەن هێزی تورکی و عێراقی هەموو ڕێگاکانی چیایەکە بەدەست هێزەکانەوە کۆنترۆڵ کرابوون، لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی لەبەر نەبوونی هیچ خواردن و نەهاتنی هیچ هاوکارییەک ناچار بوبوون پەنا ببەن بۆ خواردنی (بەڕوو)[3].

لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا لە شاخی ناوبراودا، سەرکردە (ئەحمەد نادر) لە شەڕێکی هێزی تورکیادا کوژران[4]. هەر لەوێ لەلایەن پێشمەرگەکانی خۆیەوە لەهەمان شاخدا نێژرا و جەمەدانییەکی سور بەسەر گۆڕەکەی ڕاخرا[5]. نەمانی ئەحمەد نادر لە ڕێزەکانی بەرگریکاران دا کاریگەرییەکی زۆری خستە سەر هاوخەباتکارانی خۆی[6]. تورکەکان لەم شەڕەدا سوودێکی زۆریان لە سیخوڕەکان بینی کە چەند کەسێک لەگوندی (کەلێت) لە هۆزی گەردی بوون، بە

[1] جریدة البلاغ، عصابة خليل خوشوى تلوذ بجبل گاوەند، ع: ٤٠٨، ٢٠ آب ١٩٢٥.

[2] جریدة البلاغ، الحاله في الزيبار، ع: ٤١١، ٣٠/آب / ١٩٢٥.

[3] جریدة البلاغ، الحاله في قچاو الزيبار، ع: ٤١٢، ٣ أيلول ١٩٢٥.

[4] مەسعود بارزانی، س. پ، ل٤٧.

[5] هاشم شێروانی، س. پ، ل ٣٧٢.

[6] مەسعود بارزانی، س. پ، ل٤٧.

ئەو پارەتی هێزی تورکییان دەدا لە بۆردمانکردنی شوێنی چەکداران، وە لەگەڵ بەیانییەکی زوودا شەڕ دەستی پێدەکرد[1].

[1] ئەیوب بارزانی، م. س، ص ١٧٧.

## پەنابردبردنی خەلیل خۆشەوی بۆ خاکی ئێران:

لە ئەنجامی پاڵەپەستۆیەکی زۆر بەسەر خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی، لە یەکتر پەرت و بڵاوە بوون، بوونەتە گروپ گروپ لەشاخەکاندا، هەوڵی ڕزگار بوون دەدەن، چونکە لە بارودۆخێکی دژوار و برسێتی سەخت دا دەژیان، نەیاندەتوانی چیتر پشت بە خواردنی (بەڕوو) ببەستن، بە پێی شارەزایان خەلیل خۆشەوی و هاوخەباتکارانی لە لەناوچوون نزیک بوونەتەوە، ئەو ماوەیە چەند بێت مانگێکیتر درێژە ناکێشێت[1]. لە ناچاریدا خەلیل لەگەڵ هەشت کەس لە خزمەکانی پەنایان بردبووە بەر خاکی ئێران، لە ئەنجامی پاڵەپەستۆ و ڕاوەدوونانی هێزی تورکی و عێراقی، حکومەتی عێراقی لەو کاتەدا ڕایگەیاند ئەو کەسانەی خۆیان داوەتە دەست هێزی حکومەتەوە بە بەر لێبوردن کەوتوون، وە ئەوەی ئێستاش دەگەڕێتەوە لێبوردنی بۆ دەردەچێت، دواین کەس لە لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی کە خۆی داوەتە دەست، دوو تفەنگی لە هاورێیەکانی دزیبوو، لە شوێنێکی شاخ دا شاردبوویانەوە، بەڵام لەکاتی خۆ بەدەستەوەدانی شوێنەکەی بۆ هێزەکانی حکومەت ئاشکرا کردووە، کە لەو بڕوایە دابوو کارێکی باش دەکات و دەبێتە کەسێکی خۆشەویست لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، هەردوو تفەنگی شاراوە لەگەڵ تفەنگی خۆی و دەمانچە و دووربینی ئەو کەسەی خۆی ڕادەست کردووە، ئەوا دەست بەسەر کران، وە حکومەت ڕایگەیاند باخی بووان شوێنیان نەماوە لە ناو خاکی عێراق دا، هەموویان پەنایان بردووەتە بەر خاکی ئێران و تورکیا[2].

بەڵگەنامەکانی بەریتانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ژمارەی لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی کەم بۆتەوە، ناوبراویش ناچاربووە ڕووی لە ئێران کردووە، هەروەکو دەڵێت:

---

[1] جريدة البلاغ، تثتيت عصابه خليل خوشوى وهيام أفرادها في الجبال، ع: ٤١٦، ١٧ أيلول ١٩٣٥.

[2] جريدة البلاغ، إلتجاء (الخليل خوشوى) إلى الأراضي الإيرانيه، ع: ٤١٧، ٢٠ أيلول ١٩٣٥. . بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧).

**<u>ئەم بەڵگەنامەیە مولکی حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی یە</u>**

**<u>ڕۆژهەڵات (عێراق)</u>** **<u>١٩٣٥/١٠/٧</u>**

**<u>نهێنی</u>** **برگەی ٢**

[E 6011/433/93]

بەڕێز بێتمان بۆ گەورەم ساموێل هۆرس (وەرگیرا ٧ی تشرینی یەکەم)

**(ژمارە: ٥١٢)**

گەورەم، بەغداد، ١٩٣٥/٩/٢٦

ئاماژە بە شاند کردنم ژمارە: ٤٧٥ لە ٥ی ئەیلول ی ڕابردوو، شەرەفمەندم کە پێتان ڕابگەیەنم کەوا خەلیل خۆشەوی ڕایکردووە بۆ ناو خاکی وڵاتی فارس (ئێران) لەگەڵ ٢٠ پیاو لە شوێنکەوتووە ماوەکانی. خانەوادەکەی دەستگیرکراوە، هەروەها کۆی ٦٣ کەس لە شوێنکەوتووانی حوکم دراون لەلایەن دادگای سەربازیەوە. تاکو ئێستا تەنها هەشت کەسیان حوکم دروان بە مردن و لە سێدارەدراون. ئەوانەی کە ماون حوکم دراون بە ماوەی جیاجیای زینداینکردن و نێردراون بۆ زبڵدانە ناخۆشەکانی باشوری عێراق.. لە گفتوگۆیەکدا بەم دوواییانە، یاسین پاشا پێی گوتم کەوا سیاسەتی چۆڵکردنی گوندەکان لە دەوروبەری ئۆپەراسیۆنەکانی خەلیل گۆڕا بۆ ئەوەی سەرکەوتنێکی تەواو بێت. ئەمە ئەوی بێبەش کردووە لە زانیاری و پێداویستی زۆر پێویست و لە دەرەنجامیش دا ئەو تا ڕادەیەکی زۆر دەورەدراوە لەلایەن ئەو یەکە عێراقی و تورکیانەوە کە بەیەکەوە کاردەکەن کاتێک مەزەندەی ئەو زاڵ بوو بەسەر ئازایەتی ئەودا و بازیدا بۆ وڵاتی فارس. بەڕێزیان ئەوەشی گوت کەوا هەماهەنگی هێزە عێراقی و تورکیەکان کەمی هێشتۆتەوە لەوەی کە جێگای ئارەزووە.. لەگەڵ ڕێزم.. **سی ئێچ بێتمان.**[1]

لەگەڵ ئەمەش دا ڕۆژنامەی (فتی العراق) زانیاری جیاوازترمان لە بارەی ژمارەی لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی و پەڕینەوەیان بۆ دیوی ئێران دەدەت، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: خەلیل خۆشەوی لەگەڵ (١٢) کەس لە پیاوەکانی پەنایان بردووەتە بەر خاکی ئێران، ئەوان لە دەست هێزەکانی تورکی و عێراقی ڕایانکردووە، چونکە لە دەرکردنیدا بەردەوام

[1] Coll 17/10(1) 'Internal: political situation; relations with HMG' [148r] (300/982), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2860.

بوون، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات ٢٥ کەس لە لایەنگرەکانی خەلیل خۆیان ڕادەستی هێزی حکومەتی عێراقی کردووە و، بە بەر لێبوردن کەوتوون وە حکومەت ڕایگەیاندووە کە دەرفەت بۆ ئەوانیتریش هەیە ئەگەر خۆیان بدەن بەدەستەوە، لێبوردنیان بۆ دەردەکات[1].

پاش ڕۆیشتنی خەلیل و چەند کەسانێکی خۆی بۆ ناو خاکی ئێران، لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراودا هاتووە: خەلیل خۆشەوی پێش چەند ڕۆژێك لە ناو خاکی تورکیادا لەگەڵ ٢٥ کەس لە لایەنگرەکانی بینراوە، بە پێی سەرچاوەکە (٣٠) کەسیتری لە لایەنگرانی خەلیل خۆیان بە دەستەوە داوە و وازیان لە چەکداری هێناوە، ئەوانیتریش لە شاخ دا بڵاوبوونەتەوە و هەوڵدەدەن خۆیان بدەن بە دەستەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تورکیا سەر لەنوێ لەسەر سنوور خۆی ڕێکخستتەوە[2]. لە ئەنجامی زۆر خراپ بوونی بارودۆخەکە، لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی بە بەردەوامی خۆیان بە دەستەوە داوە، ڕۆژانە دوو یان سێ کەس دێنەوە لای حکومەت و خۆیان بەدەستەوە دەدەن، وە لە ڕێکەوتی ١٩٣٥/١٠/١ مەفرەزەیەکی هێزی تورکی لەگەڵ پیاوەکانی خەلیل ڕووبەڕووی یەکتری بوونەتەوە و، لە ئەنجام دا تورکەکان توانیویانە دوو کەسیان لێ بە دیل بگرن وە یەکێکیان بریندار بکەن و، لە گەمارۆ کردنیان بەردەوام بن، ئەم گەمارۆیەی حکومەتی عێراقی و تورکی وایکردووە هیچ ڕێگایەك لە بەردەمیان نەمێنێت جگە لە دوو بژاردە نەبێ (یان خۆیان بدەن بە دەستەوە، یان پەنا ببەنە بەر خاکی ئێران)، لەو کاتەش دا دەسەڵاتدارانی ئێران داوایان کرد کە ئاگادار بکرێنەوە لە هاتنە ژوورەوەی خەلیل خۆشەوی بۆ ناو خاکەکەی تاکو هێزێك بنێرێت دەستگیری بکات و بە دەسەڵاتدارانی عێراقی بداتەوە، بەم شێوەیە خەلیل و پیاوەکانی لەنێوان سنور و هێزی دەوڵەتانی (عێراق تورکیا ئێران) دا لەگەمارۆدان بوون، ناچار دەبن خۆیان بدەنە دەست لە پاش نەمانیان ئارامی دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکە[3].

جارێکی تر لە ڕێکەوتی ١٩٣٥/١٠/١٠ پێنج شەممە، ٢٠ کەس لە لایەنگرەکانی خەلیل خۆشەوی خۆیان دا بە دەست حکومەتی عێراقی لە قەزای زێبار، بەمەش بەردەوام ژمارەی پیاوەکانی خەلیل خۆشەوی لە کەمبوونەوە دابوون، ئەوانەی مابونەوە سوودیان لە سەختی شاخەکانی سەرسنوور وەردەگرت و پەنایان دەبردە بەر خاکی تورکیا، حکومەتی تورکیاش لە ڕاوەدونانیان بەردەوامبوو، وە هەوڵی دەستگیرکردنی ئەوانی دەدا، جگە لە تورکیا، ئێرانیش

[1] جريدة فتى العراق، إلتجاء (الخليل خوشوى) إلى الأراضي الإيرانية، ع: ١٦١، ٣٢ أيلول ١٩٣٥.

[2] جريدة البلاغ، الحكومة التركية تستقدم قوات جديدة إلى حدود، ع: ٤١٩، ٢٧ أيلول ١٩٣٥.

[3] جريدة البلاغ، دنو أجل الشقي خليل خوشوى وفلول عصابته، ع: ٤٢١، ٤ تشرين الأول ١٩٣٥.

ئامادەیی خۆی پیشان دا بۆ دەستگیر کردنیان، هەر بۆیە کاتێک خەلیل خۆشەوی و هاوڕێکانی پەنایان بردە بەر خاکی ئێران، ئەوا ئێران ئامادە دەبێت بۆ دەستگیر کردنیان و دانەوەیان بە دەسەڵاتدارانی عێراقی[1].

لەم بارودۆخەدا لە خاکی عێراقدا (ناوچەی زێبار) ئەشقییە بارزانییەکان نەمابوون، ناوچەکە پاک کراوەتەوە لێیان وە ئەوەی مابونەوە لە چیای گوڤەند بوون لەو دیوی سنووری عێراق، واتە لەناو خاکی تورکیا دا بوون، ئەوانیش ژمارەیەکی کەمن گەمارۆدراون، هیچ ڕێگایەکیان لەبەردەمیان نەماوە تەنها ئەوە نەبێت خۆیان بەدەستەوە بدەن، یاخود لە برسان بمرن، یانیش پەنا بیەنە بەر خاکی ئێران، لە هەر سێ هەڵبژاردەدا چارەنووسیان ماندوو بوون و لەناوچوون بوو، لە ئەنجامی کۆتایی هاتنی کارەکانی هێزی حکومی لە سەرکوت کردن و پاککردنەوەی ناوچەکە لە ئەشقیەکان و لەناو بردنی ئەو کەسانەی یارمەتیان دەدان، شتێکی چاوەڕوان کراوبوو پاش چەند ڕۆژێکی کەم بەکۆتایی هاتنی کارە سەربازییەکان، حکومەت هەڵوەشانەوەی حوکمی عورفی ڕابگەیێنێت[2].

[1] جريدة البلاغ، عشرون من عصابة خليل خوشوى يسلمون أنفسهم دفعة واحدة، ع: ٤٢٣، ١١ تشرين الاول ١٩٣٥ الجمعة.

[2] جريدة البلاغ، قرب الغاء التدابير العسكرية في منطقة الزيبار بعد أستئصال، ع: ٤٢٥، ١٨ تشرين الأول ١٩٣٥.

## مەرجەكانی موتەسەریفی موسڵ و قایمقامی زێبار بۆ بارزانییەكان:

لە دوای كۆتایی هاتنی كاری تەمبێكردن، ئەوا حكومەتی عێراقی لە ڕێگای موتەسەریفی مووسڵ و قایمقامییەتی زێبارەوە چەند مەرجێكی بۆ بارزانییەكان دانا، لەوانە:

١ دەبێ بارزانییەكان سەرۆكەكانیان بدەنە دەست حكومەت بۆ دادگایی كردنیان، واتە سەرۆكەكانیان بەر لێبوردن ناكەون.

٢ بارزانییەكان نابێ چیتر جەمەدانی سوور لەسەریان ببێچن، دەبێ لە جیاتی ڕەنگی سور جەمەدانی ڕەنگ شین ببەستن.

٣ سزای ئەوكەسانەی هەڵاتوون، لە دەستی عەدالەت و دادپەروەری بدرێت[1].

بەپێی زانیارییەكان خەلیل خۆشەوی و هەندێك لە پیاوەكانی هاتوونەتە گوندی (كەلێت) لە ناو خاكی توركیا دا، حكومەتی توركیاش فەرمانەكانی خۆی توندتركردبوو لەسەر ئەو هێزانەی كە بەدوای ئەشقییەكانی گوندی ناوبراو دا كەوتوون، بە پێی فەرمانەكان پێویستە هێزی توركی هەموو تواناكانی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ دەستگیركردنیان، لە ئەنجام دا هێزە توركییەكە پاڵەپەستۆیەكی زۆر دەخەنە سەر خەلیل خۆشەوی و هاوڕێیەكانی، تاكو لەكۆتاییدا ناچار دەبن چوار كەس لە پیاوەكانی خەلیل خۆیان بدەن بە دەست هێزی توركی، لە هەمان كاتدا ناتوانن بگەڕێنەوە ناو خاكی عێراق لەبەر ئەوەی حكومەتی عێراق بە باشی هێزی داناوە لەسەر سنوور[2].

لێرەوە دەتوانین بڵێین سیاسەتی خراپ و ناخۆشی حكومەت لەدوای نەمانی حوكمی عورفی بەرامبەر خەڵكی ناوچەكە لە ماوەی حوكمی عورفی زیاتر نەبێ كەمتر نەبووە، هەڵساوە بە ئابلۆقەدانی ئابووری و سەربازی بەسەر ناوچەكە و باروودۆخی گوندەكانی ناخۆشتر كردووە بۆ پەیوەندی و هاتوچۆكردن، سەرژمێری مەڕوماڵاتیان و سیخوڕ.. هتد، بۆ ئەوەی

---

[1] عبدالرزاق الحسني، م. س، ص ١٤٢.

[2] جريدة البلاد، الحكومة التركية تشدد الأوامر للقبض على خليل خوشوى، ع: ٤٦٢، ٩ كانون الثاني، ١٩٣٦.

شۆڕشگێڕان خۆیان بدەن بەدەستەوە و، واز لە کرداری چەکداری بهێنن، وە سەرەڕای تورکیا و عێراق لە دژایەتیکردن دا دەوڵەتی ئێران دوژمنایەتی خۆی بەرامبەر بزووتنەوەکەی خەلیل خۆشەوی دەربڕی، ئەمەش وایکرد بەرگری شۆڕشگێڕان کارێکی گران بێت، چونکە لە سێ لاوە بە هێزی دەوڵەتان ئابلۆقەی سەربازی و ئابووری درابوون، وە پاش کۆتایی هاتنی کاری حکومەت لە ئەمانی شۆڕشگێڕان، مەرجی گرانیان سەپاند بەسەر بارزانییەکان وەك نەبوردنی سەرکردەکانیان، وە پێدەچێت گۆڕینی ڕەنگی جەمەدانیان لە هەموو کارێك بۆیان گرانتر بووبێت، چونکە ڕەنگی سور بە هێمای ئایەتی خۆیان دەزانن.

بە پێی زانیارییەکانی ناوچەی زێبار کە ئاماژە بە ڕۆڵی حکومەتی تورکیا دەکات، بە بەردەوامی بەدوای تەشقییەکانی خەلیل خۆشەوی دەگەڕان، کە ژمارەیان (٦٠) کەس دەبوو، بوونەتە سەرچاوەی تێکدانی ئاسایشی خاکی تورکیا و کاری تێکدەرانەیان ئەنجامداوە، هێزی تورکی بۆ دۆزینەوەی شوێنیان پشتیان بە پاشماوەی شوێن پێیەکانیان دەبەست لە هاتوچوونیان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر، چونکە کاتی بەفرباڕین بوو لە ناوچەکەدا[1]. حکومەتی عێراقی ڕادەگەیێنێت پێش چەند ڕۆژێك هێزەکانمان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی لایەنگرەکانی خەلیل خۆشەوی توانیویانە دووکەسیان لێ بریندار بکەن وە یەکێکیان لێ بکوژن، دواتر (٣) کەس لە ١٩٣٦/١/٢١ ڕۆژی سێ شەممە خۆیان داوە دەست بنکەی پۆلیسی هێزەکانمان لەگوندی (زێت)، وە بەپێی زانیارییەکان لە ١٩٣٦/١/٢٠ مەفرەزەیەکی تورکی لەگەڵ تەشقییەکان تووشی پێکدادان هاتوون، لە ئەنجامدا دووکەسیان لێ کوشتوون، وە سێ کەسیان لێ بریندار کراون و بەردەوامە لە بەدواگەڕان و دەرکردنیان[2]. لە ئەنجامی پاڵەپەستۆی هێزەکانی تورك بەسەر خەلیل و پیاوەکانیدا، هەوڵیانداوە بگەڕێنەوە ناو خاکی عێراق، بەڵام هێزەکانی عێراقی ڕووبەڕوویان بوونەتەوە، ناچاربوونە خۆیان حەشاربدەن لە ناو ئەشکەوتەکان، کە ئەوکاتە ژمارەی چەکدارانی خەلیل خۆشەوی (٦٠) کەس بوونە، لە دواتردا هێزەکانی تورکی گەمارۆیان داون لە گوندەکانی (بێگور، شەروێنا، کەلێت، هەرکشك، ئێنەدار) لە باکوری کوردستاندا، لەگەڵ ئەمەش دا هێزەکانی تورکیا و عێراق هاوکاری یەکتریان لە سەر ڕاوەدوونانیان ئەم هاوکاری یە باشترین ئەنجامی لێکەوتەوە بۆ ئەوانەی کە

---

[1] جريدة البلاغ، فلول عصابه خليل خوشوى، ع: ٤٥٠، ١٧ كانون الثاني ١٩٣٦.

[2] جريدة البلاغ، تسليم ثلاثه أشقياء وقتل أثنين وجرح ثلاثه من فلول عصابه الشقي خوشوى، ع:٤٥٢، ٢٤ كانون الثاني ١٩٣٦.

دەبنە مایەی تێکدانی ئاسایش و ئارامی[1]. حکومەتی عێراق ڕایدەگەیەنێت بە پێی زانیارییەکان لایەنگرەکانی خەلیل خۆشەوی توانای بەرگری کردنیان نەماوە و دەکرێت بگوترێت بەتەواوی نەمابن یاخود هەڵاتوون بۆ ناحیەی (چال)[2] لەقەزای (بیت شباب)[3] لە تورکیا[4].

بەپێی گوتەی هێزەکانی تورکی چەند کەسێك لە ئەشقییەکان بینراون کە بڵاوبوونەتەوە لە چیاکانی نزیك قەزای ئامێدی و زاخۆ، وە هێزەکانی تورکیا هەوڵیان داوە دەستگیریان بکەن[5]. هەر ئەمەش وایکردووە بەرپرسی مەفرەزەیەکی تورکی لەگەڵ (٥٠) کەس لە سنووری قەزای زێبارەوە هاتوون بۆ بنکەی پۆلیسی (شێروان مەزن) بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی مەفرەزە عێراقییەکان بە مەبەستی دانانی پلانێکی پێویست بۆ دامرکاندنەوەی چەکدارانی خەلیل خۆشەوی کە بەهاوکاری هەندێك هۆزی تورکی لە ١٩٣٦/٢/٢٧ خاکی تورکیایان بەجێهێشتووە و پەڕینەتەوە ئەودیوی سنووری نزیك قەزای زاخۆ، خەلیل خۆشەوی و هاوکارانی هەوڵدەدەن ڕێگایەك بۆ خۆیان بدۆزنەوە[6]. ئەشقییەکان لە ئەنجامی کاری هێزە حکومییەکان لە یەکتری پەرت و بڵاوبووبوون، ژمارەیەکیان لە هاوسنووری ئامێدی (بالندە) کۆبوبوونەوە، مەفرەزەی هەر دوو حکومەت (عێراق وتورکیا) گەمارۆیان دابوون، چوار جار هێرشیان کردۆتە سەر خەلیل خۆشەوی و چەکدارانی لە ڕۆژانی ٨ و٩ و١٠و ١١ ی مانگی ئازاری ١٩٣٦، هەر لەم مانگەدا (١٢) یان لێ کوشتوون، یەکێکیان بریندار کردووە، وە (شەش) کەسیان لێ گیراون، وە دووکەس لەمانە خۆیان داوەتە دەست. یەکێك لە کوژراوەکان کوڕی خالی خەلیل خۆشەوییە بە ناوی (شاکر مەحەمەد)، هەروەها مەفرەزەکان دەستیان گرتووە بەسەر (٧) تفەنگ دا، ئەوانەی خۆیان داوەتە دەست ڕادەگەیێنن کە ئەشقییەکان پەرت و بڵاون لە یەکتر هەر یەکێکیان چوونەتە ناوچەیەك، هێزەکانیش لەگەڕان بەدوایاندا بەردەوامن[7].

---

[1] جريدة البلاد، عصابه خليل خوشوى تتألف الآن ٦٠ شقيق محاصرة القوات التركيه لبعض أفراد هذه العصابه، ع: ٩٥٧، ٩ شباط ١٩٣٦.

[2] چال: دەکەوێتە ناوخاکی تورکیا ناوی ئیستای تورکی (چەقورچە)، کورد پێ ی دەڵێت (چەلێ).

[3] بیت شباب: دەکەوێتە ناوخاکی تورکیا ناوی ئیستای تورکی ( ئەلکی) یە، سەر بەناوچەی شەرناخە.

[4] جريدة البلاغ، هل انحلت عصابة خوشوى، ع: ٤٥٩، ١٨ شباط ١٩٣٦.

[5] جريدة البلاغ، انحلال العصابه المعلومه، ع:٤٦٠، ٢١ شباط ١٩٣٦.

[6] جريدة البلاغ، أجتماع أمر المفرزة التركيه بأمر المفارز العراقية في شيروان مازن، ع: ٤٦٢، ٢٨ شباط ١٩٣٦.

[7] جريدة البلاغ، مقتل ١٢ شخص من العصابه والقبض على سته وتسليم أثنين، ع: ٤٦٥، ١٢ آذار ١٩٣٦.

لە ئەنجامی سەختی زستانی ناوچەکە، بەر لە هاتنی وەرزی بەفرباری (خەلیل خۆشەوی) بیری لەوە کردووتەوە خۆی بگەیێنێتە ناو خاکی سوریا، کە ئەوکات سوریا لە ژێر دەستی فەرەنسا بوو، وەك پەناهەندەیەك وەریبگرن، لەو بڕوایە دابوو فەرەنسییەکان لەگەڵ بەریتانییەکان ناکۆکن، بۆیە ئەگەر بگەنە لایان دەیان حەسێنتەوە و هاوکاریشیان دەکەن، هەربۆیەخەلیل بە هاورێیەکانی خۆی ڕادەگەیێنێت ڕێگامان دوورە وە لە هەموو لایەك دەورە دراوین بە هێزی دوژمن، هەموو کەسێك ئازادە لەگەڵمان بێت یان خۆی بداتەوە هێزەکانی حکومەت، دەچنە ناوچەی (دوسکی) و (هورەمارییەکان)، لە ئەنجامی ڕووبەروو بوونەوەی هێزەکانی هەردوو حکومەت لە چەند شەرێك دا لە ناوچەی دوسکییەکاندا دەمێنەوە، لە هەمانکاتدا سەرما زۆریان بۆ دەهێنێت و بەفریش سەری شاخەکان دەپۆشێت، لە ئەنجامی بەفر بارین دا بۆی دەردەکەوێ گەیشتن بە خاکی سوریا کارێکی گرانە[1]، لە ڕۆژانی بەفر بارینێکی زۆر دا شۆڕشگێڕان (لیان)[2] بۆ ڕۆیشتن بەکار دەهێنا[3].

---

[1] سیامەند مەحمود سێلکی، س. پ، ل ٣٥-٣٦.

[2] لیان: لە تەنکە دارێکی تەخت پێك دێت، بەگوێرەی گەورەیی و بچووکی پێ بە بنی پێلاوەوە دەبەسترێت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بە سەر بەفردا تێپەڕن، زۆر بە ناو بەفر دا ناچێتە خوارەوە، وە لە کاتی بارینی بەفر دا شوێنی پێ یان زوو پڕ دەبێتەوە.

[3] ئایوب بارزانی، م. س، ص ١٨١.

## دانوستانی خۆبەدەستەوەدان لە نێوان خەلیل خۆشەوی و حکومەتی عێراق دا:

لە ڕێکەوتی ١٧/ ١/ ١٩٢٣ حکومەتی عێراق داوای لە حکومەتی تورکیا کرد ئەو بارزانیانەی پەنایان بردوەتە بەر دەوڵەتی تورکیا، ئەوا بیانگەڕێنێتەوە بۆ عێراق و بیداتەوە حکومەتی عێراقی، یاخود لەسنوور دووریبانبخاتەوە، تاکو لێبوردنی گشتی بۆیان دەردەکرێت، جگە لەخەلیل خۆشەوی، کە ئەم لێبوردنەی ناگرێتەوە.[1] بۆ ئەمەش بەڵگەنامە بەریتانییەکان لەچەند شوێنێکدا ئاماژە بە دانیشتن و دانوستانی نێوان خەلیل خۆشەوی حکومەتی عێراقی دەکەن، کە دەردەکەوێت لێبوردن هەموو چەکدارەکان دەگرێتەوە، تەنها خەلیل خۆشەوی نەبێت، هەروەکو بەڵگەنامەکە دەڵێت "ناوچەی بارزان.. بەم دواییانە خەلیل خۆشەوی پەیوەندی دروستکرد لەگەل پیاوێکی هۆزگەری کە نیشتەجێ بوو لە شێروان مەزن (D/NW. 3. A 1) وە داوای لێکرد کە زانیاری پێبدات لەسەر بارەگاکانی هێزە زەبروەشێنەکانی پۆلیس کەوا بەبێ حساب ئەو ڕێگە دەدات بە ئولیا بەگ (ولی بەگ) (سەیری بڕگەی ١٤٨ی کورتەی هەواڵگەری بۆ مانگی نیسان) بکە بۆئەوەی نێوەندگیری بکات لەنێوان خۆی و حکومەت. خۆشەوی داوای ئەوەی کرد کە گفتوگۆیەك ببەسترێت لەنێوان خۆی و بارەگای هێزی زەبروەشێن لەپێناوی گفتوگۆکردنی مەرجەکانی دەخالەت (خۆڕادەستکردن) بۆ ئەوەی پێی بدرێت. دەسەڵاتدارەکان وەڵامیان دایەوە کەوا ئەو لێبوردنی بۆ دەردەکرێت لەبەر یاخیبوونەکەی لەدژی حکومەت، بەڵام بەبێ هیچ پێشێلکردنێکی هەر ڕێکارێك کە دەکرێ وەزارەتی داد بیەوێت بیگرێتەبەر لەدژی ئەو سەبارەت بە تاوانە شارستانییەکان کە لەلایەن ئەوەوە ئەنجام دراون. لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا خۆشەوی ئەو لێبوردنە گشتیە نەیدەگرتەوە بۆ یاخیبووانی بارزان بەهۆی کوشتنی پۆلیسێکی ئاشوری لەلایەن ئەوەوە لەسەر بەرپرسیارێتی خۆی و لەبەر ئەوەی کە ئەو شوێنکەوتووانی بەرپرس بوون لە کوشتنی نزیکەی حەوت موختاری گوندەکان، ئەگەری ئەوە نەبوو کە ئەو ڕازی بێت بەم مەرجانە... لەکاتێکدا ژمارەیەکی زیاتری یاخیبووانی خۆشەوی بەم دوایانە خۆیان بەدەستەوەداوە بە

[1] م.ن، ص٩٠.

دەسەڵات. ئەوان ئازاد کراون بە گەرەنتیی ڕەفتاری باش، بەڵام تفەنگەکانیان دەستیان بەسەردا گیراوە لەلایەن دەسەلاتەوە".

ئەمەش بۆمان دەردەخات کە خەلیل لە ئەنجامی ئەمانی هیچ چارەیەکیتر ئەم کارەی کردبێت، ئەویش بۆ مەبەستی سەلامەتی گیانی خۆی و سەرجەم لایەنگرانی و خێزانە بارزانییەکانیتر، یاخود هەروەکو لەپێشوتردا باسمان کرد لەوانەیە ئەمەش تاکتیکێک بووبێت تاکو خەلیل لەم ڕێگەیەوە بتوانێ شوێنی حەوانەوە و خۆراك و ئازووقە بۆ لایەنگرانی پەیدابکات و بەردەوامی بەجوڵانەوەکەی بدات، چونکە سیاسەتی برسیکردن و چۆڵکردنی گوندەکان یەکێک بوو لەو چەکە بەهێزانەی دەستی حکومەتی عێراقی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی.

File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.15.

## چوونی خەلیل خۆشەوی بۆ ناوچەی هۆزی ڕێکانییەکان و کوژرانی:

لەدوای ئەوەی خەلیل لەناوچەی دوسکییەکان ماوە، بڕیاریدا خۆی وون بکات تاکو هاتنی وەرزی بەهار، بۆ ئەمەش بیری کردەوە بچێتە ناوچەی ڕێکانییەکان، چونکە خاوەن چاکە بوو لەگەڵ سەرۆک هۆزی ڕێکانی (کەلحێ) لەساڵی ١٩٢٣[1]. لەدەست (سیتو ئاغای هورەماری) ڕزگاریکردبوو کە دەیویست پەلاماری ناوچەکانی کەلحێ بدات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، بەڵام خەلیل خۆشەوی بەهانای کەلحێ دەچێت و دەبێتە پاڵپشتی و ڕزگاری دەکات[2]. بەڵگەنامەیەکی بەریتانی، لەبارەی کەحێ ئاغا و پەیوەندی لەگەڵ خەلیل خۆشەویدا چەند زانیارییەکی دەگمەنمان پێدەدەن، کە دەڵێت "کەلحێ ئاغای ڕێکانی.. ئاغا و سەرۆکی هۆزی ڕێکانە، یەکەم ئامۆزای وەهاب (هابی) ئاغایە، کەوا لەلایەن سوتۆ (سیتۆ) ئاغای هۆرەماری لەمانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٩) کوژرا. کەلحێ بەڵێنی بە خەلیل خۆشەوی دابوو کە کچێکی خۆی پێبدات چونکە خەلیل پێشتر کەلحێی پەنادابوو (لەدەست سیتو ئاغای هورەماری ڕزگاریکردبوو)، بەڵام ئەمەی نەکرد و کچەکەی خۆی لە ڕێکان ئاغا ماردکرد، کە ئەمەش سەری کێشا بۆ بەرپابوونی شەڕ لەنێوان هەردوو هۆزی ڕێکانی و مزوری باڵا. کەلحێ کەسێکی شڵەژاو بوو، بەڵام لایەنگری و ڕێزێکی تەواوی هەبوو بۆ حکومەت. هەربۆیە هێزێکی هۆزگەری (عەشایەری) دروستکرد بۆ یارمەتیدانی قایمقامی ئامێدی لە شۆڕشی ساڵی ١٩٢٢ و چەندین گوندی مزوری بالای ڕوخاند. یەکێک لەوانەش گوندی ڕەزکا بوو"[3].

هەر لەسەر ئەو بنەمای چاکەکردنەی خەلیل خۆشەوی لەگەڵ کەلحێ ئاغا، ئەوا پەیوەندی بە (کەلحێ) دەکات و پێی دەڵێت "لە ناوچەکەتان دوور لەئاواییەکان،

---

[1] مەسعود بارزانی، س. پ، ل٤٧.

[2] سەفا جاف، س. پ، ل ١١٢.

[3] Military report on Iraq. Area 9 (Central Kurdistan) [141r] (286/394), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/MIL/17/15/46, p.326.

لەشاخەکاندا ژیان بەسەر دەبەین تاکو وەرزی بەهار دێت، لەئەنجامی بەفریارانێکی زۆر رێگاکان دەگیرێن، کەلحێ بەڵێنی پێ دەدات لەناوچەکەیدا بحەسێنێتەوە تا هاتنی وەرزی بەهار وە بەشی دوو هەفتە خۆراکیان بۆ دەباتە شاخ، لەلایەکیترەوەش حکومەتی عێراقی لە ئامێدی ئاگادارکردۆتەوە سەبارەت بە خەلیل خۆشەوی و هاوڕێکانی لە ناوچەکەدا و هێزی حکومەتی هێنایە سەر شوێنی خۆحەشاردانی خەلیل و لایەنگرەکانی[1]. کە لە ئەشکەوتێک دابوون نزیک گوندی (هرباشك) لە ناوچەی رێکانییەکاندا گەمارۆدران بەهێزی حکومی و بەکرێگیراوان، تا دوا هەناسەیان بەرگرییان کرد، خۆیان بەدەستەوە نەداوە[2]. لە کۆتاییدا خەلیل و (١٢) کەس لەهاورێیەکانی کوژران، سەری (خەلیل و سەلیمی برای و مەحەمەد هوری) لە لاشەیان جیاکردنەوە و سەری خەلیلیان بردە بنکەی پۆلیسی شێروان مەزن، لەوێ هەڵیانواسی[3]. هەروەها لاشەکەشی لەگوندی (کرکەموو) لە ناوچەی شێروان بەخاك سپێردرا[4]. حکومەتیش دایك و خێزانی خەلیل خۆشەوییان هێنایە بنکەی پۆلیسی شێروان مەزن و سەری خەلیلیان پیشاندان، لەمکاتەدا خێزانەکەی خەلیل خەریك بوو لەگریاندا ببوورێتەوە، کەچی دایکی (خەلیل) ئامۆژگاری بووکەکەی کرد لەبەردەم چاوی دوژمنان فرمێسك نەڕێژێت[5]. دواتر حکومەت سەری خەلیلی ڕەوانەی بەغدا کرد[6].

لە نێو سەرچاوەکاندا دوو بۆچوونی جیاواز لەسەر رۆژی کوژرانی خەلیل خۆشەوی بەدیدەکرێت، لە بۆ چوونێکدا، بە ڕێکەوتی ١٩٣٦/٢/٨ دەست نیشان دەکرێت[7]. وە لەبۆچوونێکیتردا ڕێکەوتی ١٩٣٦/٣/١٣ بەرۆژی کوژرانی دەزانرێت[8]. ئەوەی زیاتر بۆچوونی دووەم (١٩٣٦/٣/١٣) پەسەند دەکات رۆژنامەی (البلاغ) ژمارە (٤٦٦)ە کە لە ڕۆژگاری خەلیل خۆشەویدا دەردەچوو کە ئاماژە بەوە دەکات لە ١٩٣٦/٣/١٣ مەفرەزەکانی حکومی لەگوندی (آرشکی/ هرباشك) سەر بەناحیەی نێروە و رێکان لەگەڵ ئەشقیەکان دووچاری پێکدادان

[1] مەسعود بارزانی، س. پ، ل٤٧-٤٨.
[2] پی رەش، م. س، ص ١١٠.
[3] هاشم شێروانی، س. پ، ل ٢٨٥.
[4] پی رەش، م. س، ص ١١٠.
[5] مەسعود بارزانی، س. پ، ل٤٨.
[6] نەجمەدین یوسف، س. پ، ل ٥.
[7] فؤاد عارف، م. س، ص ١٢٧.
[8] عبدالرزاق الحسنی، م. س، ص ١٤٣.

هـاتوون، لەئەنجامـدا سـەرۆکەکەیان (خـەلیل خۆشـەوی) یـان لەگـەڵ سـێ لەهاوەڵـەکانی کوژراون، وە(٦) کەسیشیان لێ دەستگیرکراون[1].

بەڵگەنامە بەریتانییەکانیش پاڵپشتی بۆچوونی دووەم دەکەن و،کوژرانی خەلیل خۆشەوی بە رێکەوتی (١٢ ٣ ١٩٣٦) هەژمار دەکەن:

**<u>ئەم بەڵگەنامەیە مولکی حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی یە</u>**

P. Z.

3497

**<u>ڕۆژهەڵات (عێراق)</u>** **<u>١٩٣٦/٧/١٤</u>**

**<u>نهێنی</u>** **بڕگەی ١**

**[E 1945/201/98]**

گەورەم ئا. کلارك کێر بۆ بەڕیز ئیدن (وەرگیرا ١٤ی نیسان)

**(ژمارە: ١٤٥)**

گەورەم، بەغداد، ١٩٣٦/٣/٢٠

١ ئاماژە بە شاندکردنم ژمارە: ٦٥١ لە ١٦ی کـانونی یەکەمـی ڕابـردوو، شـەرەفمەندم بەپێـی ئەم نـامەیەم بە گواسـتنەوەی وەرگێڕانێکـی بەڵگەنـامەیەکی فەرمـی کەوا بڵاوکـراوەتەوە لە ڕۆژنامەکاندا لە ١٦ی ئـازار، کە سـەرکەوتن بەسـەر خەلیـل خۆشـەوی مردنـی ڕادەگەیـنن لە بەیەکدادانێك کە ڕوویدا لە ١٣ی ئادار..

٢ ئەم سەرکەوتنە لەئەنجامی چەند ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش بـوو کە ئەنجـام دران لەنێـوان هەردوو هێـزی سـنووری تـورکی و عێراقـی، کەوا بە تونـدی گوشـاریان خسـتە سـەر خەلیـل خۆشەوی و کۆمەڵەکەی لە سەرەتای ساڵی نوێوە..

[1] جريدة البلاغ، العصابة تنال مصيرها المحتوم مقتل رئيسها خليل خوشوى و(١٨) مـن رفاقـة، القـبض عـلى (١٨)، ع: ٤٦٦، ١٧ آذار ١٩٣٦.

٣ بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەوانی چوار سەربازی تورکی کە لە دوا بەیەکدادانەکاندا بریندار بوون، هێنران بۆ نەخۆشخانەی موسل بۆ چارەسەرکردن. ئەوان زۆر بەباشی مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، هەروەها هەریەکە موتەسەرف و موختار سەردانیان کردن..

٤ نەهێشتنی ئەو باندەی ڕێگری، ئومێدی ئەوەی لێدەکرێ، کە وادەکات کە حکومەت بتوانێت ڕێکاری زۆر پێویست بگرێتەبەر بۆ گەڕاندنەوەی ئاشتی بۆ ناوچەی بەشمەینەتی بارزان.

٥ من وێنەکانی ئەم شاندکردنە دەنێرم بۆ باڵوێزی خاوەن شکۆ لە ئیستەمبۆل و بۆ خاوەن شکۆ هەڵسوڕێنەری کارەکان لە تاران.

لەگەڵ ڕێزم

**ئارچیباڵد کلارک کێر**

---

هاوپێچ

پوختەی ڕۆژنامەوانی

(وەرگێڕان)

ئێمە ئەم بەیاننامە فەرمیەمان وەرگرت لە فەرمانگەی بانگەشە و ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوە:

"لە ئەنجامی ئەو ڕاوەدوونانەی کە ئەنجام درا لەلایەن هێزە زەبروەشێنەکان لە کەرتی بارزان لە بەیەکدادانێکدا کە ڕوویدا لە ووچانی سێزدەهەمدا، خەلیل خۆشەوی و سەلیم خۆشەوی و سێ ئەندامی تری کۆمەڵەی خۆشەوی کوژران و، شەش ئەندامیتری کۆمەڵەکە دەستگیر کران. بەپێی ئۆپەرسیۆنەکانی ڕاوەدوونان لەو کەرتەدا لەوانەیە وا دانرابێت کە کۆتایی پێهێنرابێت بە لەناوبردنی ئەم کۆمەڵەیە.[1]

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە سەرەڕای هاوکاری تورکیا و ئێران لەگەڵ عێراق، وە سەرەڕای یەککگرتنی کارگێڕی موتەسەریفەکان بەرامبەر بزووتنەوەکە، بگرە لەحوکمی عورفی و سیاسەتی توونـد بەسەر ناوچەکەدا، ڕۆڵی (کەلحێ)ی سەرۆک هۆزی ڕێکانی لەهەمووان

[1] Coll 17/10(1) 'Internal: political situation; relations with HMG' [148r] (300/982), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2860.

کاریگەرتربووە، کە شوێنی حەوانەوەی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرانی پیشانی حکومەتی داوە، ئەمە لەکاتێکدا خەلیل پێشتر خاوەنی چاکەش بووە لەگەڵی، بەڵام لەبەرامبەر خەلاتێکی کەمی حکومەت، ئەوا خیانەت لە خەلیل و بزووتنەوەکەی کرد. وە پێدەچێت خەلاتی حکومەت ئەوندە بووبێت کە دابەشی کردووە، نەك بڕی (٥٠٠٠) دینار بێت. ئەمەش دەردەکەوێت (کەلحێ ئاغا) سێ جار خیانەتی لە خەلیل خۆشەوی کردووە، یەکەم: بەڵێنی پێداوە کچەکەی بداتێ، بەڵام نەیداوە، دووەم: بەهاوکاری حکومەتی هێرشی کردۆتە سەر گوندەکانی ژێردەستی خەلیل خۆشەوی لە دەڤەری مزووری باڵا، سێیەم: ئاشکراکردنی شوێنی خۆحەشاردانی خەلیل خۆشەوی بۆ حکومەتی عێراقی لە پێناو پێدانی بڕێك پارە..

ئەوەی جێگای سەرنجە بەر لە کوژرانی خەلیل خۆشەوی، ئەوا کەلحێ دوو جاریتریش خیانەتی لە خەلیل خۆشەوی کردووە کە هەم کچەکەی خۆی لێ مارە نەکردبوو کە بەڵێنی پێدابوو، هەمیش بە هاوکاری حکومەتی عێراقی هێرشی کردبووە سەر گوندی مزوورییەکان و سوتاندبووی.. ئەوەی جێگای پرسیارە؛ چۆن خەلیل خۆشەوی دوای ئەم دوو خیانەت متمانەی بە کەلحێ کرد تاکو لەناوچەکانی ئەودا بمێنێتەوە؟ ئایا لەناچاریدا ئەو بڕیارەیدا لەناوچەکەیدا بمێنێتەوە؟ یاخود خەلیل پێشبینی خیانەتی سێیەمی لە کەلحێ نەدەکرد؟!

لەمەوە بۆمان دەدەکەوێت کە خەلیل خۆشەوی ڕاستە سەرکردەیەکی سەربازی لێهاتوو بووە و جێگای متمانەی تەواوی شێخ ئەحمەدی بارزان بووە، خاوەنی چەندین داستان و چالاکی سەربازی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کەسێکی سیاسی زۆر زیرەك نەبووە، چونکە نەدەبوو متمانە بە کەلحێ ئاغا بکاتەوە، لەکاتێکدا پێشتر دوو ئەزموونی لەگەڵیدا هەبووە و دەیزانی کەلحێ بارودۆخی باش بێت و مەترسی هۆز و ئاغایەکانی لەسەر نەبێت، ئەوا لەسەر خەلیل خۆشەوی خۆی ناشیرین ناکات بەرامبەر بە حکومەت.

لەدوای نەمانی خەلیل خۆشەوی، حکومەت خەڵات و پاداشتی بەسەر بەکرێ گیراوەکاندا دابەشکرد، هەریەك لە موتەسەریفی موسڵ و بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵیش سەردانی (قەزای ئامێدی)یان کرد و پاداشتیان بەسەر ئەوکەسانەدا دابەشکرد کە یارمەتیدەری هێزەکانی پۆلیس بوون لە دژی خەلیل خۆشەوی، کە هەر ئەوان ئەوان هاوکاریان بوون لەدەستنیشانکردنی شوێنی خەلیل خۆشەوی و چەکدارەکانیتر. ئەوەی جێگای ئاماژەیە بەشی

هـۆزی هەرکی لەو پاداشتەدا (٢٤) دینار بوو، وە بەشی پاداشتی هۆزی هورەماری و نێـروە و ڕێکان (٣٣١) دینار بووە[1].

[1] جریدة البلاغ، توزیع إكراميات على الذين ساعدوا على انفضاء على العصابة المعروفة، ع: ٤٩٣، ٢٣ حزيران ١٩٣٦.

## چارەنووسی لایەنگرانی خەلیل خۆشەوی و سەرکردە (عەبدوڵلا کرکەموویی) لەدوای نەمانی خەلیل خۆشەوی:

لەدوای کوژرانی خەلیل خۆشەوی، چەند کەسێك لە هاورێیەکانی خەلیل بەسەرکردایەتی (عەبدوڵلا کرکەمووییی) مابوونەوە، کە ئەویش بەهۆی لێکدابڕانیان لە خەلیل خۆشەوی بوو پێش کوژرانی[1]. هەروەها هێزە حکومییەکان بە بەردەوامی هەوڵی دەستگیرکردنی پاشماوەی ئەو ئەشقیایانەیان دەدا کە لەژیاندا ماوبوون و ژمارەیان لە (١٠) کەس زیاتر نەدەبوو، حکومەت ئاواتە خوازبوو بەوەی بەزووترین کات بڕیاری چارەنووسیان دیاری بکرێت چ بەکوشتن یاخود بە خۆیەدەستەوە دان، هەربۆیە ڕادەگەیێنێت ژمارەی ئەوکەسانەی کە لەم چەند ڕۆژەی دواییدا کوژراون تەنها (١٩) کەسن، وە ئەوانەی دەستگیرکراون (١٨) کەس دەبن، ئەمە چارەنووسی ئەو ئەشقییانە بوو کە ماوەی سێ ساڵ بوو ئارامی ناوچە سنوورییەکانی ناوچەکەیان تێکدابوو، سەرەڕای ئەوەی ناوچەکە سەخت بوو، حکومەت توانی لەناوچەکەدا دەریان بکات، کە ئەمەش بە هاوکاری هێزی تورکی بوو کەکاریگەرییەکی باشیان هەبوو لە لەناوبردنی ئەشقیەکان[2]. هەروەك لە پێکداداننێك لەگەڵ ئەشقییەکان (٤) نەفسەریان لێ بریندار بوون بەناوەکانی (مەحەمەد دەروێش، عەبدولڕەحمان مستەفا، نیازی عوسمان، تالب ڕەسول) حکومەتی عێراقی ئەوانی گواستنەوە بۆ نەخۆشخانەی مەلەکی لە موسڵ، موتەسەریفی موسڵ سەردانی کردن و، دیاری (پارە)پێشکەش کردن، فەرمانبەرانی نەخۆشخانەی ئاگادارکردەوە چاودێرییەکی باشیان بکەن و هەوڵێکی زۆر بدەن لە چارەسەرکردنیاندا، لە دوای موتەسەریف، سەرۆکی شارەوانی و کۆمەڵێك خەڵکی موسڵ

---

[1] هاشم شێروانی، س. پ، ل ٢٨٦.

[2] جريدة البلاغ، العصابة تنال مصيرها المحتوم مقتل رئيسها خليل خوشوى و(١٨) من رفاقة، القبض على (١٨)، ع: ٤٦٦، ١٧ آذار ١٩٣٦.

سەردانیان کرد چەپکە گوڵیان پێشکەش بە هەریەکێکیان کرد، ئەوانیش بەسوپاسەوە گوڵەکانیان وەرگرتن[1].

بەڵگەنامەکانی بەریتانیش ئاماژە بۆ هەمان ڕووداو دەکەن و دەڵێن "بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەوانی چوار سەربازی تورکی کە لە دوا بەیەکدادانەکاندا بریندار بوون، هێنران بۆ نەخۆشخانەی موسڵ بۆ چارەسەرکردن. ئەوان زۆر بەباشی مامەڵەیان لەگەڵداکرا، هەروەها هەریەکە موتەسەرف و موختار سەردانیان کردن.[2]

هاوڕێیەکی خەلیل خۆشەوی بەناوی (فارس ئاغا حاجی کانی بوتی) بڕیاریدابوو خۆی بدات بەدەست هێزەکانی حکومەتەوە لەگەڵ هەندێك لەهاوڕێیەکانی لە ٤/٤/ ١٩٣٦ لە ڕۆژی شەممە ناوبراو لەگەڵ (١٠) کەس بە چەکەوە خۆیان دا بەدەست هێزەکانی حکومەت لەبنکەی (ڕێزان) لە ناحیەی مێرگەسور، لەمکاتەش دا حکومەت ڕایگەیاند کە هیچ کەسێك لەئەشقییەکان نەماوە، ئەوەی ماوەتەوە (عەبدوڵڵا کرکەموویی)یە، لەگەڵ (٥) کەس، ئەوانیش بەپێ ی زانیارییەکان لەخاکی عێراقدا نین، بەڵکو چوونەتە ناو خاکی تورکیا لەناوچەی شەمدینان[3]. دواتر لە (٢)ی تەمموزی ١٩٣٦ عەبدوڵڵا کرکەموویی و پێنج کەسە هاوڕێیەکەی خۆیان ڕادەستی جێگری قایمقامی قەزای زێبار کەدوا کەسی ئەشقییەکان بوون، بە ئەمانیان ئارامی گەڕاوەتەوە قەزای ناوبراو[4].

پەیوەندی کردنی حکومەتەکان (تورکیا و عێراق) لەهاوکاری هێزەکان و داخستنی سنور، کاری شۆڕشگێڕانی گرانکردبوو[5]. وە پەیوەندی کارگێری و سەربازی نێوان موتەسەریفەکانی

---

[1] جريدة البلاغ، جرح أربعة جنود من المفارز التركية التي أشتركت في مطاردة العصابة التي قضى عليها فاحضروا إلى المستشفى الملكي في الموصل، ع: ٤٦٦، ١٧ آذار ١٩٣٦.

[2] Coll 17/10(1) 'Internal: political situation; relations with HMG' [148r] (300/982), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2860.

[3] جريدة البلاغ، تسليم أشقياء آخرين عودة القوات الاضافية في قضائي الزيبار والعمادية، ع:٤٧٢، ٧ نيسان ١٩٣٦.

[4] جريدة البلاغ، قطع دابر الشقاوة من قجاو الزيبار تسليم الشقي كركمو ورفاقه للسلطة العراقيه، ع: ٤٩٦، ٣ تموز ١٩٣٦.

[5] شكيب عقراوي، سنوات المحنة في كردستان: أهم الحوادث السياسية والعسكرية في كردستان والعراق من ١٩٥٨ الى ١٩٨٠، أربيل، ٢٠٠٧، ص ٤١٧.

موسڵ، هەولێر، کەرکوك کاریگەری خۆی نواند بەسەر شۆڕشگێڕان کە لە ناوچەی بارزان دەرنەچێت[1].

بەمجۆرەش کۆتایی بەجوڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی هات کە بە هاوکاری هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران ئینجا حکومەتی عێراقی توانی ئەم جوڵانەوەیە کۆتایی پێ بهێنێت کە ماندووبوون و سەرئێشەیەکی زۆری بۆ حکومەتی عێراقی دروستکردبوو لەلایەك لەلایەکیتریشەوە حکومەتی بەریتانیش بەردەوام گرنگی بەم کەیسە دەدا و هاوکاری تەواوی حکومەتی عێراقی دەکرد، چونکە خەلیل خۆشەوی داواکراو و تاوانباربوو بە کوشتنی پۆلیسێکی ئاشوری. هەربۆیە ئەگەر سەیری ئەرشیفەکانی عێراقی و ئێرانی و تورکی و بەریتانی بکەین، ئەوا بۆمان دەدەکەوێت کە خودی خەلیل خۆشەوی و جوڵانەوەکەی جێگای بایەخ و سەرنجی ئەو دەوڵەتانە بووە، هەروەها بەهێزبوون و مانەوەی خەلیل خۆشەویش لەبەرژەوەندی هیچ کام لەو دەوڵەتانەدا نەبووە. هەرچەندە بە کوژران و کپکردنەوەی جوڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی ئەوا بارزان بەتەواوی کۆنترۆل نەکرا لەلایەن حکومەتەوە، بەڵکو دوای کەمتر لە حەوت ساڵ، ئەوا بۆ جارێکیتر شۆڕشی دووەمی بارزان بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی سەریهەڵدایەوە، کە ئەمەش دەریدەخات هێزی بارزانییەکان وەکو بەشێك لە تەریقەتی نەقشبەندی، گرنگی بەهێزی نەتەوەیی و ئازادی کوردستان داوە، چونکە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تەکیەی بارزان لە هێزی نەتەوەیی و سەربەخۆخوازییەوە بە کردار بەرەو نەتەوەخوازی و سەربەخۆیی کوردستان هەنگاوی دەنا، کە بۆ ئەمەش شۆڕشی دووەمی بارزان و دواتریش کۆماری کوردستان باشترین بەڵگەن.

---

[1] إسماعيل شكر رسول، آربيل دراسه تاريخيه في دورها الفكري والسياسي ١٩٢٩-١٩٥٨، السليمانيه، ٢٠٠٥، ص ٥٤.

## ئەنجام:

لەئەنجامی نووسینی ئەم کتێبە و بینینی بەڵگەنامەکانی بەریتانی لەبارەی خەلیل خۆشەوییەوە، ئەوا دەگەین بە چەند ئەنجامێك، لەوانە:

یەکەم/ خەلیل خۆشەوی و بنەماڵەکەی پەیوەندییەکی بەهێزییان لەگەڵ شێخەکانی بارزان هەبووە. بەتایبەتی خودی خەلیل خۆشەوی یەکێك بووە لە کەسە هەرە نزیك و متمانە پێکراوەکانی شێخ ئەحمەدی بارزان.

دووەم/ خیانەتی (کەلحێ ئاغا) لە خەلیل خۆشەوی بووە هۆی کوژرانی، کە ناوبراو سێ جار خیانەتی لە خەلیل خۆشەوی کردووە، یەکەم: بەڵێنی پێداوە کچەکەی بداتێ، بەڵام نەیداوە، دووەم: بەهاوکاری حکومەتی هێرشی کردۆتە سەر گوندەکانی ژێردەستی خەلیل خۆشەوی لە دەڤەری مزووری باڵا، سێیەم: ئاشکراکردنی شوێنی خۆحەشاردانی خەلیل خۆشەوی بۆ حکومەتی عێراقی لە پێداو پێدانی بڕێك پارە.

سێیەم/ حکومەتی بەریتانی هێندەی گرنگی بە خەلیل داوە بەهۆی کوژرانی پۆلیسێکی ئاشوری، هێندە لەبەر سەرکوتکردنی جوڵانەوەیەکی کوردی لەناو خاکی عێراقی نەبووە.

چوارەم/ جوڵانەوەی خەلیل خۆشەوی درێژکەرەوەی شۆرشی شێخ ئەحمەدی بارزانە و بەڵگەنامەکان پیشانی دەدەن کە هەمیشە بە ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی شێخ ئەحمەد جوڵانەوەکانی لە کوردستانی دیوی تورکیا و عێراق ئەنجامداوە.

پێنجەم/ جوڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی کاریگەری و مەترسی لەسەر حکومەتی تورکیاش دروستکردبوو، هەربۆیە هەماهەنگی و هاوکاری تەواوی حکومەتی عێراقییان کرد لە سەرکوتکردنەوەی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی.

شەشەم/ سیاسەتی ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکان و برسیکردنی خەڵکەکە یەکێك بوو لە بەهێزترین ئەو چەکانەی کە حکومەتی عێراقی لەدژی جوڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی

بەرکـاری هێنـاوە، چـونکە ئەمە وایکـرد ژمـارەی لایەنگرەکـانی کەمبێـەوە و برسـێتی و ماندووبونێکی زۆربەسەر خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی هات.

# لستی سەرچاوەکان

## بەڵگەنامەکان:

### بەڵگەنامەی بەریتانی

